رۆمانێکی کورتە

# سوتانی بەفـــــــــــــــر

نوسینی : شێرزاد هەیـــــنی، سویـــد
heinisherzad@hotmail.com

www.Kurdistannet.org

- سوتانی بەفر ...
- ( کەمپ )
- کورتە ڕۆمانە
- نوسینی : شێرزاد هەینی
- سوید: ساڵی ٢٠٠٢

www.Kurdistannet.org

# پەیڤێك .....

کەسەکانی، ناو نوسینەکە راستەقینەن. هەموویان هەبوون. زۆرتربوون. کەمتر نەبوون ..!!
ناوەکان، ناوی راستی یان خواستراون ..!!
کەمپەکە، لەسەر نەخشەی ئەم ئەوروپایە بەرین و ساردو گەرم و رووت و جوان و کەسك و ناسك و مرۆڤدۆست و نەیارەدا هەن ..!!!! زۆرن، پڕن، زۆربەیان، هەرکوردبوینە، کورد لێرە زۆرینەیە.
لەو ولاتانەدا، گێڕانەوەو نوسینی تۆمارو بیرەوەری ئەدەبێکی دەولەمەندە. زۆرن ئەو بابەتە ئەدەبە سادەیە دەنووسن، ئەوەش زۆر دەگەێنێ. سەفەری بۆ دەکەن، ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. زمانی بۆ فێردەبن، مێژووی بۆ دەخوێنەوە، جوگرافیای بۆ تەماشادەکەن، پارەی بۆ سەرف دەکەن، پارەشی لێ قازانج دەکەن. وردو جوان دەچنە ناو کەسەکان، راستگۆیانە دەینووسن، ترسیان نیە، هەرەشەیان لێ ناکرێت، هەرەوەها خوێنەریان هەیە، ئەوەش زۆر گرنگە ..؟؟!!
زۆرن، ژان و تاڵ و شیرینی و نەریت و بیروباوەرو بۆچوون و ئاکار، دۆسیەی زۆر خەڵك تەماشادەکەن و بڕوای پێ دەکەن، دەست خۆشی لە نوسەرەکەی دەکەن، سینگی بۆ دەکەنەوە، دەفتەرەکان و دۆسیەکانیان لەبەردەم ڕێزدەکەن.
ئەم بەرهەمە بە کارو نوسین و رەشنووسی و ماندبوون و بیرکردنەوەی، بە یەك ساڵی تەواو، تەواو بووە. واتە یەك ساڵ تەمەنی لێ سەرفکراوە.

سوید / کۆتایی ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org

# بەشی یەکەم

پاسە کورتە سپیەکە، بە نەخشەو ژمارەکانی ریگا، ئەوانی برد. شار بە شار، دەڤەر بە دەڤەر گەران، زۆر سورانەوە. ئێوارەیەکی درەنگ، هەمووانی لە تلبەندێکی کۆن و لاچەپاکرد، لەناو کەمپێکی کۆنی کردن. بە دەوام راگەیشتن، کاربەدەستان و کوردەکان لە چاوەروانیانداب‌وون. دەیانزانی ئێوارە ئەگەر درەنگیش دابێت دێن، دەیانزانی سەعات چەند دەگەن. مامۆستا دڵشادو برادەران دوو رۆژبوو، پێیان وتبوون:

شەش عیراقی دێن، پێنجیان کوردن، یەکیان عەرەبە.

ژوورەکەی بەرامبەر ئەوانیان بۆ دانابون. ئەوان و بەرپرسەکان ئامادەو چاوەروانبون. ئیدارە، لیست و شەرشف و قاپ و قاچاغ و بەرگەلێف و بالیف و کلیلی ژوورو دۆلابی و پارەی و شتی تری بۆ دانابون.

ماموستا دڵشادو برادەرە کوردەکانی تر، ژەمێکی چەورو بیرەی ساردو مێوەیان ئامادەکردبوو. ئەوانیش چاوەروانبوون.

سەعات دەوروبەری چواری ئێوارە، یەك یەك، دەست بە جانتا، ماندوو، ئاکار نوێ، چاوەروان و شەکەت دابەزین..

ماموستا ( دڵشاد ) دەستێك تراکسوتی سووری تەنیشت سپی لەبەردابوو.

( ئاراس ) بە شۆرتێکی سوری و تیشێرتێکی سپیەوە، ( حەمید ) یش دەتووت تەیرەو باڵکراوە، کاکە ( موحەمەد ) بە پانتۆڵێکی خاوێنەوە، ( سۆران ) هەموو کوترانەکانی شان و پیلی دەخوێندرایەوە. ( ئازاد ) بە گەرمی و روو بەخەندەو …… ریز راوەستابوون.

پاسەوان بوون، چاوەروانی پشکنینی ئەفسەریان دەکرد. ئەوانیش ئەسیرن و هاتونەتە ناو ئەو کەمپە….! ئەو کەمپەی، جاران، ئاوا پێشوازی هەزارەها ئەفسەرو ئەسیری کردووە .!! ئەو کەمپەی هەر نواو حەشارگەو زیندان و تاراوگەو نەخۆشخانە بووە ..!!

خێرهاتنیان کردن. دەستیان گوشین، زوو بە ئاگارو دەست و روومەت و هەنگاو و ...... دلۆڤانی خۆیان راگەیاند. پێیان وتن:

لەسەر چاوان هاتن، ئێمە ئامادەیین، چیتان ویست، هەموو ئاسانکاریەکانتان بۆ دەکەین......!!

بەو سلاوو وەرگرتنە، ماندووبونەکەیان رەوییەوە، ئارەقەیان وشکبۆوە، شانیان سووك بوو، خەمیان کەمتر......!!

هەر زوو یەك دووانیان ( دلێر ) یان ناسی، یان دلێر ئەوانی ناسی. ئەو دەیووت:

ئەوەی خەڵکی شار بێ من دەیناسم..!! خەمی هیچتان نەبێ، هەر ئەوەندەم زەحمەتە، تا چاوم بە چاویان دەکەوێت. تا زمانم دەگەڕێت. کەس هەیە، لەم شارەماندا، لەم هەموو رێگاو بانەیدا، من لەم ژیانەی خۆمدا بڕیومە، هاورێ و هاوشانم نەبوبێت ... یان بە منالی، لە پۆلەکانی مەکتەبا، لە مانەوەی چەند ساڵەی یەك پۆلیمدا، ئەوەی لێم نەدابێت، شەڕم نەکردبێت، یارییم لەگەڵی نەکردبێت...!! کەس دەربازی نابێت. ئەگەر بە منالی نەبێت، ئەوا بە گەورەیی، بە عەسکەریی، بە جاشایەتی، لە رۆژانی فیراری گوندەکان. یان ئەو چەند مانگەی بە مەفرەزە گوند گوند گەراوم، زیندان نەماوە من نەمدبێت، کۆلان، کۆلان، شەقام شەقامی ناو کوێت گەڕاوم، ربیە نەماوە سەرنەکەوتبم، جا چە بە جاشایەتی، یان بە پێشمەرگایەتی، بە فیراریی، بە گەڕان و بە کارو کاسبی......!! زۆر گەراوم.....!!!!! هەموویان دەناسم.! لەو تەمەنەی وا بەرەو سی سالێم دەبات. شوفێری تاکسی و پاس و زیل و لاندکرۆزرو تراکتۆر بویمە. کرێکاری دیوارو نەجارو ئاسنگەرو بەردو دارم کردووە. چەکداری، لە هەموو جۆرەکانی، لەسەر ئیشی چاك و خراپ گیراوم، ماندوو بوم ... پارەم هەبووە، پارەم دزییوە، نوێژم کردووە، هەزارجاریش کفرم کردووە.

❊❊❊

بەرزاییەکان، شەقام و کۆلانەکانی پیادەو سەربان و سواندەکان، هەموو سپی دەچوون. لەناو ئەو ئاسۆیە سپیەدا، لەگەڵ بووکی شەوی کریسمیسدا ( هەڵکەوت )، هەنگاوەکانی ناوی بەفری دەژمارد، هێدی هێدی، کاتەکانی خۆشی و پیرۆزی ئەم سەرە ساڵەی

www.Kurdistannet.org

دووباره رۆژ بێتەوەو دوایی شەوو پاشان..... دەرۆیشت. هەنگاوەکانی قوورس، لەم هەنگاوە شەکەت و سپیانەی ناو بەفری خەوتوو، لە سەر بەفری لووس، هەمووانی لەبیربوو. یەك یەکی دەژماردن، قسە خۆشەکانیان، ئاکارە نامۆییەکانیان، هەمووی لەبیر ماوە..

ئەگەر ئێستا دلێرە شێتم لەگەڵ بوایە، لە گەڵ ئەو بەفرە ناسکە خەوتووەدا، شەڕی دەکرد. ئەو وابوو، حەزی لە ڕکەو ململانێ بوو. شەیدای هەورازو بەرزایی و سەرکەوتن بوو. بە ڕاستەرێدا نەدەرۆیشت..!! تۆپەلە بەفری خردەکردەوە، لە گلۆپەکانی دەگرت، لەو باڵندە ڕەشانەی سەر ئەو لوتکە بەرزانەی ئەو ئاگردانانە دەگرت ..!

عەلی لە خەو ڕادەهەژاند، بەبێ ئەوەی دەموچاوی بشوات، بەبێ ئەوەی چاك خۆی بپێچێت، بەبێ ئەوەی بوار بدات و بپرسێت، دەیهێنا. تا توورە دەبوو، تا جنێوی دەدا، لەناو ئەو بەفرەی دەگەوزاند، لە کۆڵی نەدەبۆوە، ماندووی دەکرد، سڕبوونەکەی بەئاگادەهێنا، بەقسەی دەهێنا. دەرۆیشتن و دەبوایە چەند جاران عەلی توورە کردبایە. عەلی بەڕاستی گەنجێکی زۆر نامۆبوو، لەو تەمەنیدا لە دایکی دوور نەکەوتبۆوە. بۆیە لەناو هەموو ئەندامی خێزانەکەی ئەو نەك خوێندنی تەواو نەکردبوو، نەچوبووە مەکتەب. لە ماڵەوە، هەر لە کۆشی دایکی هەڵنەستابوو، بۆ مەکتەبیش نەچووبوو. ئەو ساڵ نا ئەو ساڵ، هەر نەیانبردبوە بەرخوێندن. بەردەرگای حەوشەی خۆیانی بە تەنیا نەدیبوو، دوور نەکەوتبۆوە.

هەڵکەوت لە گەڵ سەمای بەفرو ڕۆیشتنی بە ڕووی زریانەکەدا، گوێی لێبوو، بەفرەکە دەنگی دەهات.

( تۆ شووشەی شەرابی کۆنت ژەنگی گرتووەو سەرەکەی نابیتەوەو بەدوای شووشەیەکی ترا شەیدایت...!! ).

( تۆ دوا قومت هەڵگرتووەو هاتووی هەناسەیەك وەرگریت..!!؟؟ ).

( تۆ لەگەڵ سەمای ساردی منا لەو بیابانە ساردەی بەفرا بەدوای چی وێلیت..!! ).

تەنیایی و کەردەلوولی تەنیایی من نەتبەستێت..! ).

( تۆ ناترسیت ئەوەندە چاوت دەگەزم، کەپووت دەگەزم..!! تۆ ناترسیت، ڕێ گەرانەوەت لوول بدەم و گومت بکەم..!! بگەڕێوە ئەو گەرمایەی ماوەتەوە فڕی کە..؟؟ ).

( با هەموو ئەوانەی لە ناو بۆشایەکانت ماون گوم و نامۆ نەبن، بەیەگجاری تەنیا بیت ..!! تۆ سەرسامی و چاوەڕوانی چی، چی لە ئاسۆی ساردی من دەدۆزیتەوە..؟؟!! ئەدی نابینی ئەوا چەند هەیڤ و هەفتەیە ئەوانە تەماشای ئاسمان دەکەن ، چاوەڕوانی منن...! ئەوان شەیدای بەفری سەری ساڵن، تا زۆرتر بۆ گەرمبونەوەی لەدایکبوونی خەونەکان رابێن..! نازانی، من بۆ ئامێزی ئەوان، ئارام و مەستی و خەوو خەون و نۆشم هێناوە .... ئەدی فێرنەبووی، چەند رۆژە نابینی، وا بە شان و باڵ و ئامێزو کۆشە ناسکەکانیانەوە منیان بارکرد، منیان کـــــــڕی ..!! تۆی تەنیا لەوان دەگەڕێت .... ناویان بە چەند زمان، تەنیا بە کوردی نەبێ نەنوسراوە. ناویان گۆڕاوە، رەچەلەك و ناوی شارو گەڕەك و باب وباپیرانیان گۆڕییوە..!! بگەڕێوە، لەناو تەنیایی سپی منا، رەش هەڵدەگەرێت. من سپیم و دەست و پەنجە دەسوتێنم، من بەقەد ئاگر گەرمم لۆ سوتاندن. نەك بۆ گەرمکردنەوە. من بۆ دیمەنەکانی ناو فیلمەکان جوانم. من بۆ مەستی ئەم چەژنە جوانم، من .......!! ).

( چی دەکەیت، کێت ونکردووە، کەست پێ نادۆزرێتەوە......؟؟! ئەدی نازانی عەلی، دەیووت، من فێرکراوم، من نازانم دوور برۆم، من لەبەر دەرگا شینە گەورەکەی خۆمان دوور نەکەوتومەتەوە.!! هەموو جارێ دەیووت، نارۆم، رەفزم وەرگرتووە نازانم مانای چییە ..!! هێشتا دەیووت، نازانم دووربکەومەوە، سەد شاخ و دەریاو دەریاچەو رووباری بڕیبوو، دەیووت، نازانم لە ماڵەوە دووركەومەوە، خودا دەزانی ئێستا کێندەرێ کردیتە ماڵی خۆی، بگەڕێوە کەست پێ نادۆزرێتەوە ......!!؟ ).

باڵندە رەشەکانی سەر تێلەکان، سەر ئاگردانە خشتیەکان، سەر سواندە بەرزەکان، رەش دەچوونەوە. بە تۆیان ووت:

www.kurdistannet.org

سپیمان ناکات، کە دەجولێن، کە باڵمان سەمادەکات، کە دەنووکمان بەرەو رووی بەفرا قیت دەکەینەوە، دوور دەکەوێتەوە، دەفرێت، بەفر گەرم دەبێت و دەتاوێتەوە... کە رووح هەناسەی دا، کە خوێن کۆششی کرد، کە چاو نیگای کرد، کە بەرز فرین، ساردی و دەریاو ئاسمانی بەفر دەرەقەتمان نایێت....!!!!!

( ناخۆیتەوە، لەناو ئەو بەهەشتە مەستەدا، کە جۆگەی شەرابی پێدا گوزەر دەکات، فریشتە سەمای حەزو سوتانی تێدا دەکات، تۆ ناخۆیتەوە، کە ناخۆیتەوە، لەو دەڤەرە چی دەکەیت... بۆ ناگەرێتەوە ناو سوتانی نوێژەکانت و مەست نابیت. ئێرەو ئیمرۆ، رۆژو شەوو کاتی تاوانەوەیە، هەموو بەیەکەوە دەتاوێنەوە، جەستە ساردە دوورەکان، نامە زیزەکان، دەستە لەرزۆکەکان، ئیمرۆ لەناو یەکدا دەمارەکانیان دەچنەوە ناویەك. بەگوڵ و نامەو دیاری و شەراب و سوتانی مەستی دەچنەوەوە ناو یەك. برۆ پێکی شەرابی خەست و نوستووت بەئاگا بێنە، برۆ بزانە عەلی خۆی و سازەکەی لە کام کەمپی تەنیایی خەوی لێکەوتووە..! بەئاگای بێنە، با دەنگ هەڵبڕی، گۆرانی سوتانی خەمت بۆ بڵێت، تۆو ئەوو ئێوە بسوتێن و ئێمەش بە گەرمی ئێوەو شەرابە کۆنەکانتان گەرم دەبینەوە. بە ترێ و خورماو هەنارەکانتان شەرابمان بۆ دروستکراوەو ئێمەش ئەم شەوو سبەی شەوو دوو شەوی تر ساردی دەکەین و هەناومانی پێ گەرم دەکەین .... سۆزی پێ دەجۆشێنین .......!!!!! ساردی پێ گەرم دەکەین...!! شەراب ئاگردانە، شەراب مێوانی ئەزیزە، لە هەموو جامخانەیەك بەنازەوە هەڵگیراوە، هەموو گلاسە وەنەوشەیی و ناسکەکان چاوەروانی ئەم سات و شەوو رۆژانە دەکەن، تا هێدی هێدی بە گەردەنە ناسك و نەرم و ئارمووشانەدا شۆرببنەوە....! ).

قەدی ئەستووری دارەکان، بە باری ساردی بەفرا چەمابونەوە. لقەکان ببونە تیرو بەرەو رووی دەهاتن، لە چەندیان خۆی بپارێزیت... ئای دلێر ئێستا نزیك بوایتە هەمووت لێ دەپارست. بەفر هەموو شتەکان دەشکێنێ، تەنیا ئەو باڵندە رەشە روو قایمانە نەبێت، ئەوان دەجولان، ئەوان دەنووکیان دەجولا، خوێنیان دەجولا، بەفر سەری سپی نەکردبون.! دلێریش وەك ئەو باڵندانەیە، تەڕنابێت، سەرمای نابێت، ناگەرێتەوە....!!

www.kurdistannet.org

کوڵەکان جوانن و نیگا لە هەموو چاوو دیدەیەك دەکەن.

ئای عەلی .. دەبیٚ لە کیٚ بیت ...؟؟ لە کام هەوار لەم رۆژە گەورەیەدا خەوت لیٚکەوتووە ... تۆ وا بووی کە ئاوەدانی هەبوایە خەوت لیٚدەکەوت، تۆ ئاوەدانی دڵی توندو سەخلەتی دەکردی. تۆ لیٚرە بوایت، ئیٚستا بە تۆبزی سازەکەت لەناو دەستی دەنراو پەنجەت بۆ تارو ژیٚیەکان دەبرد، قورگتیان دەکوشی و ئاوازی سوتان و حەزیان لە هەناوت دەردەهیٚنا .....

ئای عەلی، نەمزانیوە تەنیایی ئاوا فیٚری ئاوازی کردبیت، لە ژووریٚدا چۆن ئادەمیزاد فیٚری خۆشەویستی چرینی ستران و ئاواز دەبیٚت ..... بەراستی گەنجیٚکی نامۆ بویت ..... دیارە کۆشی دایکی، سینگی دایکی، لایلایەکانی فیٚری کردویت. وا دایکت لە شوقەیەکی پیس و تاریکی ناو قەرەبالغی ئەستنبۆل جیٚهیٚشت و چاوەروانی کیٚسەکەی بەردەم کارمەندانی ( یوئیٚن ) دەکات. کەس نازانی چارەنووسی کام دوورگەو کام بیابانی گەورەو فراوانی ئوستралیایە .. یان کام دوورگەی سەر نەخشەی نیوزیلندەیە ......!! رەنگە لەهەمان ولاتا بیٚت و تۆ نەزانی، نزیك خۆت بیت، تۆ نەزانی ئیٚ خۆ تۆ خویٚندەواریت نیٚیە، تا بزانی شارەکەت ناوی چیٚیە.. کەوتووەتە کام سوچی ئەم ولاتە، کام هیٚلی قەتارو پاس بۆی دەچیٚت ..... بەوە هەست دەکەیت، ئەگەر دەستت بۆ سازەکەت بچیٚت و قوورگت بۆ چرین، بەوە ئەگەر بزانی دایکت چەند دوورە.!! لە کام کەمپە، لە کام شارو گیرساوەتەوە، ئیٚستا هەر وتویوتی، بمنیٚرنە ئەو ولاتەی عەلی کورمی لیٚیە .....!!

( من پەنابەری و مافەکانم دەویٚت، ئەگەر عەلی پرچ رەشەکەم لەتەنیشتم بیٚت...!! من چیم لە گەران و هەناسەیە، بیٚ ئەو کورە، ئەو هەر منی لەو دونیا گەورەیەدا دەناسی، ئەو کەسی تر نانسیٚ..!! من و سازەکەی، من و ئاوازە بە خەمەکانی ...!!! ).

ئەوانیش پرسیاری ئەوەیان لیٚکردووە، ئیٚ باشە، رەنگە بگونجیٚت، بلٚیٚ، ئەو لە کام ولاتە، لە کام شارو کەمپ و ئەدریسە .....!! تا بۆ ئەو مەبەستە کارت بۆ بکەین ....!! ئەویش بە فرمیٚسك و نوزانەوەو راستگۆیەوە وتویەتی نازانم..!! بروا بکەن، نازانم لەکام ولاتە.. نازانم بەریٚمان کردو رۆیشت ....!! نەگەرایەوە، وەلاٚمەکەی ئەو، ئەوە هەلٚدەگریٚت، بۆ ئەوان ئەوە دەگەیٚنیٚ، یان درۆ دەکات، یان شیٚت بووە، یان فیٚلیان لیٚدەکات ....!! دایك

www.kurdistannet.org

گەرم دەچڕیت و هەواڵی دایکی و سوتانی نازانی ...!! یان چۆن دەبێ، کەی روویداوە دایك ئەم جۆرە کورە بەرەڵا بکات. کـــــێ بروای پێدەکات..!! عەلی بە دایکی نادۆزرێتەوە، دایکی لەبەردەم کارمەندان و وەرگێڕەکانا نوزایەوە، ناچار بروایان پێکردو عەلیان بۆ نەدۆزرایەوە، عەلی بە دەزگاکانی جیهانی ( یوئێن ) نەدۆزرێتەوە، هەڵکەوت، بە تەلفۆنەکەی تۆ کە چاوت بریوەتە ژمارەی دەقیقەکانی دەدۆزرێتەوە..!! بە خەیالی گەرمی ناو ئەو بەفرە ساردە دەدۆزرێتەوە .....!! کێسی سوتانی دایکی نەیدۆزیەوە، تۆ دەتوانی ...! تۆی هزر ئاڵۆز، تۆی ماندوو ....!! ئەگەر عەلی لەگەڵ ماڵەوەیان پەیوەندی هەبوایە، ئەوە بێگومان خوشکە ناسیارەکەی، ئەوەی لە دائیرەکەی ئەو ئەندازیاربوو، ئەو ژنە بەژن منارەیە، چاو ئەستێرەیە، بە تەلفۆن لە هەڵکەوت دەپارایەوە، دەنوزایەوە، دەیووت:

ئاگات لەو برایە نازدارەمان بێت، چاوت لەو بەستەزمانە بێت، دەپارایەوە، تۆ فریشتەی بۆ ئەوان پەیدا بویت ....!! تۆ دەستێ بویت ئەوت لەو زەلکاوە شین و قوولە دەربازکرد. چیتر دڵمان پێوە نییە ...! دەبێ وەك براو کوڕو کەسی خۆت تەماشای بکەیت ....!

تۆ ئێستا کارت بە عەلی هەیەو ئاوازت بۆ بلێتەوە. ئەو بۆ دایکی سازی دەژنی، دوایی بۆ تۆشی ژەنی، تۆو دایکی وەك یەك خۆش ویست .....!! دایکی پیرەژنێکی تەنیایە، لەو جیهانە بەرینەدا گوم بووە، لە عەلی دەگەرێت ..!! کیژی گەورەی زۆر لە ئەوروپا ژیاوەو فێرەو دوایی گێژاوی مێردو مناڵەکانی نەك عەلی و برا نازدارەکەی، هەموو دونیای لە بیربردیتەوە. گومان لەوەشدا نییە، خوشکە مامۆستایەکە لەو هەوارو کاروانە دوورانەدا شوویکردووە، هەردوو براکەشی بەدوای کێسەکانیان وێل و شەیدابون. هەڵکەوت و دایکی وا ئیمرۆ کاریان بە عەلیەو بەداوی شەیدان ...!!

نەخۆشی و تەمەن و ماندووبون، زوو مێردەکەیان کوشت. کیژە گەورەکەی کە خوێندنی لە ئەوروپا تەواوکردو گەرایەوە ناو نامۆبوون و ناو جیهانی (کامیل) ی مێردی و هەردوو مناڵەکەی، بە تەنگ دایکیەوە نەهات. رۆژ بە رۆژ دوور دەکەوتەوە. ئەوانی تریش هەموو دوور کەوتنەوە. ئەویش عەلی بەرخۆلەی لە ئامێزگرت. تەنیایی و تەمەن و لە ترسی مردن

www.kurdistannet.org

دەکریاو دەکولا.

عەلی رەوانەی کۆلاّن و ناو منالاّنی کۆلاّن و مەکتەبی نەکرد. چاوی هەر لە خشپەی پێی بوو. وا ئیمرۆ لەسەر سنووران و لەناو دەریای ( ئیجە ) دا بەرەلاّیکردووە.... لەو کەمپەدا جیهانێکی زۆر تایبەتی دەژیت، بۆ خۆی و سازەکەی دەژیت. جارجار دەلاقەی دەنگ و جیهانەکەی لە هەلّکەوت دەخستە سەرپشت. دەرگا داخراوەکەی هێدی هێدی کردەوە. دوایی بۆی خستە سەرپشت. ئەو چووە ناو جیهانەکەی. بووە تەلێکی سازەکەی، ئەویش بووە دایکی دووەمی. ئەدی کێ دەبێتە عەلی دووەم بۆ دایکی. دەبێ ئەویش لە کەمپێك، لەو هەوارە بزرو دوورانە ( عەلیەکی ) بۆ درروست ببێت. دەبێ کەسی دۆزیبێتەوە، دەبێ چەند کەلّەقامیش و تارو تێل و داوی دەستکەوتبێ تا سازێکی بۆ بسازێنێ ..!؟؟ دەبێ لەم جیهانە گەورەیەدا ( عەلیەکی ) تر هەبێ تا ببێتە کوری ئەو پیرەژنە داماوە ..!!؟؟ دەبێ سازژەنێ هەببوبێت ..؟؟!! خەم و تەنیایەکانی ئەو داماوە بەرەوێنێتەوە...؟؟

ــ دلێر، وازی لێ بێنە، ئەوە عەشق، فێرە ساز ژەنینی کردووە..!

ــ ئەوە شێتە..!!

( بەنەرمی و بە شەرمەوە هاتە وەلاّم، پشتی بە هەلّکەوت بە قوەت بوو، ئەگەرنا جورئەتی نەکرد وەلاّمی ئەو دلێر شێتە بداتەوە. ئەو وەلاّمی کەسی نەداوەتەوە. رووبەرووی کەس نەبویتەوە. تەقەی بەکەس وەنەناوە..!! ئەو بە ئاوازو گۆرانی و دەنگی هێمن ئاخاوتنی لە گەلّ دایکی نازداری بووەو بەس ......).

ــ من شێت نیم، من بۆ خۆشەویستی دایکم دەچرم، بۆ ئەو تارەکان دەهێنمە هەژان و سەرچۆك. من کە بۆنی سوتان و دووکەلّی هەناوی دایکم دەکەم، بەو سازە وەلاّمی دەدەمەوە.. تۆ، شێتی بۆ دایکت دەگرییێت، کە سەرخۆش دەبی، کە کەر دەبیت، کە خۆت زامدار دەکەیتــ..!! تۆ لە شێتی و بە سەرخۆشی دایکت لەبیرە، من هەموو دەم، من خۆشەویستی دایکم بە ئاوازی جوان وەلاّم دەدەمەوە، جوانی و نازو ناسکی جوانی و نازو جوانی دەوێت .....؟؟!!!

ــ بزانە، گوێ راگرە مامۆستا هەلّکەوت، چۆن ئەو عەلیە عەلەشیشەت، فێرە قسەکرد..!!

www.Kurdistannet.org

پشتی دەکرت، دەسکەکەی خواردەبوو، کە چاوی کەم بینادەبوو، تارەکان ئەستوورو ناساز دەبوون. سازەکەی لە سوچێکی بەرزی ژوورەکەیان هەڵدەواسی، هەر تەماشای دەکرد، بەوە دەیزانی تەندروستی دایکی چۆنە. ژان لەکام بەشی جەستەی ماندوویەتی، ژانی هەردووکیانی دەناسی.

***

کەوتنی کلۆ بەفرێك، خشینی و ترپەی کلۆیەکی تر، یان خلسکانی لەسەر شەختە لووسەکە، هەڵکەوتی هوشیارکردەوە. ئەوە سێ ساڵ رابرد، تۆ خۆت چەند ولات و شارت کردووە، چەند ژمارەی ئەدرێسەکانت گۆڕا ...!! نازانی بەهەمان پێچە رێگاکاندا بچیتەوەو لەسەر شوێنەوارەکەتدا بگەریتەوە تا دەگەیتەوە عەلی. خۆ ئەگەر ئەو تا ئیمرۆ خەوی لێکەوتبێت. تا ئیمرۆ دایکی نەدۆزیبێتەوە، نەچوبێتەوە کۆش و باوەشی نەرمی دایکی، یان لەگەڵ تاری سازەکەی نەپچرابێ .!! شنەی بایەك، وەرینی ملیونەها گەلای پایز ئەویشی نەوەراندبێت ..!! چۆن لەناو ئەو هەموو شوقەی کوردە ئاوارانە عەلی دەدۆزیتەوە، چۆن ..!!

خەم لە عەلی مەخۆ، لە هەر هەوارێك بێت. ئەو، کۆنە سیاسیەك، عاشقێکی شێت، شەیدایەك دەبێت کۆنە سازێکی بۆ بسازێنێ. خەمی ئەو دایکە بەستەزمانەت بێ. ئەگەر هەموویان لە کۆنە شوقەیەکی شێدارو دەرگا شکاوی بێ پەنجەرەی ئەستنبۆل بە تەنیا جێیان هێشتبێ ..!! ئەو کەس سازی بۆ ناژەنی، ئەو تەنیایەو چاوەروانی هەوالی عەلیە ..!! عەلی تەنیا نیيە، سەرخۆشێك، سەرشێتك، دۆڕاوێك، کابرایەکی ناسك، یەکێکی لێ پەیدا دەبێت، بتوانێ کۆنە سازێکی بۆ پەیدا بکات و تارەکانی بۆ توند ببەستێت و پەنجەکانی رابێنێتەوە. عەلی عاشقەو زمانی عیشق فێربووە، تەیرێ دەبێ باڵەکانی بۆ بکاتە سێبەرو سایەو ... ئەگەر دایکی لە تەنیایی و بە چاوەروانی و نەخۆشی گیانی لەدەستدابێ، ئەوە پێش رووحدان، دوا وەسیەتی داوای عەلی و سازژەنینی کردووە، وتویەتی:

www.Kurdistannet.org

کۆڕ و تەلقین وناشتنی بەرکەوتبیٚ.! ئەگەر کەسیٚ هەبووبیٚت گویٚ لیٚ راگرتبیٚت. خەمی ئەو کورەت نەبیٚ، ئەو زمانی تەیرو دارو گولٚ و عیشق لە دایکی فیٚربووە. کەسیٚ دەبیٚ گویٚ لە رازو سوتانی ئەو راگریٚت. یەکیٚك ئەو دەدۆزیٚتەوە.

ململانیٚ عەلی و دلیٚر رۆژانەو بەردەوامبوو. ئەو دەیووت، بروا ناکەم ئەو کورە، چاو بەخەوە بزانی یاری بە تارو ئاواز بکات ..! زۆر زەحمەتە، کاریٚکی زەحمەتە، کاری ئاوازو سەمای تار ئەوەندە ئاسان نیٚیە، بروای نەدەکرد، پەنجەکانی پەپولەبن، لەسەر لاولاوی تارا سەمابکەن و چاوی گولٚ بەو ئاوازەی ئەو دەیژەنی بکاتەوە..! دەگەڕا سازیٚ پەیدابکات. پرسیار بەپرسیار، لەلای کوردەکانی باکوور، کە لەکەمپەکەدا ژمارەیان زۆربوو، سازیٚك هات. ئەوان داوایانکردبوو، شەویٚکی درەنگ، ئەو شەوەی ئەستیٚرەکان بواریان لە خۆرئاوابوون وەرگرتبوو، لە خۆشی ئەم ئاهەنگە چاوەروانکراوە بزەیان دەهاتیٚ. رووحی فریشتەیی دایکی ئاگاداری ئەوانی کردبۆوە، هەوالی ناردبوە ئاسمان کەوا ئەمشەو کورەکەی سازیٚ پەیدا دەکات، پەنجەکانی گەمە دەکەن، باسکی رەشبەلٚك دادەمەزیٚنیٚ. دووبارە رووحی ئەو، بە ژەنینی تار، بە دەستی کورەکەی خەنی دەکەن.

ئەو لەو دوورەوە، ئەویش نەیدەزانی چەند دوورە. بە ئاگا هات. زانی سازیٚك گەیشتوتە دەستی و لە ئامیٚزی دەگریٚت و دلٚشادە. بەلاٚم ئەوەی نەدەزانی ئەمجارە لە رقان گۆرانی دەلٚیٚ.. بۆ دایکی نالیٚت، بۆ ئەوە گۆرانی دەلٚیٚ، تا بە دلیٚرو ئەوانی تر بلٚیٚ، خۆشەویستی دایکی فیٚری ئاوازو ژەنینی کردووە. ساز هات، گولینگەکانی سەری دەهەژا، تارەکان، پیٚدەکەنین، نەرم نەرم رایکیٚشا، لە بن هەنگلٚی نا، لەسەر کۆشی دانا، بە چاوانی تەماشای هەمووانی کرد. بە تایبەتی بە چاوو بە پەنجە بە دلیٚری ووت:

وەرە فیٚری خۆشەویستی دایك و ئاوازت فیٚربکەم، وەرە نزیك من، گویٚت لە ترپەی دلٚی دایکم بیٚت، بزانە لە ترپەی دلٚسۆزی دایکی ئەویش ناچیٚ..!!؟؟ دلٚی هەموو دایکیان، چاوی هەموویان، سوتانی هەموویان بەفریش بیٚت دەتاویٚتەوە..!! سازەکە دەگریا، هەلٚدەپەری، پەنجەکان یەك یەك کەوتنە سەما. چاوی دلیٚر لە چاوەکانی تر زۆرتر فرمیٚسکی باراند، زۆرتر مەستبوو..!! سازەکەو عەلی یەکتریان دەناسی، زوو و خیٚرا

www.kurdistannet.org

باوەش و لەبن دەستی ناکەوێتە زیڕەو هاوارو ئەزیەتی نادات. هەر تەماشای کرد، زانی ئەویش وەستایە، ئەویش سوتانی بەفری دیبوە.. زوو دەرگاکەی لەسەریان داخست و ڕۆیشت. ئەم شەوە عەلی دەرکەوت عاشقەو دەسوتێت..!! ئەو شەوە دلێر زانی و تێگەیشت، ڕاستی وتبوو، دایك، هەر شیرو نازو خەون و پەپولەو ڕەوشت نابەخشێت ..... دایك، سوتان و ئاوازو خۆشەویستی، لەگەڵ شیردا، لە زاری مەلۆتکەو کۆرپەو لاوو هەرزەکارو پیاوو .... دەکات. ئەوشەوە عەلی بە تارەکانی سازەکە، بۆ دووری دایکی گریا.!! ئەوشەوە عەلی هەموویانی سوتاند، بەفری شەختەبوون هەموانی سوتاند، ئەو سوتانی خۆی بە ئاوازەکان گەیاندو دلێریش بە گریان، زۆر گریان زۆر گریا...... بۆ دایکی گریا.

سازەکەی عەلی، ژەنینەکەی عەلی وای گریاند، قەت وا نەگریابێ، وەك ئەوەی بیەوێ بە فرمێسك و سوتانەکەی پێ بلێت، وەرە سوتانی من ببینەو تەماشاکەو هەست ڕاگرە .....من نازانم ..!! من فێری گریانی ئاواز نیم، من نازانم سوتانی بەفر چۆنە.!! من بۆ دایکم ناگرێم، من دایکم لە بیر نیە .؟؟؟!! گوێ ڕاگرە، هەستیار بە.....!

ئەوە شەوە عەلی نەنوست، تا بەیانی سازی بووکی، لە ئامێزدا گەرم و توند ڕاژەنی. ئەمشەوە، هەموو هاتن، ئەو ژوورە لاچەپە، ئەو کورە نوستووە، ئەو مردووە بێ ئاگایە، هەموویانی ڕاگرت، هەموانی کردە پاسەوان و خەوالۆو ئێشگگر.. هەموو بونە بت و کرنۆشیان بۆ مۆسیقای عەلی برد. هەموو مجبووری ژەنینی ئەوبون. هەموو ئاوازی دایکیان خۆشویست. شەوی مۆسیقاو دایك بوو. شەوی سوتانی بەفرو ژان بوو.

ساز ماندووبوو، پەنجە ماندوو و شل بوون، عەلی و ئەوان ماندووو بێزار نەبوون. ئەو شەوە ڕۆژی بەدواوە نەبوو. ئەم شەوە ئەستێرەو دارستانەکان نزیکتربونەوە. هاتنە ناو کەمپەکە. لەوەتی ئەو کەمپە هەیە، لەوەتی ئاوارەو کورد هاتونەتە ناو ئەو کەمپە زیندانە، وەك ئەم شەوە، خۆشەویستی و ژان و کولاڵن لەناو ژوورەکان، لەناو کۆلاڵنەکان پیاسەیان نەکردبوو. ئەمشەوە دوو دڵ ئاشتبوونەوە. دلێر زانی بەفر دەسوتێت و عەلی لە دایکی فێری ئاواز ژەنین و مارەکردنی سازبووە. لەوەتی دلێر دەخواتەوەو مەستە، بۆ دایکی گریاوە، هەرگیز

www.Kurdistannet.org

نەفرەتی لە باوكسالاری دەكرد، ئەو ژانەكانی خەمی باوكی بەبیردەهاتەوە، ئینجا بۆ خۆشەویستی دایكی دەگریا. پیرۆزێكی نەفرەت دەكردو بۆ پیرۆزێكی تر دەگریا. بەلاَم ئەمشەوە، ئاوازو عەشقی لە ئامێزگرت، بۆ خۆشەویستی دایكی گریا. لەگەڵ ئاوازا بۆ دایكی گریا، نەك بە جنێوو توورەیی، ئەمشەو بە خۆشەویستی و بۆ خۆشەویستی گریا.

***

www.Kurdistannet.org

ئەم شەوەش لەگەڵ نوسین و سازەکەی عەلی تەنیاو درەنگ چووە ناوجێ وبالینگانەکەی. خۆی لوولدا، بە قەد بەژنی سازەکەی ئەو راکشا. وەك ئەو خۆی گرمۆڵەکرد. چۆن خەوی لێدەکەوێت، وا دەنگی سازەکە، دووکەڵی سوتانەکەی عەلی و گریانەکەی دلێرو سەمای سازەکە گەرمن، جەستەی ساردی دەگەزن..!! تاقەتی نەبوو، یان کاری بە کات نەبوو، تەماشای نەکرد، هەر ئاگای لە سورانەکانی میلی خۆی بوو، چەندجار سوورا، چەند جار بۆرژاو هوشیاربۆوە.

درەنگ، دواکەس، چووە ڕیزی وەرگرتنی پارەکەی. درێژ، وەك داهۆڵێك کاوبۆیەکیان لەبەرکردبێت. ئەنگوستی دۆشاومژەکەی تا نزیك چۆکی شۆڕببۆوە. هەردووشانی لە ناو قۆڵی بلوزە لوولدراوەکەی زۆر لەسەرووی شانی دەرپەریبون..! بە خشەخشی سۆڵەکەی چووە ژوورە. ناسنامەکەی لە پێش ژمێریارو بەرپرسی کەمپەکە دانا. ئەویش، پۆلیس ئاسا، لەو ناوە دەگەڕا، ورد تەماشای وێنەکەی کرد. زانی خۆیەتی، ئەوە عەلیە، ئەو کوردە عیراقیە، یەك مانگ بەر لەئیمرۆ هات، ئەو لە گەڵ شەش کەسەکەبوو. خۆی ناسنامەکەی بۆ کردبوو، ئەو بە دەستی خۆی ناسنامەکەی بۆ چاکردبوو. بە دەستی خۆی وێنەکەی قنجکردو لە لاکێشەکەی ناو فۆرمەکەیدا. ئەوە خۆیەتی، چەند لەمێژە، دوو هەفتە زیادترە ..! بە وردی لەناو کەمپەکەدا، لە نۆرەی وەرگرتنی پۆست و گۆڕینی شەرشەف و بەرگە پیسەکانا، لە توالیت و گەرماوەکانا، لە پاسکیل هاژوتن و کڕین و هاتنە بازارا، لە ناونوسین بۆ چونە دکتۆرو لە وەرگرتنی کەلوپەلی خاچی سوورا، چاوی بەدوا دەگێڕێت ..!! بەرچاوی نەدەکەوت. بە دەست تێیگەیاند، چاوەرێ بە..!! ئەویش راوەستە، تا حەمیدیان بانگکرد.

حەمید، وەك ئاسکێکی راونراو، بەپەلە هاتە ژوورەوە، زۆر لە کابرا چووە پێشەوە. کوڕێکی چاوقایم و لەرووو دەمکراوەبوو. بەو خۆرەپێشکردن و شەرمنەکردنەی، چاك و زۆر باشتر لەهەمووان زمانەکەیان فێرببوو. بە رووحسوکی و مەردانە تەرجمەی بۆ هەموو

www.kurdistannet.org

پلەی خوێندەواریان لەویش بەرزتربوو، وەك ئەو زمانەكەیان باش نەبوو. زوو بە عەلی وت:

( خێرە .. بڵێ..؟؟!! ).

سەرەڕای ئەوەی زمانەكەی باش بوو، بۆ هاوكاری و پنجكردن و بیانۆ دۆزینەوە ئازاو وریابوو. كابراش زۆر بڕوای بەو هەبوو، چونكە زۆر مەردانەو خێرا، بۆ ئەم كارانە دەهات و بێ بەرامبەر، كارو كێشەكانی بۆ شرۆڤەدەكرد. لەوەش هەر زیرەك بوو، جوان و چاك و زیرەكانە بە عەقلیەتی هەردووكیان دەئاخڤی. زۆرجار لە قازانجی كوردەكان دەیسوراندەوە .. ! بەرپرسەكە بەنەرمی بە حەمیدی وت، جوان حالیم بكە، بە زمانی خۆتان

بەو كوڕە بڵێ، لەوەتی هاتوتە ئەو كەمپەو سەری مانگ مانگانەكەم داوەتێ، من نەمدیوە، لەو ماوەیەدا، لەم مانگە درێژە، لە كێ بووە..؟؟ كە سەفەری كردووە، بۆ ئاگاداری ئێمەی نەكردۆتەوە..!! وایە، دەبێ ئێمە ئەدرێسی بزانین ..! ئەگەر لەو ماوەیەدا كارمان بەو هەبوایە، ئەومان لەكێ دەدۆزیەوە...!! جارێكیتر ئەوە دووبارە نەكاتەوە. هەركە ڕۆیشت، ئێمە پسولەشی بۆ دەكەین، ئەدرێسەكەی لاخۆمان تۆمار دەكەین ...!! لەوەیان، حەمید پێویستی بەوە نەبوو، بۆی تەرجمە بكات. بە بێ ئاخافتن، وەڵامی ئەوی دایەوەو هاتە قسەو بە كابرای وت:

ئەو هەرلێرە بووە، وەك من لێرە بووە، نەجولایە ..!!

كابرا بەسەرسامی هاتە وەڵام، وەك ئەوەی یەكەم جارە بە حەمید بڕوا نەكات ..! چۆن وا دەڵێت ..... ئەو ڕۆژانە وەك مزاح لەو كەمپە دەسورێتەوە. ئەو كوڕەی، تەنیا ڕۆژی هاتنەكەی دیوەو بەس..!!!

( ئەو زوو ژوورێكی تەنیای بۆ مایەوە. ئەو دوو كەسەی هاوژووری بون، خزانە لایەك و ئەویان تەنیا هێشتەوە. دیارە كەس ناتوانێ لە گەڵیا بحەوێتەوە. ئەویش لەگەڵ كەسی ترا ناحەوێتەوە. تەنیا مایەوە. ڕۆژی یەكەم چووە بازارو هەندێ خواردن و پێویستیەكانی كێشایەوە. چەند كاسێت و كۆنە تەسجیل و رادێویەكی كۆكردەوە. دەرگای توند لەسەر خۆی گاڵداو نوست. ئەوە ڕۆژو حەوتەی یەكەمی، ئەو وای دەكرد، ڕۆژانە خەوی لێدەكەوت، تا ئێوارەیەكی درەنگ دەنوێت .....!! بە ئاگادێت، نان و خواردن ئامادەكات،

www.Kurdistannet.org

چەندین جار وەردەگێرێت، هەر گۆرانی چەندین جار دووبارە دەکاتەوە ).

حەمید بڕوای بەوان هینا کەوا عەلی بە درێژایی ئەم مانگە بە رۆژ نوستووەو ئێوارەیەکی درەنگ هوشیاربویتەوە، خۆی تێرکردووە. هاموشۆی ئەوەی ویستویەتی کردووەو خزیوەتەوە ناو ژوورەکەی. پۆستی نەبووە، تەلفۆنی بۆ نەکراوەو تەلفۆنیشی بەکارنەهێناوە، شەرشەفەکانی نەگۆریوە، بە رۆژ جلی نەشوشتووە، بە رۆژ سوارنەبووەو نەچووەتە ناو شار..!! بە سەرسامییەوە بروایانکردو سەریانبادا. بە حەمیدیان وت، ئەگەر دەزانی نەخۆشەو بینینی دکتۆری دەوێت، ئەوا بۆی دابیندەکەین و خۆمان هەردووسەر دەیبەن و دەیهێنەوەش .! لەبەرئەوەی ئەو دڵنیابوو، کەوا ئەو سەلامەتەو رەوشەکە ئارامەو هیچ کێشەو ئاڵۆزی تەندروستی نییە، بۆیە بەنەخێر وەلاّمی دانەوە..!

***

ئەو، لەو کەمپە جەنجالەدا، دیارە جۆرەها دەنگ و زمان و جولەو نەریت و نەتەوەی دیوە. ئەوانە بۆ ئەو زۆر نامۆبوینە. ئەو، کاری بەوانە نەبوو، زمانی نەزانیون. نەیزانیوە مامەلەو رەفتاریان لەگەڵدا بکات. ئەو کورو منالّی دایکی بووە. تەنیا لە زمانی دایکی و سازەکەی گەیشتوە ..!! ئەو، زاراوەی تارەکانی زانیوەو بەس ... زمانی کوردی بەس لە دایکی فێربووە. ئەو، وشەو دەستەواژانانەی ئەو فێریکردوون، هەر مانای ئەوانەی زانیوە. زمان و نەریتی ئەو مەملەکەتەی زانیوەو بەس، کە دایکی، شاژن و سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی و مامۆستای بووە.

دایکی یەك دووجار رەوانەی دائیرەی براکەی کردبوو، هیچ لەوان و لە کاغەزەکانی سەرمێزەکان حالی نەبوبوو. زمانی ناو تاکسی و کڕین و فرۆشتنی نەدەزانی. زوو پەلەی بوە بێتەوە، بگەرێتەوە ولاتەکەی، حەزیکردووە لای براکەی سنووورداش بکرێت. ئاودیوی ماڵەوەی بکەنەوە، بێتەوە ئامێزی دایکی و دەست لەملانی سازەکەی بکاتەوە. لەناو شارو گوندو سەوزایی و رووباری ئاوازا، بسورێتەوە. بە تارەکانی بڵێ:

کە دوورکەوتمەوە، هەستم بە نامۆیی و ئاوارەیی دەکرد ...!

www.Kurdistannet.org

ئەشك و سوتان گەیشتنە گۆشەی چاوا ...!

شەوانی شەممە، نازانم بۆ شەوانی شەممە، خۆ هەموو شەوەکان بۆ هەمووان وەك یەك بوو. شەوەکان و ڕۆژەکان بە ژمارەو ناوی هەفتەیان، بۆ زۆربەیان، بێجگە لە بەرێکردن و چاوەڕوانی پارەکە، هیچی تری نەدەگەیاند. ئەوەی سوتانی نامەو چاوەڕوانی و هەوال بوو، ڕۆژەکان کەمیێ بۆن و تام و کورت و درێژیان هەستی پێدەکرد.

ئەو شەوە شەممەیەش، مێزەکە ڕازایەوە. جۆرەها مەزەیان ڕێزکرد، فستق و جبس و زەلاتەو تەماتەو خەیارەکەو مێوە و .. هەموویان دانا. پێش خواردنەوەو پێك هەڵدان و پچڕاندنی گەردەنی توندی شووشەو قودیەکان، چاو لە دلێر سوورکرایەوە، کە لە تاقەتی هۆش و ورگی زیاتر نەخواتەوە. با ئەم شەویش بە عەرەبیێ، بە کورە تورکیێ، بە ......، بە......... نەگریێ. با ئەمشەویش لادەستێکی خۆی زامدار نەکات، خوێنی لیێ نەهێنێتە خواریێ ..!! توند هوشیارکرایەوە. مامۆستا دڵشادو مامۆستا هەڵکەوت و ئاراس و هەموویان، تکایان لێکرد، ڕەوشەکە ئالۆز نەکات، حەیاو شەرەفمان نەبات..!! ئەگەر ئەوە دووبارە بکاتەوە، ئەوە دوا دانیشتن دەبێت و تەواو...

ــ بەلێنی ئەوە دەدەم ڕەنگە ئاسایی بم، ئەگەر ئەو عەلیە، گێژو داماوە بێنن. سازەکەی بۆ دەهێنمەوە. من بێ گریان، شەوی مەستی نازانم بەریێ بکەم. ئەگەر دایکم بە ئاوازو سوتانا بەبیر بێنێتەوە، ئەوە تا دەبمە خۆلەمێش هاوشانی شەپۆلی ئاوازەکانی لەو دەریایە مەندو شینە مەلە دەکەم و ......

عەلی هات، دوور لە قوژبنێکی ژوورەکەدا، لەو جیهانەی ئەو هەرگیز دانیشتنی وای نەدیبوو، دانیشت. سازەکەیان بۆ هێنا. دووبارە ژێیەکانی تاقیکردەوەو توندی کردنەوە. هەموو دڵنیابوون، ئەمشەو دلێر بەزمێکی لووتشکێن ناقەومێنیێ. ئەو هەر وتویەتی، دارو ژان و دەرکردن، گریاندویەتی. ئەو باری قورس و دەستی گرانی باوکی، گریاندویەتی. بۆیە کە گریاوە، دەستی وەشاندووە. حەزی لە ڕشتنی خوێن بوە. خوێن، هەر خوێنی سوور برژێت. ئەگەر خوێنی کەسی پیێ نەرژابیێ ..!! ئەوەی دەستی، مەچەکی، لارانێکی زامدارکردووە. کە فرمێسك و خوێن، کە ئاوو خوێن ئاوێتەدەبوون. ژانەکەی دادەمرکا.

www.Kurdistannet.org

بوو، ترسی لە رژانی خوێن نەبوو. دەیزانی ئاوازو سازو دەنگی عەلی، پەردەو مۆری ئاشتی مۆرکردووە ... دڵی بە ئاشتیەکەی سازو ئاواز خۆش بوو. رەش و سپی تێڵکرد، گەرم و سارد، کۆن و نوێ. ئەو پێکەی نیوەی دەمایەوە ، ئەو هەڵیدەقوری، تا بنەکەی فڕیدەکرد. بێ مەزەو بەمەزە، زۆری خواردەوە.

عەلی بەفرەو بۆ دایکی دەسوتێت، عەلی دایکی لەم ولاتە گەورەیەدا، لەناو ئەو سنوورو حکومەتانە گوومی کردووە. ئەو ئەگەر دەیزانی جیهان ئەوەندە گەورەیە، ئەوە سنوورانە نێوانیان دەکات. هەر ولاتێك پاسێك و پۆلیس و جەندرمەی هەیە. پاسەوان رێزیان بەقەد سنوورەکان دوورو درێژە، قەت لە دایکی جیانەدەبۆوە. قەت ئەو بریارەی پەسند نەدەکرد. ئەو وایزانی پەرینەوە، ئەو پەرینەوەی جارانە، کە لە ژوورێك بۆ ژوورێکی تری ناو ماڵەکەیان دەپەریەوە. عەلی دەیزانی زۆر هاتووە، بۆیە مسۆگەربوو، دایکی دوورە، ئەوەشی دەزانی دایکی نەیدەزانی کوڕەکەی ئەوەندە دووردەکەوێتەوە، ئێستا ئەوەندە دوورە .!! ئەگەر دەیزانی ( ئیجـــــــە) ئەوەندە بەرینەو جیهان ئەوەندە فراوانە لە کورەکەی جیانەدەبۆوە ...

دووکەڵی جگەرەو سوتانی بەفرەکان ژوورەکەی قانگدابوو. تاریك داهاتبوو، رۆژی حەشربوو، هەموو چاویان لە چاوی عەلی و دلێربوو. ئاوازەکەی بلانسەکەی راگرتبوو، تەلەکان، ژێیەکان، هاواریان بوو، نەکەی دلێر دایکی گریان و سوتانی دەوێت، نەك زامدارکردنی لاییدەیەك، نەك رژانی خوێن .... وەرە بابەیەکەوە ، بۆ دایکمان بگرێن، من بەو سازەو تۆش بە چاوە پڕ ئەژدیهایانەت. وەرە، گریان جوانترین، بەدەستەلاترین هێزو زمان و پەیوەندییە .....!!!! ئەم شەو فێرت دەکەم بەفر دەسوتێت، ئەمشەو خوان دەکەمە ژووانی عیشقی راستەقینە ..!! وازبێنە، من هاواردەکەم و تۆش بسوتێ، من گۆرانی دەڵێم و تۆش سەما بکە، تۆ چەپلەم بۆ لێدە......!

ئەمشەوە سازەکەی عەلی بەزمێکی بەو درویشانەکرد، هەموو دەسوتان. مێزەکەبووە، خانقایەك، دەروێشەو دەسوتا، عاشقەو دەگریا. خۆی لەناخەوە هەڵچووبوو، ئەویش

www.Kurdistannet.org

بای خۆی وزەو تەبارەی سوتانی تێدایە.

ئەوەی وشك بێتەوە، ئەوەی تەنیاو دوور بکەوێتەوە، ئامێزی دایکی لێدووربکەوێتەوە، وشك هەڵدەگەرێت و دەسوتیٚ ..!! کام دەروێش دەتوانی حالەتی زیکرو تەهلیلەو سوتانی لەبیر خۆی بباتەوە. کەس نازانی لەم نهێنیە سوتانەدا، چی روودەدات. تا ئیمرۆ تۆمارو بەرجەستە بکرێت ..!! بەلاّم ئەوەی یادەو ناسرێتەوەو شاهیدی زۆرە، ئەمشەوە دلێری سوتاوەو پروشکی ناپەرێت ..!! سوتاوەو دووکەڵی، کەسی نەخنکاند ...!! تێر بۆ دایکی گریا.

ــ بەراستی لەوەتی تۆ لە دایکت دابراویت، هیچ هەوالی نازانی..؟؟

ــ بەرامبەر بە خۆشەویستی درۆ ناکرێت، ئەوەی درۆی بە رووداو بکات، تا ماوە، ئازاربەخش دەبێت..!! خێر لە خۆی نابینیٚ. هیچ هەوالی نازانم..!!!

ــ ژمارەی تەلفۆنیٚ، دۆستیٚ، ناسیاریٚ، کاروانسەراییٚ ..!

ــ من دەمزانی کەس دادی دۆزینەوەی دایکم نادات. بەلاّم جارێك، لەمێژە، چەند مانگێك لەمەوبەر، ژمارەی تەلفۆنی ئامۆزایەکی ئەمریکم لێدا، لەدایکم پرسیم ..!! من لە دایکم پرسیم، من و سازەکەم و سوتانەکەم، لە دوا هەوالی دایکم دەگەڕاین، ئەو وەلاّمی دامەوە، ئەگەر پارەت دەوێت .. دۆلارت دەوێت .... من وتم، دایکم، ئەو وای زانی من بۆ پارە تەلفۆنم بۆکردووە. هەر نەهاتە راییٚ، ئەمن هەر وتم دایکم، ئەو هەر وتی پارەت دەوێت ..! تا ئازاری نەدەم بە هێواشی تەلفۆنەکەم داخست. زۆر خەمباربووم، وای دەزانی پارە دایکم دەدۆزێتەوە. بەهەموو دەزگاکانی ( یو. ئێن ) دایکم منی نەدۆزیوەتەوە. بەو هەموو زمانە زیندووەی جیهان، ئەو هەموو بنکەو دەزگایەی هەیانە، نەیانتوانی بە یەکمان شادبکەنەوە ..! من دەتوانم بە پارە ئەو بدۆزمەوە، پارەکەش هی خۆت نەبیٚ..!! بە ئارەقای نیوچەوانت پەیدات نەکردبێت .. دۆلاری ئەمریکیەك ..!! دەتوانیٚ دایکی سوتاوم بدۆزێتەوە ......

www.kurdistannet.org

بکەمەوە، بەلاّم کە سەیرمکرد، ژمارەکان نیوەی رەشبونەتەوە .. من دەزانم ئەو سازە، ئەو دەنگم، ئێوە هەمووتان لە هەناوتان هەلّیگرن و بیبەن، لەگەلّ خۆتان سواری بکەن، بروات، بگەرێت، بگەرێتەوە ...... رەنگە لەو هەوارانەی دێتە رێتان، بتوانن، دایکم بدۆزنەوەو دایکم من بدۆزێتەوە..

ئاوازو ژەنین، تەواو نابیٚ، بەلاّم ئەوان کوژانەوە. ئەوان یەکە یەکە بونە هەلّم چونە ئاسمانی خەو. فرین .. رۆیشتن. عەلیش بە نەرمی و بەشەرمەوە، بە دلێرو بەوانی وت:

( ئەگەر هێزو مەفرەزەو باوکی دەرەقەتی نەهاتون، وا من خەواندم. من ئاقلّم کرد ).

ئەو شەوە کۆلاّنەکانی کەمپەکە، بۆ ژوورەکان لە پەنجەرەکان، لە دەرزی دەرگاکانیەوە، بەچرپە، نازەوە. خەو، پەپولە ئاسا خۆی دەکردە ژێر سەرینەکان. خەو باری، خەون هات. خەونی پەمبە، خەونی خۆش. ئەو خەونانەی لەمێژە زیزن، ئەوانەی بەحەسرەتن بێنەوە، ئەوانەی دوای هەزار خەونی تالّ و چیرۆکی سەربڕان و گرتن و دەرکردنیش، هەر نەدەهات، ئەو خەونانەی نەدەهاتن ..!! ئەو خەونانە مێوان بوون، کە بەحەسرەت بون .! بۆنی کەمپەکە گۆڕا، چاوی کەمپەکە، هەواکەی، خەلّکەکەی، خۆیان گۆڕی، چەژنەو خۆیان گۆڕی. هەموو یەکتریان ماچ دەکرد، نوقلانەی شادییان دەبەخشییەوە..

بەیانی زووتر دەرگاکان خرانە سەرپشت. زووتر تیشکی خۆر خۆی کردە ژوورەکان ..!

ئەوەی بە حەسرەتی نامەیەك بوو، بۆی هات.

ئەوەی نەخۆش بوو گەیشتە دەرمانی خۆی.

ئەوەی کەمئەندام و لاربوو، راستبۆوە.

بەیانی ولات بوە، ولاتێکی تر. چاوی گولّ نازدارتر دەبینرا.

بەیانی هەموو کەسێك ئاوازێکی دایکی عەلیان لە یەخەدرابوو...!! ئەلبانیەکان، پێش کوردەکان. ئەرمنیە ماندووو راونراوەکان، ئازادکران و چیتر نیوەی شەوان دەرگایان لیٚ نەدەگیراو سوار نەدەکران، رەوانە نەدەکرانەوە، کۆمەلّکوژیەکەیشیان لەبیرچۆوە.

بەیانی عارەبەکان هاتن و داوای لێبوردنیانکرد. خۆیان دادگایان بۆ خۆیان دانا، وتیان:

ڕەوشەکە گۆڕا، وشەی پەنابەرو ئاوارە باوی نەما، هاونیشتیمانیەکانی ولاتەکە، نازییەکان، پێش سۆسیال دیمکراتەکان، پێش چەپ و سەوزو ژینگە دۆستەکان، هاتن و دەستیان لە گەردەنی دانیشتوانی کەمپەکەکردو بەلێنیاندا، چیتر بە چاوی بێگانەو ئاوارە تەماشاتان ناکەین. بەیانی کیژە سوتاوەکان، دەمی سوورو نەرمیان لەناو دەمی جحێلە سوتاوەکانا.

بەیانی دلێر زوو زوو لەخەو رابوو. کوردەکانی باکوور فێری کوردی ببون. زمانی تورکیان لە بیرچوبۆوە ..!! مەلا برایمی کەمپەکە جاڕیدا، حەقمان لەسەر کەس نەما، خۆتان ئازادن، کێ نوێژ دەکا ..!! کێ نوێژ ناکات، کەیفی خۆتانە، منیش بومەتە دیموکراتی .... ئەوشەوە، شەوی چەژنی سەری سالْبوو، شەوی تەقینەوەکان بوو. دۆمەلْە کۆنەکان، تەقینەوە. وەلاْمە راگیراوەکان بە لێشاو هاتن و تەقینەوە.

هەر لەم شەوە دەرویشانەیەدا، لەو شەوەدا دووبارە کەسەکان خۆیان لە تەرازوو دایەوە. ئەو شەوە زۆر گۆڕان کرا ..!! بریاردرا، شەوێك دلێر لاپەرەی شاراوەی عارەبە بەناو عیراقیەکە هەلْداتەوە.

دلێر بوە دادوەرو کابرای عەرەبە بەناو عیراقیەکەی دادگایی کردەوە. لە بەرامبەریان راگرت. بەزمەکە خۆش بوو. کابرای عەرەب، هەموو ئامادەبووان، چاوەروانی ئەو بریارەبوون. ئەوانیش دوا بریاری راستی بێ شەرم و بێ ماستاویان دەویست. ئەوانیش دەیانویست، وەك دادگا راستیەکە بریارێکی لەسەر دەربکەن. بەسە، ئەو کورتە شەرمە، باکەس نەزانێ، با بریارەکان و راستیەکە لەزاری خۆیەوە بلاْونەبێتەوە. مامۆستا دلْشادو مامۆستا هەلْکەوت، تەرجمەیان بۆ هەردوولا دەکرد. کابرای عەرەب چاوی لە چاوی دلێرنا. دلێریش، چونکە زۆر دلْنیابوو، بریارەکە لە بەرژەوەندی ئەوە، ئەو دانیشتنەکە دەباتەوە، بۆیە ئەویش بێ منەت بوو.

ـــ ناوت عامرەو لە شاری موسلی عیراقەوە هاتووی .....؟؟؟؟

ـــ بەلْێ ..!!

ـــ باسی خۆتمان بۆ بکە ..!!؟؟

خزمایەتی و ژنخوازی تێکەڵیمان بووە. بۆیە من زۆر لە سوریا ژیاوم، لە شامیش ماومەتەوە، زمانەکەم بۆنی زۆری سوری لێدێت ..!! بەلاّم من عیراقیم و لە موسلەوە هاتووم..!!

ـــ بە هۆی قاچاخچیەکی کوردەوە، لە زاخۆوە هاتووی، لەوێش بۆ تورکیاو لە تورکیاش بە پارەیەکی زۆرەوە، جەوازێکی قەڵپت بۆ کراوەو هاتووی ..!! وایە..!!؟؟

ـــ بەڵێ.. وایە، چۆنم وتوە، وایە..!!

( کابرای سوری لە رۆژی لێپرسینەوەکە، لە وەلاّمی ئەوەی پارەی بیست و پێنجی عیراقی، وێنەی چەند ئەسپی لەسەرە. راستی وەلاّم دابۆوە، وتبووی پارەکە سێ ئەسپی تێدایە، رەنگی کەسکە. وایان فێرکردبوو. ئەوەی راست بووە. بەلاّم ئەوە دادی نەدابوو، ئەوان زوو زانیبویان، بە پرسیاری تر بۆیان روونبۆوە، نەك هەر عیراقی نیەیە، باوکیشی موسل و ولاتی عیراقی نەدییوە. زوو پێیان وتبوو، تۆ عەرەبی سوریت. بەلاّم ئەو دانی بەوە نەنابوو، ئەو بۆ ئیش و پارە هاتبوو، فێربوو.......).

ـــ باشە، ئەدی، پارەی دەیی کاغەزی عیراقی، چەند ئەسپی تێدایە..!!؟؟

ـــ ( ئەویش زۆر بێ منەت و خێرا وەلاّمی دایەوە )، ئەویان وێنەی دوو ئەسپی لەسەرەو ئەویش رەنگی کەسکە ...!! با زۆرتر بۆت روون بکەمەوە، پارەی پێنجیەکەشی، یەك ئەسپی لەسەرە.

ئەو وەلاّمەی ئەو، بۆ دلێر بەس بوو، یەك بە دەنگە گەورەکەی خۆی زرتێکی بۆ باوێت ..!! ئەو بریارەی دادگاکەی دلێری بەرێز هیچ گومانی نەهێشت، کەوا عامری سوریەو عیراقی نیەیە، وەك ئەو پێنج کوردەی ناو ئەو ژوورە بە زۆر کراون بە عیراقی. جا برایانەو کەسمان لەکەس، ئێمە هیچ قسەمان نیەیە، لای کەسیش ئەوە نالێین، بە مەرجێك، ئەویش مەردو مەردانە، واز لەو تەلفۆنە بێنێت. ئەگەر سەرپێچی بکات، ئەوە بە هەمووان وەك زەردەواڵە سەر لەدووسەری دەنێین، تا شاربەدەری نەکەین، وازی لێ ناهێنین. بریاردراو هەموولایەك ئیمزایانکردو تەواو.

www.Kurdistannet.org

ئیدارەی کەمپەکە، کەللەسەرێکی رەشی ئاسنی پتەوی تەلفۆنێکیان لە تەنیشت خۆیانەوە، بە چوار بزماری لە پشتەوە بەستراویان لە دیوارەکە توندو زۆر پتەو گیرکردبوو. ئەو تەلفۆنە نەبوایە، هیچ شتێ بەرگەی ئەو میللەتەی نەدەگرت..!! لە مستەکانی توورەبون، بێزاری، سەرخۆشی توندتربوو. بەرگەی زوڵم و هێرشی زۆر دڕندانەی گرتبوو. کەرتە شاخێك بوو، کەڤرێکی لووس و قایم و رەسم بوو..!! ئەگەر هێرشەکەی سەری زۆر ئاگرین و سەخت بوایە، ئەوا وایرە لوولدراوە ناو تێلە ئەستوورەکانی دەپچرا.!! ئەو دەردەش چارەسەری ئاسان بوو. ئەوان بەوە فێربوون. سماعەی دەستی یەدگیان هەبوو. زوو هەندی بلێت یەك و دوو سماعەو وایرێکی تریان لێ دەبەستایەوە. پیرە تەلفۆن دەکەوتەوە لێدان. زەنگەکەی وا دانرابۆوە تا نیوەی کەمپەکە دەنگی دەرۆیشت. شەوان هەموو قاوش و ژوورە دوورەکان گوێیان لێی دەبوو ....

ئەو تەلفۆنە سەربردەو ئۆین و بەرنامەی زۆر تایبەتی هەبوو. بێ ئەوەی پارەی تێبکەیت، زەنگەکەی دەرۆیشت، خاوەن تەلفۆنەکەی لە شیرینەخەوو لەسەرمێزو لەناو باخچەی رادەپەراند. بۆ یەك ساتیش دەنگی ئەوان دەهاتە گوێت. بەڵام.! بە هیچ جۆرێ دەنگی تۆ، بەبێ پارە تێخستن، یەك چرپە، یەك نووزەو هاوارت نەدەرۆیشت ..!! کە پارەشت تێدەخست دەنگی تۆ دەرۆیشت، کە کاریشی دەکرد، وەك نەهەنگ پارەی ئاودیودەکرد، یەك مستە ئاسنی پارە، بەرگەی تاوێك ئاخاوتنی نەدەگرت. بەو تەلفۆنانەیان وتووە، بە پارە کاردەکات. مەسەلەکە لەوە جۆرە تەلفۆنانەوە هاتووە، کە وتراوە، وەك تەلفۆنە بەپارە نەبێ کارناکات.

زەنگێك لێدەدرا، ئەوەی نزیکبوو، ئەوەی چاوەروانبوو، ئەوەی خەمخۆربوو. بەراکردن، بە دوا زەنگەکە رادەگەیشت. قسەکەرەکان، شارەزابوون، پارەکەی خۆیان زۆر بەکارنەدەهێنا. وا فێرببوون، یەك وشەیان دەووت: ئەلبانیەك، یان تورکێك، یان عیراقییەك. ئەوەی تەلفۆنەکەی هەڵگرتبوو، ئەوەی ناوی ولاتەکەی بیستبوو، سەری بە ژوورێك دادەگرت، یان هەر هاوارێك بەس بوو، تا یەکێك لە نوێنەریان بێت. ئەوەی لەو زمانە دەگەیشت،

www.kurdistannet.org

کەمپەکردبوایە، یان خۆی لەمێژنەبوو، لەم هەوارو لەم بەزمە رزگاری ببوو، شارەزابوو. تەلفۆنەکەی دادەخستەوە، تا بەمەزندەی خۆی هاونیشتیمانیەکی خۆیان دەگاتە لای تەلفۆنەکە. ئەو مەزندەی دووری ژوورەکانی دەکرد، نوێنەرەکەش مەزندەکەی دووبارە تەلفۆنکردنەوەکەی دەزانی، بەم جۆرە، بەو هەموو تەقدیرو پێشبینیانە دووبارە تەلفۆنەکە زەنگی لێدەدایەوە، جا ئەگەر کابرا بەختیاربوایە، هەمان کەس دەردەچوو، نەك یەکێکیتر لەنوێیەوە داواکاربوایە.

بەهەرحال، ئەویش بە زمانی ئەوەو کابرای مەبەستی دەدۆزیەوە، بۆ جاری سێیەم دەگەیشتنە یەك و دەکەوتنە قسە ... تەلفۆنێك بەم چەندجارە دەگەیشتە خاوەنەکەی، هەوال و سلاَوێك ئەوەند کات و پارەی دەویست. ئینجا کابرای عارەبی سوری، شەوانەو زۆر نێرەکەرانە، تلفۆنەکەی چەند سەعات سەرقال دەکرد. بیَ ئەوەی یەك تاکە پارەی تێدا باوێتیَ، بیَ ئەوەی ئەوەی بەرامبەریشی هیچ زیانی لیَ بکەوێت. هەردوولا بە مەبەست دەگەیشتن و پارەشیان نەدەدا..! بەلاَم چاوی چاوەروانی، هزری ماندووو هەوالی گەرمی ئەو هەموو خەلَکەی ساردو مرداردەکرد. گلەیی گازاندەی خەلَکەکە زۆربوو، بەلاَم کەسیَ، گرۆپێك ئەوەیان نەدەکرد، چاوی لیَ سووربکەنەوە. تا کێشەکەی لەسەر خوانی دەروێشانەی ساز، سوتانەکەی بەفر، عیشقی عەلی، وێلی بۆ دۆزینەوەی دایکی، ئارامبوونەوەی شێتی دلێرو هۆگربونی بەمۆسیقا لە جیاتی گریان بۆ خوێن. لەم دانیشتنەدا، لەگەلَ ئەو سوتانەی بۆ بەفر سازکرا، ئەویش دادگایی کرا. دلێر کە فێرکرا، بەفر دەسوتیَ، ئاواز جوانترین گریان دەبەخشیَ، گەرمترین گەرمی ئارام و تاوانەوە دەداتە رووحی نائارام.

عامر، هەر بۆ جوانی، بۆ خافلاَندنی خەلَکە چاوەروانەکەی دوورو نزیکی تەلفۆنە رەشەکە، مستێك پارەی وردەی لە مست دەگرت، شانی بەدیوارە زەردە نوسراو بە چەندین ژمارەی تەلفۆن دەدا. ئەو دیوارەی یادو بیری زۆری لەسەرتۆمارە، ماوەماوە بە بۆیەیەکی زۆر تۆخ نەبایە رەش نەدەبۆوە. جگەرەی بەجگەرە وەدەنا، یەك سەعات، دوو سەعات، زۆرتر دەمایەوە.

www.kurdistannet.org

بەخۆراییان بە گوێیان ڕادەگەیاندراو هێڵەکە دەپچڕا. دووبارە، بەهەمان دەستور ژمارەکەی لێدەدایەوە، ئەوانیش وشەیەکی تری بەخۆراییان بە گوێیاندا ڕادەگەیاندرایەوە. تا ڕستەکان، ئاخاوتنەکە، تەواو دەبوون، هەردوولا لەیەکتری حاڵی دەبوون ).

بەخۆرایی ئەم چەند ڕستەیان وەردەگرت:

پارەکەت، گەیشت .....

ژوورەکەتمان، بەکرێداوە .............

مناڵەکەت، وا قسە دەکات .....

براکەت، لە یونان، ئیقامەی، یەك ساڵی، بۆ نوێکرایەوە ...

ئێمە زۆر، باشین ...........

دووکانەکەت، کرێچیەکەی، دەردەچێت ...........

وریابە، نەزانن، زۆر وریابە .....

کە تەواودەبوو، بە دڵێری دەووت، من بۆ موسل زەنگ لێ دەدەم ..!! هەموو جارێ ئەو مشتومڕەیان تەواو نەدەبوو ..!! ئەو دەیووت، لە عێراقا مایکریۆف کارناکات، هێلی جیهانی نەماوەو پچڕاوە .!! بەڵام ئەو هەر سووربوو، ئەو کێشەیە تا شەوی دەروێشیەکەی ساز، یەکلاکرایەوە. بەردی لەسەر دانراو، ئەویش بەم جۆر وازی لە تەلفۆنکردنەکە هێناو بەرۆکی بەردا. هەر دوعاش بۆ ئەو شەوەکرا، کە سازو سوتان تێدا حوکمی دا.

❊❊❊

هەڵکەوت، هەر بۆ خۆی، بەبێ هیچ مەبەستێ، چاوەڕوانی ئێوارانی کردبووە مەبەست. ئەو عەسرە درەنگەش، چاوەڕوان بوو. ڕووی لە پەنجەرەکەی دەرەوە کردبوو. ڕووبەرێکی چڕی دارەکان نەبوایە، ئەوە ئاسۆیەکی زۆر جوانی دەریاو دیمەنێکی زێدە جوان لە پشتەوەی ئەو داراستانەدا هەبوون. دەریایەکی دوور لە ئاسۆ. دەریایەك لە هەواڵی شەپۆل، گەڕانەوەی و بردنەوەی هەواڵەکانی تری، لێ دیاربوو. ئەوو ئەوان هەموو، لە دەریا ترسابون..! کەس هەندی ئەوان هەستی بە بەرینی ڕووبەری دەریا نەکردبوو...!! ئەوان

بینیبوو، دەریا جوانیەکەی لەدەستداوە.! بەڵام ئەو ماوەیە چەندین جار شەپۆلی نەرم، یاری بە شان و ملی کردن، ئاو نەرمی و شلی خۆی نواند. هەستیان بە نازداری شەپۆل کرد. لەبەر ئەو دارستانە چڕە نەبوایە، روویان لە چاوی نوێژی دەریایەکە دەکرد. وا هێدی هێدی بینیان دەریا چەند بە نازو شۆخەوە، ئەو هەموو جەستە نەرم و رووتانە هەڵدەپەرێنێ. ئەوەی بەختیارو عاشق نەبێ  ئەوەی بەرناکەوێت...! ئەگەر دەریاو شەپۆلی نازدارو نیان و ئارموش نەبێ، ئەو هەموو رووحە ناسکە، ئەو سەدان سینەو هەناسەیە، خۆیان بۆی رووت ناکەنەوە...!! کێ بۆ کێ رووت دەبێتەوە، بێ سوتان و خۆشەویستی..!! کێ غیرەت دەکات بەنازدارێك، بە خونچەیەك، بە خەونێك، بێژێ بۆم رووت ببەوە..!! ئەگەر سوتانی عیشق و ژووانی لەگەڵ نەبێ..!! چاوی لە پەنجەرەکە بریبوو. کە دیمەنەکەی کەمێ لە پێش چاوا لێل بوو، زانی رووبەرێك هەیە، رووبەرەکەی پێشی تاریك دەکات.

زوو هەستی بەوەکرد، ئەو تەونە چڕانەی جالجالۆکەیە. دووبارە رووبەرەکەی لە دەریا دوور دەخاتەوە.! کە فێربوو، دەریای خۆشبوێت، کە زانی دەریا نەرمەو گیانی ناسك بۆ باسکە مەلەی نازو رەحەتبوون رووی تێدەکەن. ئەو داپیرۆچکانە، رووی تاریك دەکەن، بەراستی ئەم زیندەوەرە ووردانە لە گرمۆلەی داپیرە دەچن، وەك هەموو داپیرەکانمان گرمۆلەبوینە، وەك داپیرەکان دەست و قاچیان ماوەو گرمۆلە بوینە، بۆیەش بە داپیرەش ناوزەدکراون...!! خۆ هەموو دیدەو هەستێك نازانێ وەك یەك و بە هەمان شێوە گوزارشت لەناوو ناوناو بکەن...!! کە بەردەمی تاریکتر دەکرد، ئەو زۆرترو وردتر لە دیمەن و جولەیان راما. ئەو پنکە گیانلەبەرە زۆر وردە، چۆن خۆی بەو داوە باریکەی شیلەی خۆی هەڵواسیوە، شیلەکە باریك و سپی و نەرم، ئەویش خۆی پێوە شۆرکردیتەوە، رایدەکێشێ.. بۆ خۆی رایدەکێشێ، درێژی دەکاتەوە، دەیسورێنێ، بای دەدات، چۆنی بخوازێت وای لوولدەدات. ئای کە هونەرمەندبوو لە نەخشاندن و دامەزراندنی تۆرو تەونەکەی.

باڵەکان، بازنەکان، ئەستوورییان، وەك یەك سازاندبوو.. رووبەرێکی تەونی پەیداکرد. ماوەیەکی زۆر چاوەروانیەکەی خافلاند، چاوەروانیەکەی سەرسام و چاوەروانکرد..!! یەك داپیرۆچکە، بە گێرانەوەی حکایەتێکی کارو ئەزمونی و جوانی نەخشەکانی، ئەوی

www.kurdistannet.org

دایکانە، هەموویان، تا دەکاتە دایکی عەلیش، هەموویان هونەرمەندن و تەونیان، هونەرو جوانی و کارکردنە.....! لەمێژە ئەو جالجالۆکانە، ئەو داپیرۆچکانە، هونەرمەندو بە سەلیقەو بە ئەزمونن..!! بەلاّم ئێمە بوارمان نەبوو، دیقەت بدەینە کارو نەخشەکانیان. هەر تەون و داوی پساوی تەونمان لەپەنادیوارو بن ساپیتەی رزییوو کۆلیت و ژێرزەمینە تاریکەکان دیبوە. بەلاّم، بیرمان لە هونەری ئەو رەنگینانە نەکردیتەوە، نەماندییوە، ئەوانە چەند کارامەو گیانفیدان، خۆیان دەکەنە قوربانی ئەو تەونانەو ئەرکی زۆریان بۆی تەرخان دەکەن. کەسمان دانەنیشتووە بزانیّ تەونیان چەند تەونی کارو مانەوەو سووربونی دەوێت. ئەو هەر خەریکی ئەو تەونەبوو، کە بە نهێنیەکی زۆر وردەوە، ئەنجامدراو تەواوبوو. داپیرە ماندووەکەش بۆ خۆی و تەنیا لەناویا خەوی لێکەوت، گیرسایەوە. تەواوبوو.

هەڵکەوت، رووی وەرگێرا هەموویانی بینی، لەسەر دەریا بەسوتان و ئاگرەوە، هاتنەوە. هەموو بۆنی دووکەڵ و تارمایی دووکەڵیان پێوە دیاربوو. هەموو هەندی جالجالۆکەکە ماندوو بون. بەلاّم کەسیان لە تەونی  خەوی یەکێك نەگیرسابونەوە. هەموو ماندووو، بیّ تەون، گەرابونەوە..! ئەو دوو دیوارو بەربەستی دیار نێوانی ئەوو دەریاو خۆشیەکانی کرد، ئینجا هیچی لیّ دیار نەبوو..! هیچی نەدەبینی، ئەدی نێوان عەلی و دایکی، چەندین رووبارو سنووری و هەزارەها هەنگاوو دوورییە..؟؟!! چۆن ئارام دەگرێت، چۆن بەفری چاوەروانی  نەسوتێت...!! بۆیە داوای لە عەلی کرد، چەندی دەتوانی خۆت بۆ سازو ئاوازەکانی بچەمێنەوە، بنوشتێوە..هەموومان بەو ئارامییە رابێنەو رامان بێنە، لەگەڵ سوتان و هاوارەکانت هاوشان بین.

❊❊❊

www.kurdistannet.org

که خۆر ئاوادەبوو، هەموو لە بازارو وەرگرتنی پۆست و سۆراخی دوا هەوالەکان دەبونەوە، ئەوکاتانە عەلی بەئاگا دەهات. ئاوێکی بەدەموچاوی دادەکرد، بەکوردی، دەموچاوی تەڕدەکرد. دووبارە لە ژوورە تاریکەکەی خۆی ماتدەکردەوە. دەنگی گۆرانی و مۆسیقای تەسجیلەکەی ئەوەندە بەرز دەکرد، تا گوێ لە چرپەو دەنگ و هاوارو شەڕو بوختان و هەوال و ئەگەری تاڵ و پێشبینە نامۆو رەشبینەکانی " سعید" نەبێت. ورتە ورتەکانی کوڕە هیندیەکە بێزاری نەکات..!! گوێ لە دەنگە ناخۆشەکانی کوڕە بەغداییە قژ درێژەکە و .......و...... و نازی ژنە هەیتەکان، مامەلەو کڕین و فرۆشتنی جگەرەو .. نەبێ. ژوورەکەی شوێنی هەلڕشتنی رازی شاراوەبوو. ئەوەی لەمێژبوو نهێنی و رازەکانی نەدرکابوو، پاش شەوە دەروێشیەکەی سازو سوتانی بەفر، بۆ عەلی سپی دەکرا. بۆی لەسەر سفرەیەك دادەنرا، شاهانە بۆیان دادەنا.

شەوێکی دەرنگە، ( ئارام ) هەناوی سوتاوی خۆی گەیاندە لای ئەو. عەلی لە کونجێکی ژوورە تاریکەکەی دۆزیەوە. ئەویش پەنجەیەکی باریکی بە دوگمە رەشەکەی تەسجیلەکەی وەناو بێدەنگی کرد. بۆی راستبۆوە، ملی بۆ درێژترکرد. بە گەرمی بەخێرهاتن و بەسەرچاوانی هێنا. زوو تێگەیشت، بۆ دلْنەوایی و تاوانەوەو راز درکاند هاتوە. وەلێ، ئەو نازانی دلّی بەچی زامدارەو بۆ دەنالێ. لەم هەوارەو لەناو ئەم لەشکرە شکاوەدا، لەناو ئەم هێزە پەراگەندەیەدا، سەربردەی شکان و داڕمان و بەزین زۆربوو ...!! سەربردەی زۆری نامۆو تاڵ لەم قالبە شێواوانەدا دیارن.

لەشکری ئەم مەملەکەتە، بێ سەرلەشکرو سەرتیپن ..! تەنیا دەسورێنەوە، زمان درێژو ناوشان پان. وەلێ بەرگەی ژانە سەرێ ناگرن ..!! زوو بەرەو ژوورە لاچەپەکەی عەلی دەسورێنەوە. دەپارێنەوە، بەرگەی ئەوە ناگرن. ئەوەندە لاوازو لارن، بەرگەی هیچی تر ناگرن.. زۆریان دیبوە، فێلیان لێکراوە، پارەیان دزراوە، خانوویان خاپوورکراوە، گوندیان بە سوتماکی ماوەتەوە، دەنگیان لە هەلّبژاردنا تەزیورکراوە ..!! بۆیە ناسکن، شان شکاون ..!!

www.Kurdistannet.org

سەر بە ژوورەکەی ئاراما دابکرێ. ئەو لە چاوەکانی ئاراما دلۆڤانی بینیبوو، چاوی لە چاوە جوانەکانی دەچوو. ( لازا ) لەناو کۆلاّنە درێژەکەی کەمپەکەدا، وەك تۆپ هەلّدەقۆزیەوە. هەردوو بسکە درێژەکەی، دوو گولّی وردی پەمبەی لەسەریان بەستابوون، بەسەر مەمانیدا شۆری کردبونەوە. لە کیژە کوردێك دەچوو. ئارام، وای دەزانی زوو دەیناسی ...! وای دەزانی لە منالّیەوە لە کۆلاّنەکەی خۆیان بەیەکەوە یاریانکردووە. دەهات پشیلەکەی دەبردەوە. دەچوو، پشیلەکەی دەهێنا. لە دەستی وەردەگرت. دەیدایەوە دەستی. ئەو دەست دەستە، گۆرینەوەی پشیلە نەرمەکە، شتی نەرمتریان دەکەوتە ناو دەستی یەکتر. کورە کوردێك، هەستی بەگەرمی نازو سوتانی کیژە ئەرمەنیەك کرد. لازا، زۆرتر دیاردەکەوت. زۆرتر لە سوچەکەیان خۆی دەنواند. ئارامیش زۆرتر دەچوو. چاوی ئەوی لە چاوی هەموو ئەستێرەکان زۆرتر دەبینی. روومەتی ئەو، نازو هاتنەکانی زۆر بەخێرا گەورەبوون. لەو ناوەدا، پشیلەکەی لازا نازی زۆر وەرگرت، زۆری بەرکەوت.

بە بۆنی پشیلەکە، لە چاوی ئەوەوە، ژووانی شەوان دروست دەبوو. یەکتریان دەدۆزیەوە. پاسەوانیان هەبوو. لەبەرامبەریان، لەنێو باوەشیانا، زۆر دەمایەوە. جارجاریش بۆ وەرگرتنی رازی چاوو بۆنی دایکی لازا، پشیلەکەیان دەنارد. بێجگە لە زمانی ماچ و ئاکاری روومەت، هیچی تر لەیەکتری نەدەگەیشتن. کاریان بە وشەو ستران و لاواندنەوە نەبوو. ژووان، کاتەکان، دیتنەکان پشیلەکە دایدەنا. کاریان بە راز گۆرینەوەو گلەیی نەبوو. سلاّوی گەرم و ستایشی زۆر بۆ دایکو باوکی، هەموو بۆشاییەکانی دووان و دەربرینی راستگۆیی دەگەیاند. لازا، رۆژ بە رۆژ گەورەترو نەرمترو ئاسانتردەبوو. لازاو پشیلەکەی کەمۆبوون. خۆیان دەهاویشتە باوەشی یەکتری. تا دەرنگانی شەوەکان دەمانەوە. دایکی دەینارد، ئەو فێری کردبوو. بەشەرمەوە، بۆ نوستن، تا لەناو جەستەی زۆر نەتاوێتەوە، دەهات دەستە نەرم و شلەکەی لە گەردەنی ئارام دەکردەوە. دەهات و بە زمانی خۆیان پێ دەووت:

دەی کیژم تێر ماچی کە، وەرەوە، بەسە..!! وەرە تا لەبەر رۆشنایی ئەو گلۆپانە زۆرترو جوانتر تەماشات بکەم، با ببینم راموسان و تاوانەوە گەورەترت دەکات، نەرمترت دەکات.

www.Kurdistannet.org

هیوایەت هەیە، ئەو دەتوانێ چارەنوست روشن بکات، تا وەك ئێمە دووچاری کەرانەوە نەبیت ..! خۆتی پێ شۆربکەوە. زۆرتر خۆتی تەسلیم بکە. با زۆر زۆر بۆت بسوتێ، چاکی داخ بکە..!! سپیاییەکانی نیشان بدە ..!! نەرمایەکانی بۆ ترش کە ..!! چاوت نەرم و رەش کە.. خوێنت شیرین. زراڤتر، کۆکتر، قۆزتر..!! خۆت بنوێنە.

بەلاّم، ئەو بەستەزمانە، لە پشیلە نەرمەکەی خۆی بێ ئاگاتربوو. ئەو ئارامی وەك پشیلەکە لە ئامێز دەگرت.

بە دەنگی سازەکەو سترانی بەجۆشی عەلی، دەزانرا، یەکێك ئاگری تێبەربووە، بۆ کوژانەوە چووە ..!! دەیانزانی، یەکێکی تر وا دەخنکێ، رووی لە قیبلەی عەلی کردووە، تا رزگاری بێت. ئەو ببوە، " قریب الفرج " ی کەمپەکە..!! بە بۆنی سوتان و تاوانەوەی ئەمشەوەش، خانقایەك دادەمەزرا. هەموو کۆدەبونەوە، دەست بە قاوە، لێو بە شەراب. خواردن و خواردنەوەی خۆیان دەهێنا. لە بەزمی ئەو سوتان و کوژانەوەیە بەشدار دەبوون ..!! تەماشای زیکرو تەهلیلەی شێخ و دەروێشیان دەکرد. هەموویان لە پرسەکە، دادەنیشتن، چایەو قاوەیان دەگێڕا، دەمانەوە، سەرخۆش دەبوون. بەیەکەوە دەگریان، دەنوزانەوە، دلّیان دەدایەوە، بۆی دەسوتان.

نەرم نەرم، هێدی هێدی دوا شەوو دوا دیداری بۆ عەلی گێرایەوە. هیچی نەقرتاند. چە بگێرێتەوە. چی پێیە، بێجگە لەو ئاگرەی لە هەناوی ئەویان بەردا. ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو. ئەوان هەردوولا، بەبێ چرپەو بەنازەوە، وەك هەموو شەوەکان، وەك هەموو بەرنامەی ژووانەکان. ئەوو لازا، دەست و چاوو بۆن ئەوانی هێنا، لەگەلّ دوا گڕەو تەقەی مەکینە گەورەکەی جلشوشتنا، چونەوە ژوورێ. دەرگایان گالدا. نوشتانەوە. بونەوە یەك جەستە ..!! هەر چەند تاریکایی رەش و مات دەبوو، ئەوان چاك و جوان یەکتریان دەدۆزیەوە. لێو شوێنی لێوی پێدەزانی، دەست و پەنجە .. هەموو ئەندامەکان، چاك بەیەك شارەزاببوون. ئەو شەوەش بە تەمابوون، تا بەیانی، تا ئەو کاتانەی خشپەیەك، دەنگێك هوشیاریان دەکاتەوە، بەیەکەوە بن و ببن بە یەك.

www.kurdistannet.org

دەربەدەر نەکرابوون، ژەندرمە راوی نەنابوون. کوندیان نەسوتاندبوون، درۆیان بۆ هەڵنەبەستابوون...!!!!

ئارام چی بۆ عەلی و ئامادەبووان بگێڕێتەوە، ئەو هیچی نەدەزانی، هەر ئەوەندەی زانی بەتەنگاوی دایکی لازا بەسەریاندا داهات. توندو خێرا دەرگاکەی کردەوە، ژوورەکەی رووناك کردەوە، دوا نیگای لە چاوی ئارام بڕی. دەستی نەرمی کیژەکەی توند راکێشا، ئەو توند خۆی گیرکردبوو، بەلاّم دایکی توندتر رایکێشا. رانەوەستا خۆی کۆبکاتەوە، بڕیارەکەی زۆر خێراو شێتانەبوو، نەوەك پەشیمان بێتەوە ..! چۆنی گرت، وای برد ..!! دووورکەوتنەوە، کە دوور دەکەوتنەوە، پارچەپارچە لە دڵی ئارام دەبۆوە. بۆنی نەما، هەناسەی ئەستەم دەبوو..! هێمنی و رەوشە ئارامەکەی ئەوشەوە، شلەقا، بووە تڕپەتڕپ، قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ، بەچەند زمان دەنگ دەهات. هەموو دەنگێ دەهات، تەنیا دەنگی ئارام نەبێت. کیژەکە گیراوە، ئارام زیندانە. لازا قۆڵبەستە، ئارام لە کونجێکا خۆی گرمۆلەکردووە.

دەرەوە، چەند بەدەنگ دەنگ و هاوارە، ژوورەکەی ئارام دە ئەوەندە هێمن. کیژەکە گیراوە، ئارام ترساوترە ..!! دەنگە دەنگەکە ماوەیەکی خایاند، بەلاّم بۆ ئەو لەو دونیایە داخراوە دۆزەخێك بوو. چەند سەعاتێك بەر لەو ژاوەژاوە، فریشتەیەکی لە باوەشابوو، وا ئێستا ئاگر لە چواردەورەی کراوەتەوە، گەمارۆ دراوە. دەنگی ناچێتە دەر، بێ ئاگایەو نازانی چە روو دەدات.

دەبێ ..؟!! هەموو خێزانە ئەرمەنیەکان کۆنەبنەوەو پەلاماری نەدەن، دەبێ ..؟؟! بڕیارەکەیان هێشتا زۆری مابێ، دەبێ ....؟؟! چاوەروانی چی بکەن، ملی لە موویەك باریکترە، کەتنی کردووە. دایکەکە بە دەستی خۆی کیژەکەی لەناو باخەڵی دەرهێنا..!! کە بردی نیوەی جلەکانی لەبەرنەبوو، سەلماندن لەوە باشتر چی دەبێ ..!! بۆ دەنگیان نەما ..!! بڕیارەکە ئەوەندەی دەوێت، کوڕێکەو بەسەر کیژەکەیانا گیراوە. زۆرن و کۆدەبنەوە، کەسیش ئاگای لەو نییە ..!! چۆن بێتە دەرەوە، بە چە روویێك هانا بباتە بەر کوردەکان، چییان پێ بڵێ، ئەوان زۆر دۆستن، بەیەکەوەن، رۆژانە هاموشۆیان گەرمە. زۆربەیان لە

رووبەرووی مامۆستا دلشاد ببێتەوەو برادەران ببینێ. وا باشە، لەو ژوورە نەهێتە دەرەوە، خۆی تەنیا چاوەروانی دوا چارەنووسی خۆی بکات . ئەو بریارەی ئەوان بیدەن رەوایە ..!! بۆ خەڵکی تریش توش بکات، برادەران هەر هەموویان، هەر یەکێك بە دەردێکەوە دەناڵێنێ . . باریان گەڵێك سووکە .! ئەو قوورستری بکات ..!!

ئارام، ئیشەکەت کردووەو بە تەنیا بیخۆ..!! ئەدی ئەو خۆشیانەت لەبیرچوو، ئەدی نەتدەزانی رۆژێ دێ، دەبی بیخۆیت. ئەتککردنی نامووسی خەڵك هەونتە نییە .! راستە ئێرە ئەوروپایە، بەڵام هەموو شت بە خوێ و خوێش بە مانا..!! ئەوانیش هەر خۆرهەلاتین و دابونەریتان لە کوردەواری نزیکە. هەموو چونەتە دەرەوەو چاوەروانی وەلاّمی تەلفۆنەکان دەکەن. لە کەمپەکانی تر دۆستەکانیان دێ، ئەوانیش بای خۆیان دۆست و خزمیان هەیە. با هەر بێن، من کەس توش ناکەم ..! باشە ئەو بووە دوو سەعات و زۆرتریش، هیچ نەبوو. ئارام مشکێکەو بەو فاقەوەبووە، ژەهری خواردووەو چاوەروانی ئەوەیە کاری تێ بکات و بتۆپێ. کەس دیارنیيە، دەنگێ نایێ، جولە نەما. پێی لەسەر مینێك داناوەو تەقینەوەی مسۆگەرە، هەردوو قاچی، هەردوو دەستی، چاوەکانی، ئەگەر نەشمرێت، ئەوا، ئیفلیج و کەمئەندام دەبێ ..! ئەو لە ترسی مین و کوشتن رایکردووە، بۆ ئەوە هاتووە، بەو پەڕی ئازادی، شەوان مەست بێ و ئامێزی گەرم بێ. ئارام، پەلەت نەکردبایە، زۆرت لە پێش بوو، کێڕان ..!! وا خۆت تووشکرد، پەلەت چیبوو ..! کەس نا لەگەڵ ئەوانە نابینی، نیوەی کەمپەکە ئەوانن..!

ئێ باشە، خۆ دایکی چەند جاری تر ئەوی لە باوەشیا دەرهێناوەو بە بزەیەکی شیرینەوە گەڕاوەتەوە. بۆ ئەمجارە، بۆ ئەم شەوە ..!!؟؟ ئەم پرس و رامانە، ئاڵۆزی کردبوو. بۆ ئەم شەوە گەمارۆدرا، هێرشی کرایە سەر ..؟؟! بۆ ئەم جارە، خۆ ئەم شەوەش دایکی و پشیلەکەیان ژووانیان سازکرد، ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو ..!!

گەڕانەوەی هێمنی پشیلەکە خۆشیەکی بەو بەخشی .. لە ئامێزی گرت، بۆنی ئەوی لێدەهات. هەستیکرد، لازای لە باوەشە، لازا لە باوشیەتی، وەلێ، دڵی، توندترو نائاسایی لێدەدات. پشیلەکەی ئەوەو بۆنی ئەوی لێ دێت، بەڵام ماندووو سەخلەتە .!! لە چاوەکانی

www.Kurdistannet.org

..!! دووبەدووی پشیلەکە چوو، کۆڵانەکە ئاساییە، کشومات. ڕۆیشت و نەکەڕایەوە، نەترسا ..!! تا بەردەرگای ژوورەکەیان، ژوورە دوو چاوەکەیان، ئەو ژوورەی بە چەندین گوڵدان و لاولاو ڕازابۆوە. وا ئەم ژوورە، چۆڵەو ئاوی تێوەرکراوە .. سیسەمەکان، سیسەمەکەی لازای بە بەتاڵی بینی .. چەند پرێسکە لێرەو لەوێ، فڕێدراوە، ئەوەی بەکەلك نەهاتووە، ماوەتەوە. هەموویان کێشاوەتەوە. ژوورێکی چۆڵ، ماڵێکی کاوڵ، هەوارێکی خاڵی .. سەربازگەیەکی گیراو، ڕەبیەکی تەسلیمکراو، بارەگایەکی سوتێنراو، ئاوەدانیەکی خاپوور. بێجگە لە بۆنی لازاو دایکی و خوشکوبراکانی، باوکی، هیچی تری لێنماوە..!

ئارام، دوا کەس زانی، شەو هەموو نوستبوون، هەر ئەوو لازا بەئاگابوون، پۆلیس بەسەر ماڵە ئەرمەنیەکیان دادابوو، هەموویان پێچابۆوە، لە لازایان پرسیبوو، ئەویش ناوی هەبوو، ئەویشیان ویستبوو، بە تەنگاوی دایکی لە باوەشی ئەوی دەرهێنابوو. هەموویان بە ناوو بە ژمارە خرکردبونەوە سەریەك، ناو خوێندنەوەو سوارکردن و پێچانەوەیەکەیان هەر نیو سەعاتێکی خایاندبوو.

ئەوان دەیانزانی ڕەوان دەکرێنەوە. لازا دەیزانی، بەلاّم بە چە زمانێك ئەمەی لە ئارام گەیاندبایە. ئەو بیزانیایە، دەیرفاند، بەرەو شارەکانی دەبرد، ئەو دوو براو خوشکێکی لە شارە گەورەکان دەژیان. دەیانتوانی بیشارنەوە، فیرارێك بشارنەوە.!! کورە کوردێك، کیژە ئەرمەنیەك بشارێتەوە، ئەو هەرەشەی لێکرابوو، بەسەریان دادابوو، بیشارێتەوە ..!! دەیتوانی و دەیکرد.! هەمووی بۆ عەلی گێڕاوە، تامی شەوەکان، چاوی ڕاستگۆیانەی دایکی. کە لەبەردەمی قژی خۆی بۆ بڕی و دایە دەستی، ئەوەیان بۆ ئەو شەرمەزاری بوو، بردیان و هیچی نەکرد. دایکی هات لەناو کۆشی دەریهێنا بیزانیبایە، ئەوەیان نیشانەی دوا دیدارە، ئەوەیان بردنەوەی تووڕەییە، پیاو نیت ..!! مانای ئەوەیە، دامە دەستت، بۆم شلکردی، بۆم سازاندی، بەهەمووشتێ، بەهەموو بڕیاری پیاوەتیت ڕازی بووم، تۆ تێنویەتی پیاویەتی خۆتت پێ دەشکاندو بەس ..!! تۆ هەڵنەستایتەوە، تۆ یەك بەڵێنت نەدا.! تۆ .....!! ئەرمەنیك بوم و هانام بۆ کوردێك هێنابوو ..!!

www.kurdistannet.org

دەکەیت ..؟؟! بەوانە سوتانی خۆت دەردەبریت. منیش وا تەلەفۆنی ئەوم پێیە، منیش .. نەرم نەرم بۆی دەدوا، دەبوایە هەمووی بۆ بگێرێتەوە، ساز ئاوا نەبێ ناخوێنێ، سۆز بۆ راستی و سوتانەکان نەبێ ناجولێ. عەلی دایکی لەناو ئەو شارە ئالۆزو تاریکەدا جێهێشت. ئەولایان، سەرەوەیان، ژووری تەنیشتیان، بەنگلادیشیەك بوو، رۆمانیەك بوو، ئێرانیەك، بولغاریەك، عەرەبێك، دایکت لەناو ئەو میللەتانە بەتەنیا ....... نایبینیتەوە. زەحمەتە ..!! رۆیشت، ئەوە چەند مانگە، هەردوولا پەرۆشن، هیچیان بە هیچ نەکردووە...!!

تۆش ئارام یەکەمین رۆژی دابڕان و رۆیشتن، نەدیتنەوەیە. گەڕایەوە، رۆیشت، بردیان، چەند لەسەرت رادەوەستێ، چەند مانگ، سالێك، نایبینیتەوە .. لازایان وا دوورنەخستیتەوە، بەتۆ بدۆزرێتەوە. تۆ کورە کوردێکی شارەزووری، هی ئەو دەشتە بەرینەی گەرمیانی .! ژەندرمە بۆ ئیجباریان بردی، ناگەریتەوە، وا لە بەلقان، دژ بە سربەکان، دژ بە بولغاریەکان شەڕت پێدەکەن. ناگەریتەوە لای ئەو کیژە ئەرمنیە، بۆیە دووریان خستەوە، تا وەك جاران مێژوو دووبارە ببێتەوە، دوو هێزی هاوپەیمان دژ بە خۆیان دوور بکەنەوە، هەموو کەسی بەهێزو بەلەشکرو بەحکومەت، بەئاسانی لە نیوەی شەوا دەتوانێ، دوو دڵ، دوو مەبەست و هیوا لەیەکتری زۆر دووربخەنەوە. ئەوان فێرن، زۆردارەکان، خاوەن سوپا گەورەکان دەتوانن.

ئارام تۆ بەئاسانی هانا بۆ سازەکەی عەلی دێنی، تۆ تەلفۆن بۆ خوشك و هەردوو براکەت دەکەیت، تۆ داوی قژت لەباخەڵە، تۆ پشیلەیەکی نەرمی ئەوت لە باخەڵە، تۆ ئارامی و ئارام دەبیت. ئەدی منی عەلی، منی بەر هەتاوی بیابان و گەرم، چۆن بەرگە بگرم، دایك لە هەمووکەس و شت و مەبەست پیرۆزترە. دەمرێ ...! بە تەنیایی و دووری و ئاوارەیی و چاوەروانی بێ هیوای دوورو درێژ، دایك وەك هیچی تر نییە، دەمرێت .! خوێن ناگاتە دڵی، چاوەکانی کزدەبن، هەناسەی تەنگ دەبێ، دەستی دەلەرزێت، پشتی دەشکێت، دایك بەدوورکەوتنەوەو ..... دەمرێت. من چی بکەم ..! من عەلیم، شیرو دەستەلاَت و پایەیان بە زۆری زۆرداری لێ زەوتکردووم ..! من هانا بۆکێ ببەم، کێ دەوێرێ رامگرێ، کێ

هەیە. هەموومان یەك دایكمان هەیە. دایكی كەس نابێتە دایكی یەكێكی تر، زڕدایك، باوەژن، مامۆژن، قەیرە خوشك .. كەس نابێتە دایكی كەسی تر ..!! كێ مەمكی لەزاری ناویت، ئەو دایكتە، كێ ......!

وام دڵشكا، سەدساڵێ تر لە ولات بام، وا دڵم نەدەشكا..! ئەوانە دەزانن دڵان بشكێنن، ناوكت بخەن. هەناوت هەلاهەلا بكەن .! ئارام، زۆر زووبوو، بۆ وا توش هاتی. لازا لەحكومەت و مەملەتێكی وا دەژی، تەلفۆن و ئەدرێسی تێدا زەحمەتە ..! كەسی ناگاتێ، كەسی تێدا ناناسیت. زۆر دووریان رفاند. دڕندە ئاسا، لە باخەڵتا دەریان هێنا. چەند شانازییم بەخۆم دەكرد، بۆ چە كارێكی نەتەوەیی گەورەو ستراتیژیی بناغەم دارشتبوو. بە تەمابووم، ئەو ماچانەی من كردم، ئەو ماچانەی ئەو لە منی دەستاند، ببێتە گوڵدان و خونچە بۆ دوارۆژ. هەردووكمان هەموو گومانەكانی دوێنیمان رەشبكاتەوە. بەهیچ رانەگەیشتم، زمانیان لێدام، ناویان دام، ئەویان نەگرت، منیان گرت. ئەویان رەوانە نەكردیتەوە، منیان تەنیا هێشتەوە. پلان و بەرنامەی خۆیان جێبەجێ نەكرد، بەرنامەكانی هەردووكمانیان هەڵوەشاندەوە. چەند ساڵان لە ژێر قامچی عوسمانی بوون، ئێمەش قامچی و داردەستەی بەستەزمان و نەزان .. چەند ساڵیش كەوتنەوە بن دەستی زاڵمێكی ترو هەردووكمانیان سوتاند. بۆمان نەهاتووە، ناكرێ دوو بەدوو دانیشین و باس لە ئەگەرو دۆستایەتی و خزمایەتی و خەون بكەین. من لازایان رفاندوم، عەلیش دایكی بزركردووە.

* * *

( سعید ) یش، تازەو دواكەسە، وا خۆی لە پیرەژنێكی پاشماوەو نەوسن و قالتاغ، نزیك دەكاتەوە. ئەو چەندی وەك ئەوی بەرێكردووە، هەمووی دۆشیبون، هەموویانی كوشیبون. ئەوان تێربوون و دووركەوتونەوە، وا نۆرەی سعیدە. ئەویش لە باوەش دەگرێت، ئەویش لوولدەدات. پشتی ئەوەندە پانبوو، باری هەمووانی پێهەڵدەگیرا. فیلەژنێك بوو، بەئاسانی و هەونتەو بەیەك جارو دووجارو .. تێر نەدەبوو .!! لە شارا، پیاوو دۆست و مێردو خۆی هەبووە. پیاوی هەبوو، تەنیا لەسەر كەنارو لەناو لمی دەریا پشتی دەشێلا، یەكێكی دانبوو،

www.Kurdistannet.org

سێ و زۆرتریشی کۆریبوو، یان ئەوان ئەویان کۆڕیبوو. تێر نەدەبوو بەناچاری، بۆ تێربوونی هاتبووە کەمپەکە ..!! هەندی مەسئولەکان ئەوانی دەناسی. شارەزابوو، دەیزانی لە ناو ئەو کاروانەیاندا، چەندیان بەکەلکی ئەو دێن، چەندیان لەگەڵ بمینێتەوە. نۆرەی دانابوو، چەند رۆژو دیداری دەوێت تا دەبێتە برادەرو دۆست و کۆنە ئاشیان. لەلای خۆی لیستەی کردبوو، وەك ئەوەی موچەیان دەداتێ ..!!

فیلەژن، لەسەریان دەسورایەوە، سەری بە ژوورەکانا دادەگرت، سلاَوی گەرمی لێدەکردن، وێنەی لەگەڵ دەگرتن، کوڕە پرچ زەردە نەرمەکەی، لەلایان شەواو شەو جێدەهێشت. سەگە خۆشەویستەکەی خۆی لە مل و ناو باوەشیان هەڵدەسویی. بۆنی هەناوبڕی بەناو کەمپەکەدا پەخش دەکرد. تریقەی زەوق و بەزم و سوتانی دەهێنا ..!! دەستی لەرزۆك و برسی دەکوشین. ئەوەی بیوستبا لە ئامێزیشی دەکرد. دیاریشی بۆ دەهێنا. گرانفرۆشەکانی نەرم دەکرد، سەرگەرمەکانی خاودەکرد. هەررۆژێ بە دەستە جلێکی نەرم و تەنك و شل خۆی دەنواند. پیرەکانی پێش گەنجەکان سەرسام و ئەبلەق دەکرد.

بیخۆن، بۆ ئەوە هاتبوون، بۆ هەمووتان یەك پیرە قالتاغ، یەك ژنی نەخۆش، ماکەرێکی گوێ گەورە، هەموتان بسوتێنێ.. پاشماوەی کوڕە ئەلبانیەکان، یەك دوو پیاوی ئەرمەنی بۆ ئیقامە بەتەمای بوون، کرمانجەکانی خۆمان، بۆمانەوە، لەدوو قونی دەسورانەوە ..!! بە هەمووتان ئەوەتان بەرکەوتووە .! لەسەرتان دەسوڕێ. جامبازەو سمت پان و ناوشان ئەستوورو بەغارتان هەڵدەبژێریت. بە سەرە گۆپالێك لەناوتاندا دەسورێتەوە. کەیفی کامتان بگرێت، بە ئاوی کامتان تێنوو بێت، ئەوتان دەباتەوە، ئەوەتان مەست و سەرخۆش دەکات، بە پارەی خۆتان ماسی گەورەو شەراب کۆنتان پێدەکڕێت. هەفتەك، مانگێك، زۆرتر، کەمتر راتاندەگرێ، دەتانباتەوە. سوارتان دەبێ، سواری خۆیتان دەکات.

عەلی ئاگای لەو بەزمە نەبوو، ژوورەکەی ئەو، دەرگای لەو جۆرە هەیتانە نەدەکرایەوە. بە سازێکی مولتەزم، کلیل درابوو. ئەو هەر ئەوەندەی پێدەکرا، لەسەر ئەو پیرەقۆترە ئاشتیان بکاتەوە، بۆیان بژەنێ، رایانهەژێنێ، بەخۆیان بهێنێتەوە. تا ناکۆکیەکان لەسەر ئەو ژنە رەزاگرانە چارەسەربکات. سازەکەی چەکوشی دادوەری گشتی و هێزداربوو.

www.kurdistannet.org

میللی عەلی نەبوایە، بەو تاعونە یەك یەك هەلدەوەرین. ئەو پەتایە. کام نەخۆش، بەو کەمپەی فێرکردبوو. یەکەم کەس کێ بووە، دەستی گرتووەو لەناو ئەو نەخۆش و چاوحیزانە بەرەلاّیکردبوو. یەکەم کەس کێ بووە، ئەم کیشوەر بۆگەنەی ئەوی دۆزیوەتەوە .؟؟ ئەو ئەوانی دۆزیوەتەوە، یان ئەوان خۆیان شێت و هارببون، لە خوایان دەویست ....! بۆ ژووان و نۆرە بەرکەوتنێك، شەڕیان بوو، شەڕی براکوژی لەسەر ئەو هەڵگیرسابۆوە. هەموو شەڕە براکوژیەکان بەهۆی ئەم جۆرە نەخۆشیانە چەکەرەی دەکات و خوێن دەرژێنێ .! ئەو دەیووت، بۆ لای من هاتبوو، تۆ پێشت گرت و ماستاوت بۆ کردەوە. تۆ وەك تولە سەیەك لە پێش سەیارەکەی هەڵتوتابووی. تۆیان بینیبوو، چاوحیزانە لەبەر ژوورەکەی ئەو کوڕە ئەلبانەیە هاتوچۆت کردبوو، تا بێتە دەرەوە، تا لە گەرماوی خۆشوشتنەکەی بێتە دەرەوەو پیرۆزەی پێ بڵێت. تۆ، دەزانی .....

شەوان من بە کوردی قسەم بۆ دەکرد، لەبەر خۆمەوە، هەتا ماندوو دەبووم، بۆم دەڕست، رانەدەوەستام، لەکاتی پشودان و راوەستانی دەست و لێوو پێ و چاوو... زارم دەکردەوە. پێم دەوت، بۆم پان دەکردەوە، هەموو وشە جوانەکانی فەرهەنگی خۆم بۆ دەووتەوە. گۆرانیم بۆ دەووت. ئەویش بە زمانی خۆیان، بە ئەرمنی، زۆری بۆ دەوتم. نەمن یەك وشەی لەو دەگەیشتم و نە ئەویش یەك وشە لە رازو چیرۆکەکانم دەگەیشت.

( بە عەلیان دەووت، بۆ ناچیتە دەرەوە، رۆژانە لەو حمامە، لەو قەرەبالغی و دەنگە دەنگە، چۆن خەوت لێدەکەوێت، چۆت بێزار نابیت ).

( ئەمن پاش عەسرێکی درەنگ زۆرم لە دەرگادا، زۆر ناوتم هێنا، یەك بە دەنگی خۆم هاوارم دەکرد، عەلی، کاك عەلی، هەڵسە، بەسە ..!! ).

( وەرە دەرەوە، تەماشای ئەو خەڵکە بکە، چۆن لەو تەسجیل و کەچە رادێویە بێزار نەبووی ...!! ).

( وەرە سەر ئەو دەریایە، چی تێدایە، عەقلت رادەوەستێ، بەرۆژ گەرماییەك وەرگرە، تا شەوان بە ئاسانی ئاگرت تێ بەربێت و بۆمان بسوتێیت ).

www.kurdistannet.org

دەستی قوچاوی دەکردەوە، پەنجە گیرەکانی لەیەکتری هەلدەوەشاندەوەو لێوەکانی پانتر دەکردو شانی بەرز رادەگرت و بزەیەکی تالّی تیێ دەگرتن ..!!

*****

www.Kurdistannet.org

www.Kurdistannet.org

کوڕەکەی لەناودا جێدەهێشت. سیارەو سەگەکەی چاوەڕوان دەبوون. خۆیشی وەك فیلێکی هەڵاتووی ناو ( زوو )ی شارێك لەناو کەمپەکەدا، ئازادانە، بەزەوقەوە دەسورایەوە. ترپەی پێ، زرمەی سمتی، بۆنی چەناگەو بنهەنگڵەکانی، پێچ پێچیان لەناو کۆڵانەکانا دەکرد. زەوق دەیهێنا. تەنیایی بێزاری دەکردو دەهات. لە هەڵبژاردن و بردنیان ئازادبوو، کێی بەرچەنگ کەوتبا پیلی دەگرت. بە یەکێکی دەووت:

بڕۆ ناو سیارەکە چاوەڕێم بە. کەمێ خۆم دەخافلێنم، بۆنیان دەکەم، دەست بەسەریاندا دەهێنم. دایاندەوەرێنمەوە، دانیان دەدەمێ، ئاویان لەپێش دادەنێم، دەستنیشانیان دەکەم، گڕیان دەدەم، بۆنیان دەکەم، بە خۆم و بە سەگەکەم بۆنیان دەکەم ..!! تۆ بڕۆ، ئاگات لە کوڕەکەم و سەگەکەو سیارەکەم بێ، من دێم، نەجولێیت ..

ـــ دەزانی سەگەکەت، گوێ بە گوێ من دەچێت .. کونی لووتی، بە کونەلووتی من دەچێت..!

ئەو بە پێکەنیەوە، جەستە گەورەکەی دەهەژاند. کە بینی، بە قسەکەی پێکەنی، ئەویش کەوتە سەرپشت. هاوشانی پێکەنی ..! سعیدو سەگە خۆشەویستەکەی لە پشتەوەی سیارەکەدا، دەست لەملانابوون. ئەویش خێرا، دەڕۆیشت، بەپەلە بوو زوو بگاتەوە ماڵێ، ئەو نێچیرەش تام بکات. گۆشتی کڕییوەو دەیەوێ تامی بکات، بیبرژێنێ، سووری بکاتەوە، لە خوێی بدات. گۆشتەکەی چیرە، یان نەرمکە، زوو دەبیتێ ..!! ئیمرۆ یەکەم رۆژیەتی، یەکەم شەویەتی، یەکەم جاریەتی، تاقی دەکاتەوە. دەیکێشیت ! بۆ ئادەمیزادێکی زۆر، هێشتا هەر چەرخەکانی ناوەراستە. شان و پیل و ناوقەدی پارە دەکات. تەماشای ددانەکانی دەکرێت. دەبێ بزانن تەمەنی چەندە، چەند پەڕییوە، چەندی پێماوە..! ئەو نازانی، چەندیان ماوە بگەنەوە ماڵەکەیان. ئەویش نازانی ئەو شەوە، سعید چەندی پێ دەکرێ.

دوودڵە، سەرکەوێت ..!! بۆ سەر نهۆمی دووەمی شوقەکەی، سەرکەوێت ..!! بۆ سەرنەکەوێت، ئەدی بۆ چی هاتووە. ئەوە چەند هەفتەیەکە خۆی بۆ ئەم رۆژو کاتە ماتکردبوو. دەچێتە ژوورێ و بەکەیفی خۆی بەردەبێتە گیانی. برسییە، تێنووە، لە

ناوێ، کێ دەتناسی ..!! نیوەیان وا دەزانن ناوم سعیدە، خۆ من ناوی ڕاستەقینەم ( ئەسعەد )ە، ئەگەر بخوازێ ئەوە ئاسانە ناوی خۆم دەکەمە ( سعدی )، هەر من نیم ناوی خۆم گۆڕییوە، هەموویان یەك دوو ناویان هەیە، ئەو مامۆستا هەڵکەوت و مامۆستا دڵشادیش یەك و ئامێزێك شەهادەو پسولەیان لەناو جانتاکانیان ئاخنیوە، کێ دەڵێ ئەوانیش ڕاست دەکەن. ئەوانیش ناوی خۆیان گۆڕییوە .! ئەو دەرگایەی دەکرێتەوە، دەرگای چییە، زیندانە، مەکتەبە ..!! نازانم چەجۆرە دەرگایەکی بەروودا دەکرێتەوە. دەرگایەوەو دەیباتە ژوورێك، نازانی دێتە دەرەوە، دەگیرێت، هەموو شتەکانی لەو ژوورە لێ بەجێدەمینێ ..!! هەمووی لە باوەشی، لە پاشۆلی، لە هزرو هەڵوێستەکانی دەکەوێتە خوارێ .. دەچیتە ژوورێك، نازانی چی تێدایە، ماڵی کێیە، خاوەنەکەی کێیە..!!

هەموو دەیانزانی، سعید لەگەڵیا ڕۆیشت، بردی، نۆرەی ئەوە، تا بەیانی کەولی دەکات. ئەوە بۆ دەمی شڕی دلێر بەسە، وای دەشواتەوە. بەیانیش نەگەڕێتەوە، ئەوە دوو ڕۆژی تر هەر دەگەڕێتەوە، ئەوانەی پێش ئەو دەچوون، هەر یەك دوو ڕۆژ دەمانەوە. لەیەکتری تێر دەبوون، دەهاتنەوە. دلێر شەرمی لێ ناکات، جاران شەرمی لێ نەدەکرد. وەك تفەنگە شێتە بەروویا دەتەقیەوە. لەسەری هاواری دەکرد، نوێژ ناکەین .. دەخۆینەوە. هەتا کەردەبین، دەخۆینەوە. ئەوا ( علی ) مان لێ پەیدابوو. هیچمان لێ نایێت.

لە حوشتر، لە فیل، لە گامێش دەچوو، تەنیا لە ژن نەدەچوو .!! جەستەیەکی زەبلاحی هەبوو، هەردوو باسکی لە نێو بیکنیە نەرمو شلەکەی لەدوو قۆلە بەرخ دەچوو. سمتی کەرتە شاخێك بوو. ئەوە چۆن بە سعیدی ڕووتەڵەو پوخە دەحەملێت ..!! دوو شەو مایەوە، بە نیوەڕۆیەکی درەنگ، زاوا هاتەوە. تا درەنگ چاوی بە چاوی دلێر نەکەوت، بە ئەنقەست خۆی لێ دەشاردەوە، لە کۆلانێك دیاربوایە، ئەو ملی شۆردەکردو پێچی دەکردەوە. کون کون، ژوور ژوور بە کلۆفەوە تاقیبی دەکرد. ئەویش خۆی نیشان نەدەدا، بەراستی لە زمانە پیسەکەی دەترسا، ئەویش ڕووی ئەوندە تەنك و بە ئابڕوو نەبوو. بەڵام دلێر دەنگی گەورەبوو، بە دەرزەن جنێوی پێدەدا. مەرجیش نییە، هیچ بڵێ، بەوە دڵی خۆی خۆش دەکرد. ڕەنگە بڵێ دەستت خۆش نۆشت بێ پیاوی. ئەوە بۆ من بلوێت نەك دوو ڕۆژ، دوو

دەمینێمەوە. بە سەکەکەی رامگرێت، وەك ئەو خزمەتم بکات، وا خاوێن و بەنازەوە رامگرێت، من رازیم، لەوە باشتر، تێرم دەکات. دەمشوات، لەبەر خۆی بونم لێدەدا. خواردنی چەورو شەرابی کۆن و کەرترێنم دەداتیٚ ..!!

شەرمی ناویٚ، چووم و تێربووم، من ئیقامەو زمانەکەم دەویٚ. ئەدی بۆچی هاتووم. سوپای سوورم، ئینگلیزم لە شەری دووەمی جیهان بۆ شەڕ هاتبم. ئیفادم. رۆژنامەنووسم، راونراوم ..!! هاتووم، لێرە خۆم رابێنم، بژیم، بکەم ..!! هەتا دەرم نەکەن، شاپترێنم نەکەن، بەیەك رەفزو دوو رەفز ناچمەوە، رووحم دەرکەن، بمگرن، ناچمەوە، لەو ولاتەش نا، ولاتێکی تر، بەس نەچمەوە .. چیم لە دوای خۆم جێهێشتووە، پیرە دایکێك، دەستی ئەوم شکاوە، ئەگەرنا هیچم نەبووەو نییەتم ...!! ئەویش بای خۆی ژیا، کە مردیش موسلمان زۆرن دەینێژن، بستە عاردێکی بەردەکەوێت، چە زۆرە قەبرستان زۆرە، هەتا ماووم خێری بۆ دەکەم، هەتا ماووم بۆی بەوەفاو ... دەبم.

تاقانەش خۆشە، کەسم نییە، داوای پارەو یارمەتیم لیٚ بکات، نەهیچم هەبووەو نەکەسیشم هەیە داوام لیٚ بکات. لەو ولاتانەدا، تێدا دەسورێمەوە. لە کیٚ مردم، هەزار لەعنەت لە گۆڕەکەم، با بمسوتێنن، لە کیٚ و چۆن دەمنێژن، گرنگ نییە. مردن هەر مردنە، خۆ حەزرەتی نوح نیم هەزار ساڵ بژییم، هەر دەمرم، میکروبی زۆرم لە هەناوا، زووتر دەمرم، با بۆ خۆم رابوێرم جاریٚ ئەو پیرەژنەم دەستکەوت، سبەینیٚ کیژێکی تەڕ، خاتوونێکی نازدارم دێتە ناوباخەڵ، گرنگ ئەوەیە، ئەو دوو شەوەو چەند شەوی تر لە گەڵیابم. ئەو نا یەکێکی تر، ئەگەر من بخوازم بۆ من هەر دەبیٚ، خاوێن نا یەکێکی پیس، راست نا یەکێکی خوار، با کەمئەندام بیٚ، کوێر بیٚ، شەل بیٚ. من رازییم و زۆر ممنونیشم ..!! دوێنیٚ وام نەدەبینی، ئیمرۆ وا دەبینم، دوێنی، وام بیر نەدەکردەوە، وا ئیمڕۆ، وا بیر دەکەمەوە. هەمووشت لە گۆڕاندایە ..!! من خۆم کەمئەندامم، بە کەمئەندامێکی ئێرە رازییم، من نابینام، شەلم، نەخوێندەوارم، ئەوەی فێربووم، بەکەڵك ئێرەو ئەوێش نەدەهاتن. ئەی کەوانەبوو، بۆ کارێکم دەست نەدەکەوت، ئەی بۆ کیژێك، بێوەژنێك، قەیرە کیژێك پێم رازی نەبوو، بۆ لە هیچ دەزگایەك وەرنەگیرام. یەك مەترە زەوییم نەبوو. خوا خێری خاڵۆم

دەبومە چی .! ئەو ڕستانەو زۆری تری کردبووە بیانۆو بۆ دلێرو مامۆستا دلشادو هەڵکەوت و عەلی و مەلابرایمی ئامادەکردبوو.

ئەوەی یەك قسە بکات، قەرزاری دەکەمەوە، لەوەتی هەم ئامۆژگاری و سەرکۆنە دەکرێم، من بۆ خەڵك، بۆ حکومەت، بۆ جیران .. کاردەکەم، شەرم دەکەم، ماندووم، هەرەوەرز دەکەم. دوایی من فێرم، رووم قایم بووە، زۆرم پێ وتراوە، زۆرم لێدراوە، بەرگە دەگرم. من هەموویان بە شێت و نەفام دەزانم، بەراستی هەموویان هیچ لە دونیا نەگەیشتون، هەر قسەی گەورەو قۆڕدەکەن. لەوان زۆرزانترم. هوشیارترم ..! وەك من دەکەن و شەرم دەکەن، وەك من بیردەکەنەوەو گلەیی لەمن دەکەن. وەك من هاتوون، وەك من هەلاتوون، وەك من درۆیانکردووە. چونکە من راست دەڵێم، من درۆ ناکەم.

کامیان لەمن باشترە .!! ئەوەتا، سەدجار ئەو دلێرە دەمشرە، ئەو هەرقەلە، بە مامۆستا هەڵکەوتی وتووە، بەبێ ئەوەی شەرم بکات:

مامۆستا راستم کەوە، من خوارم، لەوەتی بەبیرم دێ خوار دەرۆم، چەوت بیر دەکەمەوە. هەر لەدەمم دراوەتەوە، هەر لێمدراوە، دایکم نەبێ، هەموو لێیان داووم. سەرکۆنەیان کردووم، لاسارم، لاسارییم زۆرکردووە. بە تۆ نەبێ بەکەسی تر راست نابمەوە. ئەوەیان باشترین بوارە بۆ من، یەکێکی تری وەك تۆم دەست ناکەوێت. هەر چی دەڵێت، وا دەکەم. لەقسەت دەرناچم ..!! بە تۆ نەبێ راست نابمەوە. ئەوەندە خوارم ..!! ئەوەتا خۆی دەڵێ:

هەرچی کاری خراپ و نابوودو ناشایستە هەبێ، من دەیکەم، ئیشی رەش دەکەم، ئیشی قاوەیی هەبێ دەیکەم. شەرم ناکەم ..!! دلێر فرسەتە، کەس ناتناسێت، لێرە گرتن و تێهەلدان نیە. خۆ ئەوان لەمن باشتر نین..!

ژمارەی تەلفۆنەکەیان فێردەبم، ژمارەی کۆلاَن و دەرگاکەیان وەردەگرم، خۆم دەزانمەوە، خۆم بەبیانۆیەك دەچمەوە. زۆرتر دەمینێمەوە. زۆرترو گەرمتر دەست بەسەر کورەکەی و سەگەکەدا دادەهێنم. ئەو دوو شەوە، دوور لە دەنگە دەنگی دلێر چەند بە ئارامی نوستم. نازانن وەك پیاوان بخۆنەوە، تا کەر دەبێت دەخواتەوە، دەرشێتەوە، جنێو دەدا، شەر بەو

www.kurdistannet.org

جنێوی پێدەدا، بەهاوارو قیژەقیژەوە دەیووت:

( ئێمە لە دەست ئێوە هەلاتوین، لێرەش وازمان لیٚ ناهێنن ..!! بەسە، ئێوە گوندو ماڵ و سامانی ئێمەتان سوتاندو لێرەش بەدواوەمان هاتون ).

سعیدی لە دووری کەمپەکە فریٚدا، خێرا بۆی دەرچوو، ئەویش نەرم نەرم بۆی شۆربۆوە. حەزی دەکرد رێگاکە دووربریٚ، نیوەی شەویٚ بگاتەوە ..! هەموویان باریانکردبێت، هەر یەکیٚ بۆ کەمپێك گواسترابێتەوە. کەسی تێدا نەمابیٚ، بە تایبەتی دلێر، لە زمانی ئەو دەترسا، شەرمی لە مامۆستا دلشادو هەلکەوت دەکرد، هەر ئەو جارەی زەحمەتە، جارێکی تر بە ئاسانی دەچی و دێتەوە. شەرمی دەشکێت. ئەو هەموو دیمەن و ئاخاوتنانەی لەبەردەکرد، لەبەر چاویان، لەناو هزریا مەلەیان دەکرد، هەلێدەبژاردن ..!!

***

هەلکەوت، بەقالدرمە کارەبایەکە سەرکەوت. کورسیەکی تەنیای دۆزییەوەو روو لە سکەکان، دانیشت. زوو کتێبەکەی ناو جانتاکەی دەرهێنا. چەند دێری خوێندەوە. لەگەل زەنگی تەلفۆنێك بەئاگاهات، وریابۆوە، لەناو کارەساتی رۆمانەکە دوورکەوتەوە، سەری بەرزکرد، چاوی گێرا، لەدوورەوە نیگای بەس لە سەرڕەشەکان دەکرد، سەری بۆ سەرەکان بەرزدەکردەوە. بریاری داوە، تەماشا نازدارەکان نەکات، هیچیان تێنەهێشت، تاواندیانەوە.

لە ئەرزا رووچوو. ئەو دانیشتن و بیرکردنەوەو رەوشەکە جگەرەیەکی توندی دەویست، قومێکی تاڵ و قوولی دەویست. بۆ ئەو ساتانە وازی لە جگەرەی نەهێنابایە، بۆ ئەو تەنیایی و چاوەروانیە تالانە جگەرەی کێشابایەوە.

ئەوەی بەرامبەری چی دەخوێنێتەوە ...! کتێبەکەی ئەو ئاوێتەی بووە، وەك ئەوەی ناودەستی هەلکەوت، لە شێوان و شێتبوون و هەرەسی مامۆستایەك دەدوێت. وەك رۆمانەکەی ئەو، کۆنە سیاسیەکی هەلاتوی شەیدای ژن و دوودلە.!!؟؟ نازانی هەلوێستەکانی رەشبکاتەوەو پەشیمانی رابگەینیٚ، بەکیٚ رابگەینیٚ، کیٚ ئەو ئیستقالەو سووربوون و وازهێنانەی لیٚ دەکریت. کیٚ دەیخوێنێتەوە ..!! گلۆپە کزەکان چاوێکی کولن،

www.kurdistannet.org

هیچی تر بەدی ناکات.

لە لیستەکەی بەردەمی ژمارەو کات و ناوی گەشتەکەی تۆمارە. میلی کاتژمێرەکەی نیشانی دەدات، کەی هەڵسیێ و جانتاکەی لە ملی شۆربکاتەوە. ئەو جانتایە زۆر گەڕاوە، وەك ئەو دەزانی لەکام هەوارو مێوانداری ڕێزی لێگیراوە. لە کێندەرێ لە دەستیان وەرگرتووە، لەفەی چاك و خۆشیان لە گەڕانەوەو ڕۆیشتنی بۆ لەناو داناوە. ئەوو جانتاکە بەیەکەوە زۆر گەڕان، ماڵ بە ماڵ گەڕان، شار بە شار، دەولەت بە دەولەت.

عەلی لەکام شارو ولاتێ، لەکام کەمپا ساغبویتەوە ..؟؟ چەند کەمپی ترت کرد ..؟؟ سازەکەت چەند کەسی تری خستۆتە گریان، من دەپرسم، لەو هەموو سەررەشانەی ناو ئەو ئیستگە ئاپوورەیەدا دەپرسم، کەستان عەلیتان لەگەڵ نەبووە ..؟؟ پلیتبڕەکە، لە کابرای قات شینەکە وەردەگرم. ئەوەی پلیتم بۆ بڕی، ئەوەی پلیتم بۆی کونبەدەرکرد، ئەوەی بەخێرهاتنم کرد، ئەوەی سەررەش بوو، شەرمی لێناکەم. یەك وشەیە، یەك کورتە پرسیارەو شەرمی ناوێ ..! لەو ولاتانە شەرم نیە ..!! پرسیار عەیب نیە، نە بە ئەمن و پیاو خراپم دەزانن ..! نە لێم رادەپەرن، جنێوم پێنادەن، شکایەتم لێناکەن ..!! یەك ئەگەر هەیە، بە شێتم بزانم، ئەوەش کێشەیەك نیە.

لە هەموویان دەپرسم، تا دوا ئیستگەکان هاوشانیان دەڕۆم، کەستان لەو هەوارانەدا، لە یەکەم کەمپا، کە خۆتان بە مەلبەندی پەنابەران لەم ولاتەدا ناساند، دواییش بۆ کەمپی دائیمی گواسترانەوە، کەستان کوڕیکتان نەبینی، عەلی ناوبێت. ئەنگوستی بۆ سازلێدان دروستکرابێ. باسکی درێژو باریك، جوان و چاك بۆ سازەکەی سازکرابێت، ملی درێژی بۆ سازەکەی بە نەرمی بسورێتەوە. کەستان کوڕێکی قژدڕی کەمدووی شەرمنی نەخوێندەواری زماننەزانی بێکەستان لە گەڵ بووە ..!!؟؟ بە ژەنینی سازەکەی هەمووتانی بۆ دایکتان گریاندبێت، هەمووتانی ئاشت و هاوڕێ کردبێت. هەمووتان بۆ سازەکەی نوشتابونەتەوە ..!!؟؟

سەررەشێك، چاورەشێك، گەنمرەنگێك، برۆو برژانگ ئەستوورێك، دێنە وەلاّم:

من باوکم بە گەنجی لە ولاتی شیلی هاتووەو دایکم بەنەژاد چیکییەو لە کەمپ نەژیاووم .!

بە نازو بەکورتی وتی، باوکم خۆی بە ئێرانی دەزانی ..!!

ئەوی تر جزائیریی بوو ..!!

ڤیتنامیەکە، هەر ورتەی هات و هیچی لیٚ حالی نەبوو ..!!

تا ماندووبوو، پرسیاری کرد، تا دوا ئیستگە هیوای زۆر بوو. ئەمجارە وای دەزانی سۆراخی دەکات، یەکێك بەئاسانی ژمارەی مۆبایلەکەی عەلی، یان هی دلێری دەداتیٚ. ئەوان هەردووکیان پێکەوە، بەیەك شەو، بۆ یەك هەوار رۆیشتن و دوور کەوتنەوە .. ئەگەری ئەوە هەیە، هەر بەیەکەوە بن، نە عەلی تەنیا دەژیت، نە دلێریش بیٚ سازەکەی ئەو خەوی لێدەکەوێت، لەیەك جیانابنەوە ..!!

ئەو، ئەو چۆلەکە بەستەزمانە، ئەو پەرەسێلکە باڵنەهاتووەی دایە دەست دلێر. بەلێنی لیٚ وەرگرت، بەرەلاٚی نەکات ..!! ئەمجارە گوم بێتەوە، بەکەس نادۆزرێتەوە.! وا بزر دەبێت. دوور نەکەوێتەوە، تەنیا نەڕوات.

تۆ بۆ عەلی ساپیتە بە، هێلانە بە، ئەو چۆلەکە دەنووك نەرم و باڵ ئارمووشە، بەناز بدوێنە، هێدی هێدی دەستی بەسەر سەرە وردەکەی دابێنە. بەرگەی تووڕەیی و راوەشان و تەکاندن ناکات. نەرمە، بەنازە، توخوا چاوت لەم بەستەزمانەبێت. چوونە هەر کەمپێك، زوو لەپێش خۆت ناوی بنوسە، جێگاکەی بۆ دابین بکە. ژوورێکی تەنیای بۆ وەرگرە. تۆ شەرم ناکەیت، زوو دەچیتە پێش، تۆ دەتوانی، رەوشێکی ئارامی بۆ برەخسێنیت. سازی بۆ پەیدا بکەیت. بە فشەکانت، بە دەنگە گەورەکەت، بە جنێوە شیرینەکانت، ئەو کەمیٚ دووربخەیتەوە. ئەو شەیدای تەنیاییە، حەز بەتەنیایی دەکات، لە تەنیاییەکانیدا بەهرەی سۆزی بۆ دەخولقێت.

سەرەتا، یەك ونبوون و سەرگەردانی و گەڕان هەبوو. عەلی، لە دایکی دەگەڕا. بێگومان ئەویش بۆی دەسوتاو هەر گریاوە، سوێندی دەخوارد عەلیەکەی ئەو نەماوە، دلّی خەبەری داوە. وا هەڵکەوتیش، عەلی بزرکرد. وا دلێریش هەڵکەوتی بزرکرد، ئەوەی گوم بێت نادۆزرێتەوە. ئەوەی بزر بێت نقووم دەبێت. لافاو دووری دەخاتەوە. دەکەوێتە کەنارێك، بەرۆژ گەرما دەیسوتێنیٚ و بەشەویش سەرما وەك قامیشێك وشکی دەکاتەوە.

من كوم دەبم ..!! من كێلم، من چاوبەستراوم ..!!

من بێ دایكم، من تەنیام، هەی خەشیم و نەفامینە ..!!

من تەنیانیم، من وا راهاتووم، من سەمام بە سازو گۆرانی كردووە، من سەدان شەوان سەمام بە دڵ و هەناوو هۆش كردووە ...!!

ئێوەی بەستەزمان تەنیان ..!! ئێوە گوم بن، كەس فریاتان ناكەوێت، ئێوە كەستان لەگەڵ نیە ..!!؟؟ ئێوە لەسەر بالیفی تەنیایی رەقا دەنوون. من، لەسەر ریشی نەرمی سەمای ئاوازو خەونی رووچون و نقووبون خەو دەمباتەوە. بەبیرم نایێت، بۆ نوستن و ئارامی پەنام بەر ئازارو گینگلدان و خەونی تاڵ و دێوو جن بردبێت. من كە تەنیا دەبم، پەنجەكانم دەبنە كلیل و دەرگا داخراوەكانم بۆ دەخەنە سەر پشت. من قەت تەنیا و ترساو نەبوم..!!

***

بە تلفۆن و نامەو پرسیار، زانی یاسین دەچێتەوە. ئەویش مەردانە وتبوی بە چاوان چیت هەیە، چەندی دەنوسیت بۆت دەبەمەوە، چە قیمەتی هەیە، دایكی تۆ دایكی منیشە، كەی لە نێوان ئێمەدا ئەوە هەبووە، منیش بەقەد دایكی خۆم خۆشم دەوێت، هەموو جارێ بەهەردووكمانی دەووت، ئاگاتان لە خۆتان بێت، لەیەك دانەبڕێن ..!! بەچاوان یەك جانتا نامەو چەژنانەت بۆ دەبەمەوە، بۆ كێ دەنوسیت خزم و كەس و ناسیاری منیشە.

سەعید كەوتەخۆ، نە هەفتەیەك، نە دووان، تا مانگێك خەریك بوو. نامەی ئەو، لەسەر پەڕی مێش و نەخشی سەربەردو نوسینی سەر حەریرو پەڕی گوڵی ناسك و پیستی ئاسكە كێوی نەبوو، لەسەر پەڕە كاغەزێكی ئاسایی خەت خەتی زۆر ئاسایی بوو. كاغەزێكی سپی خاوێنی هێڵداری نەرم بوو، یەك دوو دەستی بەسەر لاپەڕەكە دادەهێنا، چاك پانی دەكردە، لەناو قەدی دەفتەرە گەورەكەی ژێربالیفەكەی دەیخەواند. كاغەزە سپیەكەی لە نزیك و لەبن سەری خۆیدا دەنواند. زۆرتر ئاوێتەی هەناسەو بۆن و خەونی خۆی دەكرد. ئینجا دوا بریاری دەدا، نامەی لەسەر بنەخشێنێت. بۆ هەر یەكێك لاپەرەیەكی دانبوو، ناوی هەمووانی لەسەر نوسیبوو. یەك نامە بۆ دایكی، یەك بۆ خوشكی، یەكێك بۆ ئەو

www.kurdistannet.org

کۆرینی میلی رادیۆکەی ئازادبوو، تا کەیشتن و دابەزینینیان حەقی تەواوی هەبوو، دەستکارییان بکات. نامەیەك بۆ سەرۆکی تیمی بالەیان. بۆ ئەوانەی لە خوێندنی کارەبا بەیەکەوە بوون.

بروا بکەن..!! نامەی بۆ ئەوانەی خۆشنوسی بۆ دوکانەکانیان کردبوو، دەنووسی. بۆ ئەو سەرتاشەی لەسەر جامەکە بۆ نوسیبوو، سەرتاشخانەی " لاوان "، بۆ ئەو سەمونخانەی لەسەر چیمەنتۆکەی سەرەوەی بۆی نوسیبوو، ئەوەی هەر یەك دوو رۆژیش دووکەلەکە رەشی کردەوە. بۆ ئەو شوفێر تاکسیانەی لە تەنیشتیان بۆی نوسیبوون. نامەی بۆ خالی نوسی، ئەوەی پارەی بۆ قەرزکرد، نامەی بۆ جیرانەکانیان، بۆ زاواکەی بۆ ..

شەوێك دوو شەوی، بۆ نامەیەك تەرخان دەکرد. سەعید، نامەی نەدەنووسی، تابلۆی دەنەخشاند. هێلی یەکەم و ناوەندەکەی و دوا هێلی بەیەك نەفس و بەیەك زەوق دەنووسی. لەهەموو دێرەکانا وشەیەکت نەدەبینی، پیتەکەی لە پیتێکی تری هەموو دێرەکانا بەقەد تۆزقالێك گەورەتر یان بچووکتر بێت. وەك یەك هەموو وشەکانی دەنەخشاند. هەر وشەیەکی وەك خونچەیەك، وەك چەکەرەی گەلاَ ناسکی هەنارو مێو دەنەخشاند. وشەکان، دەبونە پەپولە، دێرەکانی لە کازێوە نازدارتر، لە کەروێشکەی گەنم، لە مەندو نوستنی ئاو دەچوون. وەك چاوی کەژال، وەك دۆمبەلای مەمە بەرز دەبونەوە. وەك قەلشی دەمی زەوی بۆ هاتنەدەری چاوی گیا. لە تەنیشت یەکەوە شان بەشان، یەك رێز راوەستابوون ..!! وشەکان رێزەی گلۆپی کارەبایی ناو چاوی ئێوارەیەکی بەهاربوون. وشەکان رەشبەلەکی گەرمی سۆزو سوتانی تۆلاژو لاوەندەکان بوون. توندو بە سوتانی بێ دووکەلّی نەرم بوون، یەکتریان لە ئامێزگرتبوو. هێدی هێدی رێزەکان بەشان و پیل دەرۆیشتن. دێرێك، دێری پێش و پشتی خۆی توند رادەکێشا، لە ترسی ترازان و دوورکەوتنەوە، رەشبەلەکی وشەکان و زەماوەندی نامەکە ئاوێتەببوون.

کە وشەیەك لەناو ئەنگوستە رەق و رەشەکانی دروست دەبوو، کە وێنەی وشەیەکی تری دەکێشا، کە چاوی گولّی پەمبەی وشەیەکی پر سلاَو هیوای یەکێکی تری دەنەخشاند، نامەکە دەبووە تابلۆ. دەبووە بووکی رازاوە خۆی ئامادەی سواربوون و گەیشتن بە زاوای

www.Kurdistannet.org

قوومی جگەرەیەك تاڵ لەدایك دەبوو، هەموو دێرێك ناوو ناسنامەو شوێن و پایەی خۆی هەبوو ..!!

- کورە هەی شێت و گێژ، تۆ بۆ ئەو نامانە دەدرێنیت، ناوی دایکت رەش دەکەمەوەو ناوی حەپسەی دایکمی لەسەر دادەنێم. ناوی خاڵت رەش دەکەمەوە، ناوی کاکمی لەسەر دەنووسم. ئەوان نامەی وای منیان بەدەست بگات، هەموویان بە قاچاخ دێنەوە دوام، دێن .!! لە خۆشی من ئەوان دێن، دەڵێن، دیارە دلێر گۆڕاوە، بویتە پیاو، دیارە مامۆستا هەڵکەوت راستی کردیتەوە، دیارە کەسێ هەبوو، ئەو راست بکاتەوە، هەموویان رێ دەگرنەبەر، دێن، تا من ببینن ..!!

نامەکانی سەعید، شێوەی نوسینی، دارشتنەکانی، خەتە خۆش و زۆر نایابەکانی سەرنجی مامۆستا هەڵکەوت و مامۆستا دڵشادو هەزارەها مامۆستاشی رادەکێشا. ئەگەر یەك ناوی لە هزرا دەربازبوایە، ناوی جیرانێکی لە رێزی ناوی جیرانەکانی لەبیر چوبایە، ناوی هاورێییەکی مەکتەب و عەسکەری و رۆژانی فیراری و .. لە بیر چوبایە. ناوەکەی لە لایەکی تر نەدەنوسی، لە رێزێکی ترا، نەیدەنووسی، هەروەها سلاوێش لە فلان و مامۆستا فلانیش دەکەم، نا .!! وای نەدەکرد، نامەکەی دەدڕاند، وردی دەکرد، دەیکردە سەد پارچەی ورد، چۆن وردو هێمنانە نوسیبووی ئاواش وردو نەرم نەرم دەیدەڕاند. سەرلەنوێ، دووبارەو سێبارە یەك نامەی دەنوسییەوە. ماندوو نەدەبوو، تاقەتی لە رێزکردنی سلاوەکان نەدەچوو ..! چاوی کزنەدەبوو، پشتی لە دانیشتن بەدیار نامەیەك نەدەهێشا، خەوی نەدەهات.

زوو ئەو رووبەرە چڕە دارستانە سەوزەیان تاشیبوو، چەندین داری بەرزو ناوشان ئەستوورو بالا ئاسمانیان بریبۆوە، ئەو رووبەریان بۆ ئەو کەمپە لەعنەتیە، تاشیبوو، لەبەردەمی شوێنێکی بەرتەسکی مابۆوە، ئەویش بەودواییە کرابووە، دروستکراوێکی نوێی بە دارو ساج و ئەلمنیۆم و شوشەو کەرەستەی نوێ قیتکرابۆوە، لەو بینابیە تازەیەدا، کەبەشی زۆری بەر ئەو خێزانانە کەتبوو، کە منالی ساوایان هەبوو، لەوێ کافتریایەکی خاوێنی شوشەبەندو بە کاونترو تەباخی تازەیان دامەزراندبوو.

www.Kurdistannet.org

هاتنی تێدا نەدەما. سەعید، پاش ئەو دەمانەو درەنگتریش، زۆر دەرنگتر، قووریەك چای ڕەشی لێدەناو پاکتێك جگەرەی قاجاغی هەرزان و چەرخێکی دەبرد، دەچوە ئەو کافتریایە، تەنیا نەرم و لەسەرخۆ نەوەك خشپەی، منالێك بەئاگا بێنێت. نەك کردنەوەی دەرگاکە دوو کەسی سوتاوی رووتی ناو ئامێزی خەوتوو بەئاگابێنێت. بە هێمنی دەخشی، بۆ نەخشاندنی نامە، بۆ بۆندارکردنی سلاو بۆ قەیدی کردنی ناوی خزمەکان و هەڤالەکان و ... لە نامەیەك و دوو نامە و زۆرتر دەچوو..!

خەریکی نامەکانی دەبوو، نامەکانی لەسەر مێزە پانەکە ڕێزدەکرد، هیچیانی تەواو نەدەکرد، هەر دەمێك خەریکی یەکێکیان دەبوو. چەند دێری بۆ دایکی دەنووسی، دوایی یەکێکی تری تەواو دەکرد. تا یەکەم کەسی ئەو بەشەی کەمپەکە هوشیاردەبۆوە، ئەو تەنیا بەکورسی و مێزە تازەکانا وەدەنووسا. هەر دەینووسی، نامەکانی ماوەیەکی زۆری خایاند. ئەو بەزمەی ئەو، بوە بنیشتە خۆشەی سەرزاری هەمووان، بەردەوام باسیان دەکرد، ناوی سەعیدو نامەکانی یەکەم هەوال بوو. لە وەرگرتنی ڕەفزو ئیقامەکان، لە پەیوەندی نێرو مێیێك زۆرترو گەرمتر باسی دەکرا.

تا ئەو ڕۆژەی پیرەژنە قالتاغەکە، بەسەری گۆپالەکەی، ملی ئەوی ڕاکێشاو سواری پشتەوەی ئوتۆموبێلە قوندە کۆنەکەی کرد. تا لموززی سەگەکەی دەمووچاوی ئەوی بۆنکرد، بۆناسینەوەی، زۆری بۆنکرد. ئەو دەیزانی خاوەنەکەی ئەمجارە ئەو پیاوە دێنێتەوە، دەبێ .! جوان و زۆرو بۆ ناسینەوەی بۆنی بکات. لیکاوی چەوری، مشەمشی لە گەردەن و دەموچاوی ڕامووسێ .! سەعید، لە گەڵ سەگێك کەتبووە پشتەوەی سیارەیەکی بچووك، سەگەکە تا ناسی و جوان بۆنیکردو دڵنیابوو، وازی لێهێنا. سەعید، بە ئاوەگری و بە تێری و بە لەڕی و بە ترسەوە، زاوایەکی بەزاواونەبووی سەرشۆر، گەڕایەوە. لە دواییدا، وەك پەیکەری جەنراڵێکی سەرکەتوو، سەربەزرو بێباکانە لەبەردەم دلێرا ڕاوەستا. ئالایەکی تازەی پێش کۆمپانیەك بوو بە شکۆوە دەشەکایەوە. بواری ئەوی نەدا، زوو هاتە دووان، پێش ئەوەی ئەو بکەوێتە جنێوو گاڵتە پێکردنی، زاری کرایەوە.

www.kurdistannet.org

پەیداکردوە. من پەنجەکانم لەگەڵ زەیتون رنینا هەلوەرین. من بیست سەعات بە پاپۆرا بۆ ئیشکردن، وەك ماسیەکان بن ئاوم لێداوە. وەك نەورەسەکان، بۆ ئیشکردن فریوم. پارەم بە ئارەقەی نیوچەوان ... تۆش بە شەوچەرە لەگەڵ پیرەمێردەکانی مەیدانی ئەمۆنیای ئەسینا، بە شانازییەوە ئەوەتان دەگێرایەوە.

ــ من شەرم ناکەم، یەك رەنگ بویمە، لەوەتی هەم بای زەمان دەمهەژێنیێ. خوارم، کەمای گۆچان بویمە، خوار ..!! وەك تۆ نیم، هەفتەیەك پێشتر، پێش پەیدابوونی ئەو ژنە، پێش ئەوەی سەگەکەی ئاوەگرت بکات، باسی دین و نوێژو ...... دەکرد. وا ئیمرۆش ئەوەندە ئاوەگری بە سەدان بارە خۆڵ و گڵ پاك نابیتەوە. وات باداوەتەوە، وا گۆراویت، کەسمان وا نەگۆراوی ..!!

ئەو شەوەش سازەکەی عەلی و سوتانەکەی بەفری چاوەروانی عەلی ئاگرەکەی کوژاندەوە ..!! یەخەی سەعیدی ئارەقەکردووی لە دەستی درِی دلێری سەرشێتی دەرهێنا. رەوشەکەی ئارام کردەوە، جنەکانی رەواندەوە. عەلی سوێندی دەخوارد، راستی دەکرد، پیاوی درۆکردن و فشەکردن نەبوو، هەموو بروایان پێدەکرد، دەیانزانی چی بڵێت، راستە.

( من لە شیرینە خەوو خەیالی قوول و بەستەلەکی بەفری سرِم، سازەکەم بەئاگام دێنیتەوە. کە سەعید، پەتی لە ملەو ژنە قالتاغەکە رایدەکێشیێ، سازەکەم بە دیوارەوە دەناڵێنیێ. کە مامۆستا هەڵکەوت، جۆگەی فرمێسك بۆ دوێنی و منالّەکانی هەڵدەرێژێت، سازەکەم لە شوێنی خۆی دەلەرزێت. سازەکەم بەئاگایە، بەو خەڵکەوە بەندە، هەموویان دەبینیێ، لە هەر سوچێکی ئەو کەمپە بەکون و قوژبنە، هەموویان دەبینیێ.

دەبینیێ، چۆن مولازم ئازاد ئەوەی هەیەتی، هەموو لە کیژە یەك ساڵیەکەی ئەو ژنە عارەبە سەرف دەکات، شەوان بە پارەی خۆی، مێردەکەی لەسەر مێزێکی چەور مەست دەکات، منالّەکەی بەیاری و دیاری دەخافلێنیێ، تا بچێتە گژ ژنەکە. سازەکەم زوو دەزانی، لەو ژوورە داخراوە هەست بەوە دەکات. جەرگی دەسوتیێ، دەچەمێتەوە. شەرم دەکات، دەتاوێتەوە. تاوانەوەی سازو ئاواز زۆر دەگەێنیێ. سوتانی حەیران، هاواری هۆرە، چریکەی بەستەکان، هەمووی هی ناخی بنیادەمە. سازەکە بە دیوارەوە نیە، چاوکراوەو هوشیار لەم

www.Kurdistannet.org

جێگاو بالینکانیان، زۆر خۆی ڕەپێش دەکات، دەروازەی نهێنیەکان دەکاتەوە، گرێیەکانی شلدەکاتەوە. نامەکانیان دەخوێنێتەوە.

ناوەرۆکی کێسەکانیان دەزانی. یەکەیەکە دەقی داواو وەڵامەکانیان دەزانی، ناوی دادوەرەکان، کامیان دەستی شلەو زوو وەڵام دەداتەوە، کامیان کەم کەم ڕەزامەندی دەنێریت، ناوی وەرگێرەکان، کامیان ڕوویان خۆشە، کامیان یارمەتیان دەدەن. هەمووی دەزانی ..!!

ترسم هەیە ڕۆژێك لەداخی ئەوە، لەبەر درکاندن و ناسینی ئەوانە، سازەکەم بدزن، شونبزری بکەن، شەق شەقی بکەن، لەبن پێیان وردو خاشی بکەن. زۆر دەترسم بێ سازم بهێلنەوە، یەتیمم بکەن، دایکوباوك وخوشك و براکانم ئەنفال بکەن. سازەکەم هەناسەو چاوو دایك و ئیقامەو شوقەو پەساپۆرت و پارە پەیداکردن و .. سازەکەم خۆمە، سازەکەم سمێل و شەرەفمە .!! ئەو نەبێ من و ئەوان دوو دونیای زۆر لەیەك دوورین، چەندین سنوورو تێلبەندو سوپاو سەیتەرەو کەمینمان لە نێوانە. ئەو منی بەوان بەستیتەوە، ئەوە گوێ لە لایلایەکانی دایکم دەبێت. ئەو، وشە پیرۆزەکانی دایکم بۆ دێنێ. سەردوڵکەکانیم بۆ هەڵدەگرێ، فرمێسکە گەرمەکانی ناو ژوورە تاریك و بێ ئاوو ساپیتە مقەباو کۆنەگوش و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ناو ئەستنبۆلم بۆ دێنێ.

بە سازەکەوە پیاوم، هەموو لێم کۆدەبنەوە، هەموویان دەستم ماچ دەکەن، دەتاوێنەوە، شەرمم لێدەکەن، ئارەقەی شەرمەزازی و شوورەیی جۆگە جۆگە ڕوودەکەن، بۆم دێنە سەرچۆك، تا درەنگانی شەوان دەمینێنەوە، تا هەوارەکەم چۆڵ دەبێت ئینجا نهێنی ئەمرۆژەم بەئاسانی بۆ سپی دەکەن. بۆ من ئیعتراف ناکەن، بۆ من نیە، ئەو سازە زمان و ڕفتار شیرینەیە. ئەو دەزانی چۆنیان بێنێتە زمان و دووان و وردو درشت هەمووم بۆ هەڵدەرێژن.

کە بێزارو بێ تاقەت و تەنیا دەبم، چاوێکی لێدەکەم، تەماشای دەکەم، بزانم ناجولێت، ناهەژێت، ناسوتێت، تا شەو درەنگان، یەکێکیان بە ئەستۆی خەم و چاوی گریاوو دڵی شکاوو مەلوول بێت .!! تەماشای دەکەم، چاوم لە تەلەکانیەتی بزانم چۆن دەهەژێت.

www.kurdistannet.org

بپارێتەوە..!!

من زوو دەزانم، چاوم هەر لەوە، بەوە بەندە، بەوە گرێدراوە، تا بزانم مێوانم هەیە، کێ دێ،

چی لە هەناوا پەنگی خواردووە ...؟؟!!

ئەوەی سەر لە ژوورەکەم دەدات و کرنۆش بۆ سازەکەم دەبات،

بێگومان دەستی سوتاوە ..؟؟!!

کێ داخی کردووە، کام پەنگر، کام چوزوو، کام زەرگەتە پێیوەداوە ..!

دێن، شەوانە مێوانێکم هەیە، دەك بە خێربێن، بەسەرچاوان، زۆر رێزیان دەگرم، زۆریان بۆ دەژەنم. ئەو هەناوو نهێنی و کولاَن و دابڕانی بۆ من دەژنی و منیش سازەکەم، قوورگم، هەناوم.

ئەوەی بێت، تیماری دەکەم، نەرم نەرم دەستی نازو ئارامی بەسەردا دادەهێنم. برینەکەی دەدۆزمەوە، بە گوێرەی قوولی زامەکە، من بۆی دەژەنم.

من بێ ئەوان هیچ نیم ئەوانیش بێ من هیچ نین. بەیەکەوە، تیماری ژانی رۆژانەی یەکتری چارەسەرو تیماردەکەین ).

❊ ❊ ❊

دەبووە سەعات دەی پێش نیوەرۆ ئۆقرەی نەدەما، دەهاتودەچوو، سەرێکی لە دەرگا باریك و تەسکەکەی قاوشەکانی کەمپەکە دەبردە دەروە، دوورو نزیك لە سیارە بچوکەکەی پۆست رادەما. ئەو یەکەم کەس رووی بە رووی ژنە پانتۆل کورتەکەی پۆست دەبوو. زۆری تەماشاکردبوو، جوان لە ئاکارو شێوە رۆیشتن و دەست و سویچی سیارەو کۆڵی پۆستەکەی شارەزاببوو. لەناو دەستیدا، لە بنهەنلگیدا، دیقەتی دەدایە زەرفەکان، هەر بەچاو دەیزانی چەند نامەو چەژنانەو بەریدی رەسمی تێدایە. لەناو بەریدە رەسمیەکانا، شارەزاببوو، دەیزانی وەلاَمی ئیقامەیان لەگەڵە یان نا..!! ئەو دەیووت، وەلاَمی ئیقامەکان، زەرفەکانیان درێژو قەلەو باریکن، ئەگەر رەفزەکە بێ، ئەوە گەورەترە، قەلەوترە لە ئیقامە. هەروەها لەناو دەستی ژنە پرچ کورتە پۆستیەچییەکەدا، ئیقامەی سیاسی و ئینسانی لەیەکتری جیادەکردەوە، زوو رایدەگەیاند، ئیمرۆ تێدایە، دەبێ چارەنووسی کێی تێدا بێ ..!!؟؟

www.kurdistannet.org

ئەویش بە دڵنیاییەوە، دەیووت:

بەڵێ، پۆست هاتووە.

یان دەیووت:

ئیمرۆ، دووشەممەیەو پۆست درەنگتر دێ!

وەڵامی دروست و راستی لەناو دەستی دەنان. سیارە بیجۆیە زەردەکەی پۆست، هەڵکەوتی بە شارەکان و وڵاتان و جیهانی داخراوی ئەم کەمپە گرێدەدا. وای دەزانی ئەو سیارە، ئەم ژنە چوست و خوێن شیرینە، تایبەت لەبەر چاوانی ئەو دێ، ئەو ژنەی بە چاوێکی تر تەماشادەکرد. کە دەهات تەماشای جانتاو زەرفەکانی ناو دەستی دەکرد، تەماشای چاوی دەکرد. لە چاوەکانی ئەویش رەفزو ئیقامە بەدی دەکرا، ئەویش دەیزانی ئەو پۆستەی ناو دەستی ئیقامەی تێدایە، یان رەفز..!! کە دەگەڕایەوە، لەبەر چاوی ئەو دەبۆوە ژن، جوان دیقەتی دەدایە سمت و چۆك و پشتملی، لەگەڵ هەنگاوەکانی دەجولا، ئەو دووردەکەوتەوە، هەناسەی ئەو نزیکتر بەدوای دەرۆیشت. یەکەم ژنە کە دەیبینی بۆ چاوی ناوەستێت، تەماشای جولەی سمتی خری ناکات، یەکەم رەگەزی مێینەیە، بیر لە هەناسەو تاوانەوەو .. ناکات.

ئەو هەر وتویەتی، ناسکی پەنجە، لووس و سپی و نەرمی، واتە ژنی شۆخ و تەڕ. کەم پیاو هەبووە، تامی ژن، جوانی ژن، زەریفی ژنی لەدەست و پەنجەکانی بەدی کردبێ. پیاوی وەك ئەو دەگمەن بوو. بەڵام، وا لێرە، تەماشای نەرمی و شلی و ناسکی ناکات، وردو جوان تەماشای زەرفەکانی ناو ئەو دەستە نەرمەی دەکرد، حەزی دەکرد دەستە نەرمەکانی، پەنجەکانی لەناو بەندو دەستەو دەقی نامەکانا دیار نەبێ، ئەو دەستەی دەیوست، بەنامەو وەڵام گران بێ، نەك نەرم و تەڕو نیان بێ ..!!

ژنە پۆستەچییەکە هەموو بەیانیان رووبەرووی دەبێتەوە، لە پێش دەرگاکەدا چاوەڕوانی دەکرد، هاوشانی ئەو دەچووە ژوورەکە، ئەو کە پۆستەکەی لەسەر مێزە ئاڵۆزو گەورەکە دادەنا، یەك یەك، خێرا، یەکەم جار لە ناوی خۆی دەگەڕا، لە ناوی کوردەکانا دەگەڕا، ناوی

www.Kurdistannet.org

نامەی هەبووایە، دەیتوانی بەو چێشتانە، لە دەرگاکەی بدات و بەئاگای بێنێت.

ئەو دەیووت، ئەو رۆژەی سیارە زەردەکە نەهێت، ئەو رۆژەی زەرفەکان نەگەنە ناو کەمپەکە، هەوا کەمترە، مێشولە زۆرترە، شەو درێژترە، زووتر توورە دەبن، کەمیان دەخوارد، زۆریان دەخواردەوە، زۆرتر چاوەروانی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی عەلی دەکەن، زۆرتر شەیدای سازەکەی ئەو دەبوون. ئەو وای دەزانی ئەو رۆژەی نامە نەبێت، دابڕاوە، کەس ئەوی لەبیرنییە. گرنگ ئەوەبوو، نامەیەك هاتبایە، زۆر گرنگ نەبوو نامەکە بۆ کێیە. گرنگ ئەوە بوو، نامە، واتە ناردن و بەرێکردنی هەوالی تازە، واتە هاتنی زۆرشت، ئەو دوو رۆژەی پشودانە، ئەو رۆژەی سیارەکە لەناو گەراجەکەی دەزگای پۆست رادەگیرا، ئەویش مەکینەی خۆشی و هەوالی رادەوەستا.

بۆ پشودانی نامەو هاتنی پۆست دوو رۆژە ..!!

کەی ئەوان لە هەفتەیەکا دوو رۆژیان کردیتە پشودان ..!!

ئەوان حەز بە پشودان دەکەن !

تا بچنە سەر کەنارەکان، خۆیان رووتبکەنەوە !!

تا شەوەکەی زۆر بخۆنەوە ..! تا میوانیان بێت ..!!

تا برسی بن، تا تێر بن، تا بخوێنەوە، تا ...!!

ئەوان دوو رۆژیان کردیتە پشودان، تا دوو رۆژی درێژ دەموچاوی ئەوان نەبینن،

تا پۆستەچییەکە نەێتە ئەو رێگا دوورە،

تا کاربەدەستانی ئەو کەمپە دوو رۆژ دوور بن لە گۆمی بۆگەنی کەمپەکە،

تا ..!!

ئەویش ئەو دوو رۆژەی بە دوو هەفتە، بە دوو مانگی دەزانی ..!! چاوەروانی ئەو دوو رۆژە زۆربوو، درێژبوو، تەواوبوون و هاتنەوەی دوو شەممە نەخۆشی و مردن و ژان و تاوانەوەبوو .! ئەوان وایان لێکدابۆووە، کە رۆژانی دوو شەمموان وەڵامی ئیقامەو رەفزەکان زۆرترن، هەموویان لەو رۆژە زۆرتر بەرێ دەکرێن .!

www.Kurdistannet.org

کامیان وەڵامی وەرگرتیتەوە!

کامیان، کێ .! نزیکەو زۆری نەماوە بۆی دەربچێت ..!!؟

کێ نامەی ئەستووری چەند نامە لەناو یەکی بۆ دێت .!!

کێ وێنەی زۆر بۆ دێت ..!!

کێ چاوەڕێیەو نامەی بۆ نایێت .!! کامیان نامەکان زۆر دەخوێنێتەوە، لەگەڵ دێرەکانیان دێردێر فرمێسك دەرێژێت ..! هەمووی دەزانی، مامۆستا هەڵکەوت، پولەکانی دەناسی، هی هەموو ولاتانی بە خێرایی لەیەکتری جیادەکردەوە.!

❊❊❊

هەرسێکیان لەسەر قەرەوێڵەی دووەمی ژوورەکەی عەلی جێگایان بۆ خۆیان سازاند، روویان لە عەلی کرد، تەماشای ژوورەکەیان کرد، ئەویش تەرمەو لەناو گۆرە سپیەکەی راستبۆوە، بە کاوبۆیەکی باریك و فانیلە سپیە بۆرەکە هەڵسایەوە، دەموچاوی بە دەستە پانە وشکەکەی پاککردەوە، بە ئەنگوستە باریکەکانی چیق و چەوری و تەراییەکانی هەر چوارگۆشە سیسەکانی چاوانی پەرتکرد، لینگە درێژەکانی بە ئاسانی لە رۆخی قەرەوێلەکە شۆرکردەوە،

بە ئاسانی دەستە درێژەکانی گەیاندە کۆنە تەسجیلەکەی، بە زەحمەتی دوگمە شکاوەکەی پاڵداو قرتەی لێوە هێنا، بە جیرەکەی زانی کەوتە کار، کاسێتەکەی لەناو هەناوی شکاوی تەسجیلەکەی دەرهاتبوو، بە نازەوە دەستێکی لێدا، دەنگەکە سازتر هات.

کە ئەوەی تەواوکرد، واتە لەخەو هەڵساوە، دەرگاکەی لەسەر پشتە، عیادەکەی کراوەتەوە، سازەکەی ئامادەیە، ئەوەی دەیەوێ بێت، دەتوانی بێت. پاش عەسرێکی درەنگەو عەلی لەخەو رابووە، عەلی لە مەستی و تاوانەوەو سوتانی ئاواز بویتەوە، تەواو خۆی سازکردووە، هەناوی تەژی ئاوازو پاکی و تەنیایی و سوتانی بێ دووکەڵی عیشقە ..!!

- دەزانی ئەمجارە بۆچی هاتوین..؟؟

- نا..!!

- هاتوین ..( هێشتا ئەوان هیچیان نەوتبوو ).

نابینی شەوان، سوتاوو برژاوو دزراوو حیزو قوندەر، لە دەرکاکەم دێنە ژووریٚ، تا بەرەبەری بەیانیان رووبەرووم دادەنیشن، ئەوان من بە شێت و دین دەزانن، دێنە سەرچاکی من، دێن تا تاو لەزرو سوتان و دڵەراوکیٚ بەریان بدات، دێنە لای نەخۆشێکی ماندووو هەناسەسوار، تا چاکببنەوە ..!! خۆیان نەخۆشن، دێنە سەرگۆرەکەم، تا من چارەسەیان بکەم ..!!

- نا ئێمە بۆ ئەوە نەهاتوین .!

- بۆچی هاتبن، من لە سوتانی ( شوانە ) فێری سوتان بووم، دووکەڵی ئەو قوورگی گرتم. ئەو دەسوتا، منیش گەرم و سارد دەبووم، لەرزم دەگرت، دەبرژام ..!! ئاگردانی سوتانەکەی، تەنیاییەکەی، نەفرەتکردنی ئەو فێری کردم، راهاتم. من سوتاو بەچاوو روو و هەنگاو دەناسم. ئەو دەهات، کە باران شەقام و کۆلاٚن و بازاری لوولدەدا. کە گەرما هەمووانی بەغاردەخست. هەموو بۆ سابات و نواکانیان تەنگاوبوون، ئەو دەمانەی ئاسۆی بەرچاوان تەنیایی دروستدەکرد. ئەو بە لوولی، بە سوتاوی، بە گریانەوە دەهات، یەك بە دەنگی، لەناخەوە، هاواری دەکرد ...!!

دەردی دڵی من زۆر گرانە، دەردی دڵ ..!

دەردی دڵ، لای تۆ ئاسانە، دەردی دڵ ..!

بەیەکەوە سەرمان بەیەکەوە دەنا، دونیا کشومات، چاوی کەسمان لیٚ دیارنەدەبوو، تەنیا، بۆ یەك دەسوتاین، من گڕم دەگرت، ئەو منی دەکوژاندەوە، ئەوی سوتاویش بە هاوارو ناڵەی سازەکەم دەکوژایەوە. سوتانی ئەو عیشقی سازو ئاوازی فێرکردم، بۆ خۆی، تەنیا بۆ سوتانی بەفری دڵی خۆی گۆرانی دەووت، بۆ یەك کەس دەسوتا ..!! لەو فێربوم.

بواریاندا تا لە هەموو قسەکانی بۆوە، تا ژانی بەردەوام و کوشندەی دووری دایکی بەرییدا. بواریاندا، نەرم نەرم گوێیان راگرت، بۆی سوتان. رستەکان، وتارەکەی تەواوکرد. هەموو ئەو وتارەیان لەبەربوو، پێشەکی بوون، سەرەتای کوژاندنەوە بوون. ئینجا پرسیان:

( عەلی، تۆ هیچ ناونیشان و ژمارەی تلفۆنی دایکت لە ئەستنبۆل نازانی هیچ شتیٚ شك نابینی ..!! هیچت لە بیرنیە، ناویٚ، خزمیٚ، ناسیاریٚ، ئەو خێزانانەی پێش دەرچوونی

...!! کەست لەبیرنەماوە، ئێوە سەرەرێ بوینە، ئەوەی هاتبێ، کەرابێتەوە ... لای داوە.
کەسی وات لە بیرنەماوە، یان کە دەرۆیشتن، ناونیشان و ژمارەی تلفۆنی هەلەیان جێدەهێشت، خوداحافیزیان نەدەکرد. کەست لە بیر نەماوە ..!!؟؟ کەست لەوانە لەبیرنەماوە، ناوی هیچیان نازانی ..!! ).

بە کلیلەکەی ملی دەرگای سکۆبە ئاسنەکەی کردەوە. بە کلیلی دووەم چەکمەچەکەی کردەوە، لە پەنایەکی پاکتێکی جگەرەی کۆنی دەرهێنا، جگەرەکەکانی بەتاڵکرد، لە پەنا کاغەزە بەسیمەکە، کۆنە کاغەزێکی کۆن و ئەو پارەی لە رۆژانەکەی مابۆوە دەرهێنا، کاغەزەکەی لەبەردەمیان دانا. کاغەزەکە رووحی لەبەر نەمابوو، کۆن و شڕبوو، لەمێژبوو دەقکرابوو، زۆر لە گیرفان و جزدانان هەڵگێرابوو. کاغەزەکە بەقەد ناولەپێك دەبوو، چوار قەدبوو، نوشتابۆوە. کە دەقەکانیان بە نەرمی کردەوە، لە رووی رامان، چەند دێرو پیت و ژمارەی شاش و دوورلەیەك و سراوەو رۆیشتوویان بینی. لێیان پرسی:

- ئەو پارچە کاغەزە شاش و گەچراوە چیە ..؟؟
- کە هاتم، کە شەوەکەی تەسلیمی دەستی قاچاخچیەکەیان کردم، ئەو پاچە کاغەزەیان لە جزدانەکەم ئاخنی، وتیان، ئەوە ناونیشان و ئەدرێسە، بەوە دەتوانی بماندۆزیتەوە. نامەمان بۆ بنوسە، هەواڵت با بزانین ..!!
- نامەت بۆیان نوسی ..؟؟
- نا ..!
- بۆ..!!؟؟
( بەنەرمی و بەشەرمەوە، هاتە وەڵام )..
نازانم، من هیچ نازانم، لەدایکم دوورم، هیچ نازانم، ئەو لێرە بوایە خەمی لێدەخواردم، ئەو دەتوانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو منی پێدەدۆزرێتەوە، من ئەوم پێنادۆزرێتەوە، من بێ ئەو .. پارچە کاغەزەکە هەرسێکیانی لەیەك نزیککردەوە، سەریان هێنایە نزیك یەك، چاویان لە تیپەکان گیرکرد، ورد لە پیتەکان رامان، بۆیان روونبۆوە، ئەو پیت و ژمارانە ئەدرێسە،

www.Kurdistannet.org

ماناى شوێنى دەكەياند، ئەوەى ديارو مەبەست بوون، نەمابوو .!! چەند پيت و ژمارە بە ئارەقاى رێگاو خۆشاردنەوە و ترس و شاردنەوەيان رەشببونەوە، چەندى بە لوولدان و گەچرانى نەمابوون ..! ئەدرێسەكە، تاكە هيواى على بوو، دايكى بدۆزێتەوە. ئەدرێسەكەش، وەك خۆى حالى شربوو، ئەويش وەك ئەدرێسەكە بێ سەروبن بوو ..!!

مامۆستا دڵشادو مامۆستا هەڵكەوت و مەلابرايم، هەموو زانين و خوێندەوارى خۆيان لەو پارچە كاغەزە، لەو ئەدرێسە لە رێگا ماندووكراوە سەرفكرد. ئەدرێسەكەيان گەياندە لاى كرمانجەكانى كەمپەكە، تا ئەوان شارەزايى خۆيان لە ناوو ئەدرێسى ناو كوچەو گەرەكەكانى ئەستنبۆل بەكاربێنن. ئەوانيش، ئەوەى هەر ئەو جارەى كە بۆ دەربازبوون و راكردن و پەرينەوە لەو شارە گوزەرى كردبوو، ئەوەى زۆرى لەو شارە بەسەربردبوو، بەلاّم لەتەمەنى ئەويى، لە رۆژانەى ژيانى پر زەحمەتى ئەويى، كارى بە ئەدرێس و نوسين نەبووە، ئەوەى كوردى نەدەزانى و نەيتوانى هيچيان لێ حاڵى بێت ..! ئەوانيشى سەرقالكرد، مەسەلەى عەلى لە ساز وەرگرتن و سەداى سوتانى ئاواز لاى ئەوانيش گەيشتە گومبوونى دايك و سوتانى بەفرى هەناوى گەرمى چاوەروانى ..!!

پارچەكانى ئەدرێسەكەيان بە هەموو شێوازو زانيارييەكان بەستەوە، پيتەكانيان بەيەكەوە گرێدا، ژمارەكانيان رێزبەندكرد، پارچە كاغەزە نيوگيانەكەيان كردە ئەدرێسى دايكى عەلى.

ئەو كۆنە كەلاوەى دايكى بە پارەيەكى زۆر كەم تێدا دەژيان، ژوورێك و لاچاوەيەك، ئاودەستێكى نەوى، تاريك، كەم ئاوو بێدەرگاو بێ ئەدەب. ژوورێكى تاريك، تەڕ، بێ قالدرمەو سەربان. ئەو ژوورەيان، هەوارى ئەم شارە جەنجاڵ و گەورەيان لەچاو خانووەكەيان، لەچاو ماڵى هەولێرييان، كۆريتە سەگێك باشترو خاوێنترو بەئەدەبتر بوو.

ئەو ژوورەيان بە مليونەها ليرەو بەدەست ماچكردن و پارانەوە بەكرێگرتبوو، بۆ چاوپۆشين بەرتيليشيان دەدا. بۆ ئەو نواو كەپرەيان، ئێواران، نيوەشەوان، هەر يەكێكيان شەكەت و ماندوو، لەكارو چاوەروانى بە خشەخش دەگەرانەوە. دايكيان وەك مريشكێكى دڵسۆز،

www.Kurdistannet.org

جێکایان دەبۆوە، چونکە باوەش و ئامێزی دایکی بەوەفاو بە فرمێسکی گەرمە، بۆیە دەحەوانەوە، نەرم نەرم پەپولەی خەو دەخزیە چاوەکانیان. لەو باوەشە گەرمەدا، لەو نازە شکۆدارە، بەشی عەلی، شوێنی عەلی، نەرم و گەرم و ئارامەکەبوو ..!!

- عەلی ئەوە ئەدرێسەکەمان مسۆگەرکرد، با نامەیەك بۆ دایکت بنوسین ..!!

- نامە..!!!

- نامە .. بەڵێ نامەیەك دەنوسین و بەیانی بۆتی پۆست دەکەین، بە هەفتەیەك دەگاتێ .!

( بۆم بنوسن، تایبەت بۆ دایکم بێت، بۆم بنوسن، دایە گیان بە قەدی قوولی و پانی دەریای ئیجە خۆشتم دەوێت ..! وەك شەپۆلەکانی بۆ تۆ شێتم، وەك چاوەکانی لە دووری تۆ شین هەڵگەراوم.

بۆم بنوسن، دایە گیان، هۆدە سازێکم پەیداکردووە بۆنی تۆی پێوەیە. تەلەکانی وەك بسکەکانت، وەك کەزیەکانت نەرم و شلن. سازێکم هەیە، دەستەلاتی حکومەتێکی بە هێزی هەیە، ئەوەی دەستەلاٚتدارانی ئێرەو ئەوێ بۆیان چارەسەرنەکرا، ئەو دەتوانێ ...!! هەرگیز سازی وا ئەفسوناویم نەدییوە ..! سازم نەبینیوە، پۆلیس و پێشمەرگەو پارێزەرو دوڵبەرو دایك و باوك بێ ..! سازم نەبینیوە، هەموو زمانێك بزانێ، لە زمانەکانی ئەو کەمپە گەورەیە بگات.

کێسەکان شیدەکات .!

گرێیەکان شرۆڤەو ئاسان دەکات .!!

سازێکم هەیە، بەفر دەسوتێنێ..!!

دایە سازەکەم وەك سینگی تۆ گەرمە، وەك چاوەکانی تۆ دەگرێت، وەك روومەتت دەبریسکێتەوە.!

دایە.! وام دەزانی هەرمن سوتاوی تۆم، هەر من کوڕی دایکی خۆمم، هەر منم تا سمێڵیشم رەش بوو لە باوەشت نوستووم، وام دەزانی هەر من بۆ دایکم سوتاوم.

لەو کەمپە گەورەیەدا، لەو پاپۆرە شەق و شڕەدا، لەو قەحپەخانەیەدا، لەو گرتوخانەیەدا، هەموویان بۆ دایکیان دەسوتێن، هەموویان ...

www.Kurdistannet.org

شەکرەکەی دابەزێت ..!!

دایە..!! دەستێکم تۆ بە بەرۆکی خۆتت راهێنا، " شوانە" ش دەستەکەی ترمی بە ساز ئاشناکرد. هەردووکتانم لەدەستچوو، هەردووکتانم گومکرد، دەستم لەهەردووکتان بەربوو. بۆ هەردووکتان دەگریێم، بۆ تۆو بۆ شوانە دەسوتێم.

ئەگەر ئەو نامەیەت بە دەست گەیشت، ئەوە چاك دەزانی دلّی تۆ لەکام خالّ و لەکام گۆشەی ئەم دونیایە لێدەدات. تۆ نازانی دونیا چەند گەورەیە، تۆ نازانی ئیجە چەند پانە ..!! تۆ نازانی من چەند دوورم، سۆزی تۆیە، لەبەر تۆیە من بەرگریم کردووە، بۆ تۆیە من ماوم، ئەوەی منی پاراستووە لەبەر چاوانی تۆ بووەو بەس .!! ئەگەرنا من دەربازنەدەبووم، ئەگەرنا سازم دەستنەدەکەوتەوە، ئەگەرنا نەدەژیام ..! ئەگەرنا قاچاخچیەکان بەگۆشت و ئێسکەوە دەیانخواردم، خۆشەویستی و سوتانی تۆ نەبوایە ماسیەکانی ئیجە لوولیان دەدام، تۆ منت پاراست .. تۆ .. تۆ ..

زوو وەلاٚمم بۆ بنوسنەوە، زوو وەلاٚمم بدەنەوە، هەر ئەو رۆژەی دوکاندارەکەی سەر کۆلاٚنەکەتان کە نامەکەی لە دەستان نا،

کە خوناوی خوشکم بۆتی خوێندەوە،

کە هاواری برام دووبارە بۆتی خوێندەوە،

کە میوانەکان بۆتیان خوێندەوە،

کە دلّت خوێندیەوە،

کە چاوت بینی.

بۆم بنوسنەوە، پاش من، ئەو چەند مانگە چۆن ژیاویت، چۆن هەناسەت هاتووە..!! بۆم بنوسەوە، من لەسەر ئاوو ئاگرم، من چاوەروان دەبم..

بۆم بنوسن، بە دایکم بلێن، من دەلێم:

بێ دایکی و یەتیمم پێوە دیاربووە، لەو رێگا دوورە، دایك و دوعاکانی باشترین و پیرۆزترین بوارن بۆ رزگاربوون. جارێکی تر یەك بست، یەك هەنگاو بێ ئەو رێناکەم، دووورناکەومەوە، تۆبە .! دایە ..).

بەدوودڵی لەسەرنووسی. بەڵام ..!! پاش چەند رۆژێك، پاش هیواو چاوەروانی و رۆیشتن بەهاوشانی دێرەکان، پاش ئەوەی هەموویان چاوەروانی وەڵامەکەبوو، نامەکە گەرایەوە، یەکەم نامە لە پۆستی ئەو شارەو بۆ ئەم کەمپەو بۆ عەلی، ئەو نامەیە بوو، کە ئەدرێسەکەی هەلەبوو، نەگەیشت، چووە ئەستنبول و چووە گەرەکەکە، چووە ئاسمان، بە باڵی هەموویان فڕی، بەڵام گەرایەوە.

نامەیەکی گریاو گەرایەوە، نامەیەکەی سوتاو گەرایەوە، نامەکە چووە نزیك کۆنە خانووەکەیان، نامەکە گەیشت، بەڵام بۆ گەرایەوە ...!! ئەو پرسیارە، وەڵامەکەی لەسەرنەبوو. کە نامە گریاوەکە گەرایەوە، سازو عەلی و هەموو کەمپەکە بەیەکەوە گریان. سازەکە بۆ عەلی دەگریا، عەلی بۆ هەوال و نامەی گریاو دەگریا. نامەکەی بوندەکرد، هەڵگێرو وەرگێری کرد، لێ دەپرسی:

توخوا دایکم نەمابوو ؟؟!! نامەکە راستم پێ بڵێ، دووکاندارەکە بە کرمانجی چی پێ ووتی، راستم پێ بڵێ مردنی دایکم لێ مەشارنەوە، مردنی کەسی دڵسۆزو سوتاوو .. لێ مەشارنەوە.! راستودروست لەناو دەستم بنێن، وەك ئەوانەی بەبێ شەرم و دووڵی رەفزەکانمان لە دەست دەنێن. شەرم ناکەن، بێ منەتن، زەرفێکی قەلەو چەند لاپەرەیت بۆ رەش دەکەنەوە، چەند بیانۆت بۆ دەدۆزنەوە، بیانۆیەکانیش بە چەند بریارو برگەی یاسایی گرێدەدەن. راستم پێ بڵێن، نامەکە بۆ نەگەیشت، هەر لەبەر ئەوەی ئەدرێسەکە پارچە پارچە ببوو، دەستەلاتم نەبوو، لەوە باشتر ئەو پارچە کاغەزەم پێ هەڵنەدەگیرا، هەر ئەوەندەم لە دەست هات، لەناو دڵ و هەناوم توندکردبوو، لە دڵ و خوێنم نزیککردبۆوە ..!!

❊❊❊

www.kurdistannet.org

لەسەر ئەرزا نەدەرۆیشت، بەژنی بەرزی، قەدو سمت و چاوەکانی، نازیان پێبەخشیبوو. یەکپارچە رەشی لەبەربوو، چاوی رەش، برۆرەش، قژە درێژەکەی پەخشی سەرشانی ببوو، ئەو درزەی بۆ هەناسەو نیگای لە نێوان مەمکەکانی کردبۆوە، پارچەیەکی سپی لەو رووبەرە رەشەدا، بۆ جوانی و زۆرتر نازو خۆنواندن بوو. وا دیاربوو، ئەوا دەبینرا. منالّەکەی باوەشی بێنازو ماندوو دیاربوو. یەکەم کەس ( سۆران ) خۆی گەیاندیّ، لە پێش لمووزی راوەستا، بەستەزمانانە، بە رێزەوە، چاوحیزانەش لەسەرخۆ وتی:

ــ خوشکم، تۆش کوردی، دیارە، زۆر بەخێرهاتی ..!!

ــ بەلّیّ ..!!

دکتۆرە رووناك، دەستی بەرەو سۆران درێژکردو وتی، ناوم رووناکە، ئێرە کوردی زۆرە، ئەو کەمپە چۆنە ..!!؟؟

سۆران نەوەك یەکێکی تر وەلاّمی بداتەوە، ئەو ئەوەی بەرنەکەوێت، زوو وەلاّمی دایەوە.

ــ بەلّیّ .. هەموومان لە خزمەتتدا دەبین بەتایبەتی من ....!!

زۆرتر چووە پێش، نەرمترو بە رێزەوە وەلاّمی دایەوە، حەزی دەکرد زۆری پرسیارکردبایە، تا زۆرتر قسەی بۆ بکات. ئەو دەیووت:

من کە لەگەلّ رەگەزی مێینە رادەوەستم، کە لیّم نزیك دەکەونەوە، کە دەبینم دەگرێن، کە دەکرِن، کە دەفرۆشن، ئەوەی لێپرسینەوەشی لیّدەکات، ئەو بە رووتی دەیانبینی، زوو رووتیان دەکاتەوە، دەیانسورێنیّ، روویان وەردەگێرێت، شان و شانیان دەکات ..!! ئەویشی وا تەماشاکرد. زوو بە رووتی هێنایە پێش چاوانی.

بەنەرم، بەشەرمەوە، داواو تکا وشکەکەی قوورگی دەربرِی، لە سۆرانی پرسی:

ــ تکایە، لێرە تلفۆن هەیە، دەتوانم تلفۆن بکەم ..!!؟

ــ بەلّیّ ..!

ــ لە کێیە، بابچین .!!

ــ کەمیّ دوورە، دەتوانی برۆیت ..!!

www.kurdistannet.org

جاربەجارێ دەمی وشکی لە ئەرز گیرەدەکرد، هێزی لەبەرنەمابوو، تاقەتی گریانی نەمابوو.

ئەویش چاوەروانی سۆران بوو.

ـــ دووره ..!! چەند دووره، ئێمە فێربوین، راهاتووین، کەی رێگامان نزیك بووه، کەی هەوارمان لەپێش بوه ..!! گرنگ نییه.!

( سۆران، لە دڵی خۆی وتی، تەواو، هەوە، خۆیەتی، ئەوەی من چاوەروانم دەکرد، خۆمی لەسەر بەکوشتن دەدەم، خۆیەتی، لە یەکەم قسەی رادیارە، دوودڵی و پرسیارو سۆراخی ناوێت، دوایی لە کێ بپرسم، من لە هەمووکمان شارەزاترم، من لەوەیان پسپۆرم، لەهیچ سەرم دەرنەچێ لەوەیان هەڵە ناکەم، بە هەڵەناچم ..!! توندی دەگرم ..!! ).

سۆران ئەوی دایە پێشەخۆی، کیژە پووتەکەی لە ئامێزگرت، بە رێگا باریکەکەی پیادەیی بەرەو گوندەکە شۆربونەوه. چونکە بوارە رێیەکە ئەوەندە باریك بوو، جێگای دوو نەفەری نەدەگرتەخۆ. ئەو جارێك پێشی دەکەوێت، جارێکیش لەدواوەی دەرۆیشت، هەردوولای پێ خۆش بوو، زۆرتر هاوشانی ئەوی مەبەستبوو، حەزی دەکرد زۆر تەماشای بکات، زۆرتر گوێ لێراگرێت، قسە بکات، رێزی بنوێنێ، نەرمی بنوێنێ، هێدی بروات، کەس نەیبینێ، کەسیش ئەو نەبینێ، کەس رەت نەبێت، کەس نەچێتەوە، کەس نەچێت، بەتایبەتی کوردەکان، دلێرە شێت، مامۆستا هەڵکەوت، مامۆستا دڵشاد، مەلا ئەنوەر، ئازاد، بەتایبەتی ئەوانی خەڵکی شارەکەی ئەوبون. زوو کارتە تلفۆنەکەی خۆی پێشکەشکرد، زوو وتی، هیوام زۆرە لەو تلفۆنانە قسەی باش و خێرت بەرگوێ بکەوێت.

مەلا ئەنوەر لە هەموویان خراپتر قسەی دەکرد، چاوحیزانە دەیووت:

سەیرە، ئەو فیلەژنە بەتەنیا چۆن خەوی لێدەکەوێت، زەحمەتە، گوناحە، چۆن بەرەلاکراوە، ساحێبی چۆن دڵی هاتووە وا بەرەڵای بکات.

کەس نەدەوێرا، کەس ئەوەی نەکرد، راست رەوان ئەوە لە دەستی مەلا ئەنوەر بنێ:

ئەدی مەلا، تەرماش، ئەدی، کاك ئەنوەر ژنەکەی تۆ بەتەنیا جێنەماوە، ئەویش تەنیا نیە ..!! ئەو چۆن تەنیاو بێ پیاو دەحەوێتەوە، چۆن خۆی پێراگیراوە ..!!

www.Kurdistannet.org

ژووری تەشریح بۆ درێژکرد، کە لەگەڵ هاوکارە کوڕەکانی ناو کروپەکەی دەستیان لە کون و کیری نەخۆشان وەرداو تیماریانکرد. ئەو لەوە بویتەوە، پیاوی وەك ژن تەماشاکردووە، ژنی وەك پیاو بینیوە ..!! راهاتوون، ئەوان زوو ئەوەیان لا بویتە ئاسایی و شەرمیان شکاوە. رووناك لە کوڕەکان زۆرترو ووردتر کۆئەندامی نێرینەی پیاوانی لە رۆژانەی خوێندن و کارکردن و نەشتەرگەری دەخوێندو شارەزایی لێوە پەیداکردبوو. دوێنێ، ئەو تەشریح و نەشتەرگەری و کۆڵینی دەمارو ڕەگ و جۆگەلەو ماسولکەکانی پیاوی لا ببوە کەرەستەو فێربوون، خەمێکی تری لێ دەخوارد. زۆرجار ( ئاراس ) ی مێردیشی بەو چاوو نیگایە تەماشادەکرد. ئەو کۆشش و شەونخۆنی و ئازاری بۆ ئەوەبوو تا پیاوان قایم و ساغ بن. تا دەستی ئەو، هزری ئەو سەرکەوتن و زانیارییەکانی راست و زانستیانە دەربچن. ئاراس بەئاشکراو تا بگاتە وەلاٚمێکی دروست پرسیاری لێدەکرد:

ــ رووناك، تۆ کام وێنەی سەردیواری ژوورەکەمانت لا پیرۆزترە .!!

ــ کام وێنە ..!!؟

ــ راوەستە پەلەمەکە، وێنەی هەردووکمان بە جلی بووکوزاوایی، یان وێنەی دیواری دەرچوونەکەت، شەهادەی دیوارت لا پیرۆزترە ..؟؟

ئەو پرسیاری لێ دەکرد. وەلاٚمی راستی دەدایەوە، بەلاٚم وەلاٚمی تری دەویست، ئەو شەیدای ئەوەبوو، ئەو بلێت، تۆ، هەردووکمان، تۆ پیاوی و تامی تۆو هەوەسی تۆم لا مەبەستە. ئەو لەو بابەتە بېۆوە، تەنیا دکتۆرەکان ئەوە لە دکتۆرەکانی هاورێی هاوپیشەییان وەردەگرن. ئەوانە زووو جوان لەیەکتری حاڵی دەبن. کەسی تر ئەوەی لا قبوول نییە، ناتوانی وەریبگرێت. ئاراس بە خۆشەویستی و چاوەروانی و بە ئاوسی و بە ژانەکانی هەموو شەو رۆژەکان نەیتوانی لەو بروایە لاری بکاتەوە.

بۆ ؟؟ کەسیان نەیانتوانی .؟؟؟

چونکە ئەو لەناو حەوزەکەی فۆرمالین، لەسەر مێزەکانی ژووری خوێندنی ساڵی دووەمی کۆلیژەوە، لەناو هەموو کتێبە لاپەرە زۆرەکانەوە، رۆژانە لە قاوشەکانا، لەناو ژانی نەخۆشەکانا، زۆری دیبوو، هەندی ئەوان هەستی بەژان کردبوو. لەناو ئەو رۆژە درێژانەی

بێت، تا بەهزرو چارەسەری ئەو چاکبێتەوەو بەس، بەو چاوە نیگای لە پیاو
/دەکرد، زۆرجار ئاراسیشی بەو چاوەوە دەبینی، مرۆڤ هەر چاوو نیگاو دیتنی هەیە.

کەمپ، ئەو قاوشە درێژو باریکانە لە نەخۆشخانەیەك دەچوو، ئەوەش دڵ و گوراحی رووناك خۆش دەكات. کەمپی بە بالاخانەی دکتۆرانی ناو نەخۆشخانە گەورەکان دەزانی. چاوی لەناو نەخۆش و ئەو قاوشانە کردیتەوە، دەستی هەر لەسەر تەنیشتی قەرەویلەکان بووە، ئەوەش شەنگ و وزەی دەداتێ.

دوورنییە، هەرکە دامەزرا، هەرکە داوەراوە، لەسەر دەرگای ژوورەکەی تابلۆیەکی بچوك هەڵبواسێ، لەسەری و بەبچوکی، بەپیتی لاتینی بنوسێ دکتۆر ...!! دڵی خۆش دەکاتەوە، دانابڕێت، دوورکەوتنەوەی ئەو لە کۆخەو ترس و دڵەراوکێ و ژانەسەری نەخۆشان، نەخۆشی دەکات. وا راهاتووە، با هەر بانگی بکەن، نابێ تەماشا یەك نەخۆش و داماو بکات، بۆی نییە، ئەویش ئەوەی ناوێت، هەر ئەوەندەی گەرەکە هەست بکات ماوە، هەست بکات دکتۆرە.

***

کارتە تلفۆنەکەی لەدەستی ئەو کوڕە وەرگرت، کە هاوشانی دەڕواو دەیباتە لای کابینەی تلفۆنێك، تا تلفۆن بکات، تا بزربووەکان بدۆزێتەوە. تا دەنگی بۆ هەوال و سۆراخ ولات بە ولات بگەرێ. ماڵ بە ماڵ بە زەنگەکانی تلفۆن بەئاگایان بێنێ، پرسیاری کێ بکات ..!! ئاراسی مێردی، یان لە هەوالی براکەی بپرسێ، هیچ سوچێ نەماوە، ئەوو هەموویان تاقیبی نەکەن، ئەویش هیچ سەری نییە.

کەهاتنە ناو ئەو سنوورە ناونووس کرابانە، رۆژو کات و مێژووو ناوی سییان و شوناسەکەیان نوسرابوایە، ئەوان ئەو تۆمارەیان هەبوایە، وەك هەموو گەریدەو مێوان و لایدەیەك ئەوەیان لەگەڵ کرابایە، کە هاتنە ناو سنوورەکە، یان کە دەرچوون، هەمان شتکرابایە، ئەوە بەئاسانی لەهاتنە ژوورەو چوونە دەرەوە ناوەکە بەروارد دەکراو سووك و ئاسان دەدۆزرانەوە. بەیەك تلفۆن، بە گەڕانێکی سەرپێی دەدۆزرانەوە. ئەو لە مان و سەلامەتی مێردەکەی دڵنیابوو، ئەویان بینیبوو، بینیبوویان لەناو شەمەندەفەرێك،

خوشکی داماوو سەرکەردان بێ، براکەی هیچ هەواڵی نییە. چۆن شەوەکەی لەیەکدابڕان، یەکتریان گووم کرد، تا ئیمرۆش، هەر ئەوەندەی زانیووە، کوڕێك بەر مین کەوتووە، کوڕێك لە گۆرستانێك نێژرا، جا تەمەنی چەندەو ڕەنگی چییە ..؟؟!! ناوی چییە ..؟؟!!

خوشکی کوێربێ، منی لەگەڵ بوایە، من لە جیاتی ئەو، پێم، لەسەر ئەرزا دەنا، من سەدجار پێم دەووت:

پێت لەسەر چاوم دانێ ..!!

گرانیت بخە سەرشانی من، بارت بخەرە سەرشانم. بسکم لەناو ئاوەکە ڕاکێشا، من پێش تۆ لە لافاوی ئاوەکە دەدەم، تۆ پێیەکانت لەسەر جێ پێ من دانێ ..!! خۆم بەقوربانی دەکرد سەدجار بەقوربانی دەبووم ..!! بەڵام چی بکەم لەیەك دابڕایین ..!! لەوەتی هەین، کە لەسەر ئەرز ڕێ دەکەین، کە قاچمان لەسەر زەوی دادەنێین، دەترسێین، ترساوین. لەئاوی ڕووناك ترساوین، لەسەر ئەرزا ترساوین، دەڕۆین دڵنیانین، دەنوین خەونی ترسناك و خەماویی دەبینین .. خوشکت سەدجار کوێرایی دابێت، پاش ئەو چۆن بژیم، ئەو ڕۆژەی لە کولیە تەواو بووم و بڕوانامەکەی دیوارم وەرگرت، کە لە کولیەش وەرگیرام کە ستیتۆسکۆبی لەسەرشان و لەناو سەدریەکەم بینی، کە شوومکرد، شایی بۆ کردم، برادەربووین، لەیەك دەگەیشتین، خۆشکت بەقوربانت بێت، هەر سەلامەت بێ، ئەو نەبێ، کەسی تر نەبێ، کەس نەمردبێ، کەس قاچی بە مین نەبڕابێتەوە، من دەزانم بەشەوو بەتەنیاو بەسەرماو بەقاچاخ بێت و مین لە ژێرتەوە بتەقێتەوە، من لە ئازاری ژان دەگەم، من دەمارو ئێسك و ماسولکە دەناسم، کە سەلامەت و ساغن چەند جوانن، گوڵن، خونچەن، فەریکن، کە زامدار دەبن سیس دەبن، هەڵدەوەرن و بایەك دەیبات، لوولی دەدات، دووری دەخاتەوە، وشك دەبێت.

کەس وەك دکتۆران شارەزای دەمارو ئێسك و گۆشت نین، کە سەلامەتە جوانن، کە دوورە میکروب و شکانە، چەند جوانن. بەڵام کە ژان دەیناسێت، کە کرم دەیدۆزیتەوە، چەند لاوازن، بێ ورەن، زوو هەڵدەورێ. ئێمە لە لاشەی زامدارو دەماری پچراوو گۆشتی دڕاو ....

www.kurdistannet.org

دکتۆران و تەشریحکرا، بەچەقۆیان کەولیانکرد، لەناو دەمارەکانیدا گەڕان، ئێسکەکانیان سپیکرد، گۆشتەکەیان ڕەناندەوە، ئەندامەکانیان یەکەیەکە جیاکردەوە، چەند ڕۆژ لەسەر مێزەکانا مایەوە، لوولدەدرێت، نامینێ و گۆریشی بەرناکەوێت، ئینسان کەمرد چەند بەستەزمانە، چەند بەنرخەو چەند لەناوەوەی ورددەبنەوە ..!! بە زیندوویی، بە مردوویی کاری لەسەردەکەن، کاریان پێیە ..!!

چارەنووسی هەندە کەس وایە، زەوق و حەزی بە گۆڕهەڵکەندنی قەبرکراوەتەوە، بەخێرو چاکەیەکی زۆری دەزانی ..!!

هەیە، بەردە شۆرکردنەوەکەی ناو قەبری لا پیرۆزەو ..

هەنە، نان لەگەڵ مردوو دەخۆن، داوەت گەرم دەکەن، پێش ناشتنەکەی دوا جەمی خواردنی خێرو تێرکردنی کەسانی تری لەگەڵ دەکەن .!

هەیە بەدەستی خۆی دەیشوات، نوێژی لەگەڵ دەکات و .. روناکیش لەم کاروانەدا، لەو کەمپەدا وێلە بەدوای ئەوەی بزانی چۆن براکەی مرد، چۆن مینەکەی تەقیەوە، چۆن دەستی پەڕی، چۆن قاچی پەڕی ..!!؟؟ چۆن .. وێلە بەدوای ئەوەی یەکێك ئەو هەوالەی پێ بلێت: براکەت، مینی لەژێردا تەقیەوە، هەلابەهەلابوو، ئەوەی دەوێت ..!!

من خۆم یەك مەتر لەو دووربووم، من دەستی بڕاو و ..... کۆکردەوە .!!

من چوومە گوندەکەو کەرەستەی ناشتن و قەبرلێدانم هێنا، مەسیحیەکانی ئەو گوندە بەخەمەوە بەشداریانکردین و ..

من بینیم ..!!

من ڕۆژەکەم نوسیوەتەوە ..!!

من سەعاتەکەی دەزانم ..!!

من لەجیاتی تۆ بۆی گریام، من لەجیاتی باوکی پشت شکانەکەم بینی ..!!

من لەجیاتی خوشکەکانی قژم ڕنیەوە، لەسینگ و بەرۆکی خۆمدا، خۆم سەدجار کۆرەکرد ..!!

www.Kurdistannet.org

کوژرا .!

ئێمە لەبەرئەوەی هەندمان هاورێ و براو کەسمان ناشتووە، شارەزاین و گۆڕەکەی دەناسینەوە ..!!

رووناك ئەوەو زۆری تری دەویست و ......!!

سۆرانیش، چاوی لەشتی تر بوو ......!!!!!

❊❊❊

رۆژی حەشرە، رووخان و ئاوابوون و کاتی گۆڕانە، ئەوەی روویداوە، کەس بیری لێناکاتەوە، هەموو ئەبلەق بوون. مانگانەو یەکجار عەلی بەرۆژ دێتە دەرەوە، بەناچاری، لەبەر مانگانەکەی نەبێت ئەوجارەش دەرگاکەی ناکاتەوە ناهێتە دەرەوە، وا ئیمرۆ، بەبێ ئەوەی سەرەمانگ بێ، خۆ ئەو نەخۆش نابێ تا بچێتە لای دکتۆرێ، نەخۆشەکان خۆیان بەرێزە دێنە لای.

بۆ لەخەو هەڵساوە ..!!؟؟

کێ بێداری کردووە، ئەو بەکەس بێدار نابێ ..!!؟؟

مێشی کێ لەخەوو خەڵوەتا بەئاگای هێناوە ..!!

سەری بە ژوورەکەی مامۆستا هەڵکەوت داگرت، رووگرژو توورەیی پێوە دیاربوو.. دانەنیشت، رانەوەستا.

ـــ فەرموو، وەرە، دانیشە، بڵێ ..!!

نا .. رۆژەو کاتی دانیشتن نییە ..!! رۆژێکی تەماوییە و ئاگربارانە.!

بۆ ژوورەکەی مامۆستا دڵشاد سورایەوە، لەویش سەری بە ژوورەکەیان داگرت، هەموو بۆی هەڵسانەوە، هەموویان فەرموویان فەرموو، بەنازو بە هێمنی بانگیان کرد ..!!

ـــ خێرە، وەرە ..!!

ـــ دووبارە شارەکەتان بەر ژەهر درایەوە، ئەمجارە، زۆرتر زیانیان بەرکەوتووە، قوربانی بێژمارە.!!

نییه. دەیانزانی، عەلی بە ڕووداوێکی ناسك، بە قسەیەکی توند، بە ڕازی تووڕەبونێك هەڵدەچێت، خۆ چە ڕووی نەداوەو ڕەوشەکە ئارامە).

ـ ئەو کوڕە لە کێیە، بۆم بدۆزنەوە ..!!؟

ــ کێ ..!! کێ .!!؟؟

ــ ئەو دامێن پیسە، ئەو بیژییە..!!

بێ سەرو بەپەلە دەسورایەوە، چاوی دەگێڕا، بۆنی دەکرد، وەك فانۆسێ پرتە پرتی بوو ..!! سازەکەی هەر بەشەو ژان دەیگرت، سازەکەی شەوان لە دیوارەکە دەهاتە خوارەوەو دەهەژی، هەرگیز بە ڕۆژ نەهاتیتە ژان و سوتان. سازەکەی بەو ڕۆژە ڕووناکە، بەو کاتە ناوەختە زەنگی لێداوە، عەلی هوشیارکردیتەوە. هاواری لێ هەڵساندووە، یەك بەدەنگی خۆی، هاوار دەکات، وەك ژنێکی تاقانە کوژراو، وەك جوتیاری خەرمان و جۆخین ئاگرتێبەربوو، وەك گوندی سوتاو، وەك کانی خنکاو، وەك ڕێگای پێچراوو، وەك .. هاواری دەکرد، ئەو عەلییە شەرمنە، ئەو کوڕەی بەرۆژ خەوتووە، ئەوەی بەتۆپ لە خەو هەڵنەدەستا، وا بەئاگایە، هاواریەتی، لەدوای زەلامکوژێك، لەدوای جنیاتکارێك، لە بێناموسێك کون کون دەگەڕێت، بە نیازی تۆڵەو کوشتن لەدوای دەگەڕێت و شیرەی دێت..!

کەسێ نەبوو پێ بڵێت:

کە بەو ڕۆژە، بەو نیوەڕۆیە بەئاگایت، برۆ خۆت بەبەرپرسانی کەمپەکە نیشان بدە، بە ئەنقەست یەك دووجار بەبەردەرگاکانیان ڕەتبە، خۆتیان پێ نیشان بدە، با بتبینن، با بە ڕۆژ جوان  بتبینن ..!! با بروابکەن تۆ لەم کەمپە دوور ناکەویتەوە، تۆ بویتە بزماری دیوارەکانیان، وەك تلفۆنە کەللە پۆلایەکە بە دیوارە ڕەقەکە وەنوساویت، با بزانن، تۆ ماویت و ڕەفزو دەرکردن ماندووت ناکات، بێزار نابیت. برۆ پێیان بڵێ، من بۆ ئیقامە نەهاتووم، من دۆزینەوەی دایکم هاتووم، شەرمیان لێ مەکە، برۆ ناوچاویان.

عەلی کون و کەلبەنەکانی ئەو کەمپەی پشکنی و نەیووت لە کێ دەگەڕێت، دەیویست یەخەی بگرێت، ڕووبەرووی بێتەوەو ڕازی ئیمرۆی سازی لا بدرکێنێت، ئەو قسەیەی لە دەستی بنێ:

ــ بە کێ دەڵێت ..!!؟ ناوی چییە، کێیە ..!

ــ من پێ دەڵێم، ئەوە نەکات .! واز بێنێ، ئەوەی کردووتە ڕۆیشت، ئەوەی ویستوتە کردووتە، هەڵەو ڕاستت لەیەك جیانەکردیتەوە ..!! هەمووت لەسەر تێپەڕییون، بەڵاّم ئەمجارە گەورەیە، زەحمەتە بە ئاسانی گوزەر بکات ..!!

ــ من دەرەقەتی شان و پیل و کەللە زللەکەی ناهێم، من و شەڕ .. نا ..... نا

لە کۆتاییدا درکاندنی، وتی، ناوەکەی وت، بە مامۆستاکانی وت، وا پەپولەیەکی باڵ ڕەنگین هاتووە، کەوتۆتە دەستی ئەو کافرە، ئەو بە بیری خۆی لەیەخەی دەدات، تەماشای باڵەکانی دەکات، لە وردەکارییەکانی نەخش و جوانیەکەی رادەمینێت. ئەو نیازیەتی، هەڵیوەرێنێت . بەنیازە .. درۆی بۆ بکات، بەنیازە فێلی لێ بکات، بوختانی پێ بکات .. سۆران، لەچاوانیدا کانیەکی دییوە، دەیەوێت ئاوەگری بکات، بەردی باوێتێ. شێلوی بکات، سەری دابخات، گوی لەناو بکات .. نیازی زۆر خراپە. ئەو پەپولە ناسکەی لەبەر دەستی دەربێنن، دەستم دامێنتان ئەوەم بۆ نەکەن جارێکی تر ناتوانم سازتان بۆ بژەنم، ناتوانم گۆرانیتان بۆ بچڕم.

فەرموودەکانی خۆی ڕاگەیاندو ڕۆیشتەوە، تکاکانی خۆی کردو ڕۆیشتەوە ..!! بەچاوو هەناسەو دڵ و ڕاستگۆییەوە دواو لەناو هەموو قوژبنەکان، بەهەموو گوێچکەکانی چرپاند، بەچاوەکانی وت، بە پیاوەکانی وت، بەنوێژکەرەکانی وت ...

❊❊❊

کەمپەکەیان لە شارۆچکەکە دووربوو، بەپیادەیی یەك سەعاتی ڕێك دەبوو، بە پاسکیل سواریش چارەگە سەعاتێك دەبوو، تا دەگەیشتنە شارۆچکەکە دوو گوندی جوانی ناو دارو چیمەنیان لەسەرێگا بە خەوتوویی و بەنازو بە مەکرەوە دەبینی. لەو دوو گوندەدا، لەسەر ڕێگا قیرتاوەکەیان دوو کابینەی تلفۆنی گشتی هەبوون، ئەوان خۆیان بەدەگمەن، ئەگەر هەرزەکارێك، یان سەرخۆشێکی خۆیان، ئەگەرنا کەسیان کاریان بەو کابینانە نەبوو، وەك ئەوەی بۆ سەرنشینی کەمپەکە دانرابوو، لە تەنیشتی کورسیەکی باخچانەی درێژی

کەمپەکەیان هەرزانتربوو، زۆرتر ئەو ڕێیان دەبڕی و دەهاتن و چاوەڕوانی و تامی هەوالی شیرینیان لێ وەردەگرت. سۆران تا زۆرتر دووربکەوێتەوە، ئەو قەتێیە جوانەی هێنایە سەر ئەو کانیە، بەر ئەو سێبەرە، ئەو قەدیالە، نەرم نەرم هاوشانی دەڕۆیشت. دانی لە پێش رووکرد، بۆی هەڵڕشت، فریشتەیی و ناسکی و ئازایی باسکرد.

کە وتی من ناوی رووناکەو لەلای خۆمان دکتۆر بویمە، مێردەکەم ئەندازیاری تەلارسازی بووە، سۆران وەك ئەوەی ئاوی ساردی پێدابکەن، وەك ئەوەی رووبەرووی ناحەزەکانی ببێتەوە، وەك ئەوەی گوللە هاونێك لەپێشی بتەقێتەوە، سامی گرت، ئەو حەزی دەکرد، ژنێکی بێکەسی سەرلێشێواو بوایە، ژنێکی راکردووی دەستی قاچاخچیەکان بوایە، ئەو وای زانی لەو داماوانەیە، مێش لەدەموزاری ناکاتەوە ..!! ئەو وای دانابوو، یەك دوو رۆژی تر کۆنە تلفزیۆنێکی گەورەی بۆ دادەنێ، چەند شەوێك خۆی لێ مات دەکات، تا زۆر شەوە درەنگەکان، شەوانی شەمموان، درەنگە شەوانی یەکشەمموان، بەو فیلمانە شێت و هار دەبێ، بەبا دێ، خۆی دەستی لە مل دەکات، لێ دەپارێتەوە، وەك برسیەکی دابڕاو، وەك هەرزەکارێکی هیچ نەدیوو، دەخیلی دەبێ، شەوانی تاریکی و تەنیایی هاری دەکات ..!! شەوانە دیمەنەکان، ماچوموچە گەرمەکان، خۆرووتکردنەوەکان هاری دکات، دەبێتە دێوانە ئەو، بەناچاری، لەبەرئەوانە دێتەوە سەرماڵەکەی.

ــ دکتۆر، هەر دکتۆر ..!!

ــ بەڵێ، دکتۆربووم.!

ــ دکتۆری نەخۆشی و عیادەو دەرمان ..؟؟!!

ــ لەوانەبووم .!

بەنەرمی دەرگای کابینە گرانەکەی بۆ کردەوە، کیژەکەی لێوەرگرت. ئەویش، کە کارتەکەی لەناو تلفۆنەکەنا، وای دەزانی نەخۆشێك تەماشا دەکات، گەرمی وەردەگرێت، بە نەرمی، لەسەرخۆ خۆی خێواندە کەللە سەرەکەی، دەستێکی نازو داواکارانەی بە واێرە رەشە لوولدراوەکە داهێنا، سماعەکە، سماعەی پێوانی کارکردن و زیندووی دڵ و دەمارە، بە گوێ وەنا، هەستی راگرت، کەمێك بیری کردەوە، بیر لە کامیان بکاتەوە، یەکەم جار زەنگی کێ

www.Kurdistannet.org

کێ وەك ئەو خەمیەتی، بۆرە خزمێك، کورە پوورێك، کۆنە جیرانێك، کرێچیەکی کۆنیان، هاورێیەکی خوێندن و ..... کامیان کێ ..!! بۆ کێ تلفۆن بکات کێ ئامادەیە، تاقەتی هەیە کاتی بە مەسەلەی ئەو بەفیرۆ بدات.

کارتەکە لەناو تلفۆنەکەیەو زەنگی ئەوەی بۆ لێدەدات ...

زووبە، وریابە ئاگات لە من بێت، من وریاو ئامادەم، کێت دەوێت، من دەنگم دەگاتە هەموو دونیا، من نوێنەریم لە هەموو ماڵێك هەیە، من دەستەلاتم بەهێزەو دەتوانم لە شیرینەخەوا، لەگەرمی کرین و فرۆشتن و ژماردنی پارەو لە خۆشی تاوانەوەی ماچ و لەزەتا، دەچمە هەموو ژوورێك، بەبێ لە دەرگادان، بەبێ شەرم، بەبێ ئەوەی ترسی هەبێ، پێیان خۆش یان سەرقاڵ و بێزاربن، لە دەرگایان دەدەم، دەندووکی چۆلەکەم لە پەنجەرەکانیان دەدەم، سەمای شەنگەبی و لەرزانەی چنارو بەژنم، بە ئاگایان دێنم.

یەکەم تلفۆن، لە ماڵ نەبوون.

دووەم تلفۆن، وتی:

بۆت تاقیب دەکەم، تلفۆنم بۆ بکەوە.!

سێیەم زەنگ، وتی:

بەچاوان .!

چوارەم، پێنجەم..!! هیچ ..!!

دکتۆر رووناك بە تلفۆنەکە وەنوسابوو، دەپارایەوە، بە زەنگەکەی دەووت:

توندتر، رایهەژێنە ..!! بەئاگای بێنە، با لە دوورەوە گوێ لەتۆ بێت، بێتەوە وەلامێکم لە دەست بنێ، تۆی بەهێز، یەك بە دەنگی خۆت لەسەریان هاوار بکە، رامەوەستە، سڵمەکەوە، دوارۆژەو هەوالی ئەوم دەوێت، دەزانم ئاراس زۆرتر خەمی کیژەکەیەتی، ئەو بۆ ئەو مەبەستە، ئەو دەزانی من نەخۆشێکم لەو مەبەست ترە، من دەرمانێکم لەو مەبەسترە .!! من ئەوەندەی نەخۆشم لاواندیتەوە، ئەوەندە ئاگام لەو نەبووە، لەدیار ئەوان، لە نزیکیان هەست بە بوونی خۆم و پیرۆزی خۆم دەکەم، لای ئەو ژنێکی رووت، دایك و شیرو مەمکم، لای ئەو مولکی ئەوم و بەس، من نەخۆشەکان هاورێمن، ئەوان سەلامەت بن، من

من حەز لە نەخۆشەکان دەکەم، نەخۆشی لەمێژە شەو رۆژ هاوشانمە، ئەوان زۆر لەگەڵ من بوینە، من زۆرتر خەمم لە دەمارو ژانیان کردیتەوە، کەمتر بیرم لەدەمارەکانی ئاراس کردیتەوە ..!! چوومەتە ناو گەدەکانیان، شۆربومەتەوە، لەناو دڵیان ماومەتەوە، میزڵدان، گون و کیریان، خوێن و هەناسەیان، ماڵ و هیواو خەمم بوون.

پەنجە نەرم و وردەکانی، دەمارەکانی دەفتەرە بچووکەکەی هەڵدەدایەوە، دەمار دەمار لە ناوەکان دەگەڕا، لە ئەندامێکی جەستەی ناسیارەکان دەچووە ژووریٚ. لە دڵۆپە سوورەکانی خوێنی پیتەکانا، ناوەکانی دەدۆزیەوە. لە قاوشەکانا، لەناو کتێبە گەورە ئینگلیزییەکانی سەردەمی خوێندنیا دەگەڕا.

لەگەڵ هەر زەنگێکا، ئاوازێکی سازی عەلی بۆ دەژنیەوە، لە دوورەوە ئاوازەکان دەهاتن، جار بەجار، بۆنیان دەکرد، چونکە گەڕان و هەوال بوون .! ئەو دەگەیشتیٚ. سازەکە بۆنی کردبوو، عەلی چاك دەیزانی، زوو تێگەیشت، کە ناویان هێنا، کە رەنگیان شوبهاند، سازی ناردە هانای، شەپۆلی ئاوازی نارد، برۆن..! بگەنە ئەو ژنە داماوە، ئەوەی هەموو کەسی گوم کردووە، من تەنیا دایکم گوم کردووە، وا هاربووم، ئەو هەموو کەسی، من تەنیا دایکم خەمی گەورەمە، ئەو خۆشی گومکردووە.

ئەو هەستی دەکرد، نهێنیەیەك هەیە، پشتیوانیەك هەیە، یەکێك هەیە لە جیاتی ژمارەکانی وەك دانە کبسولەیەك لە سەر تەبلەی نەخۆشەکانی بۆ ریٚزدەکات، لاپەرەکانی تەبلەی نەخۆشەکانی وەردەگێری، دەستی دەگری، لێدانی دڵی بۆ دەژمێری. دەستی بە نیوچەوانی وەدەنیٚ، گەرمی و ژانی بەسەردەکاتەوە .! ئەو هێشتا نەیزانیبوو، لەو کەمپەدا، عەلی هەیە، سازێك هەیە، بۆ ژان و سوتان و تاوانەوەو گومبوون دەناڵێنیٚ. هەر ئەوەندەی هەستکرد، دەستێك هەیە، سیحرێك هەیە، چاوێك هەیە ..!!

❊❊❊

ئالان، لە گەنجە ئەرمنیەکان، لە پیرەکان، لە ژنەکانیان پارابۆوە، سۆراخی ماڵی بابی لازای بۆ بکەن، هەرچی ژمارە تلفۆنیٚ شك دەبەن نزیکی شارەکەی ئەوان بیٚ، ئەگەر ناسیارێکی ئەوان ئەدرێسی دەزانن، هەمووی بۆ کۆبکەنەوە، ئەو واز لەو سوتانەی بەفری سپی

www.Kurdistannet.org

زاراوەی ئەوانی بۆ نوسرابووە، ئەزبەری کردبوو، وەك سروودێك لەبەری کردبوو، هەر ژمارە تلفۆنێکی دەستدەکەوت، ئەو رستانەی دووبارەو سێبارە بە تلفۆن، لەسەر ئاوازی کوردی بۆ دەخوێندنەوە. لە هەموو تلفۆنە گشتیەکانی ئەم شارۆچکەیەدا بەختی خۆی تاقیکردبۆوە، زۆر هاتبونە سەرخەت، زۆریان ئەرمنی بوینە، کەم و زۆر لە داواکەی گەیشتبوون، بەلاّم وەلاّمی وەرنەگرتبوو، بۆنی لازای نەکردبوو، گوێی لە دەنگی نەببوو، دایکە نازدارەکەی نەهاتبووە سەرخەت، ئەو هەر ئەوەندەی زەحمەت بوو دایکی حالی بکات، بە دایکی بلّێ:

من ئامادەم، لەسەر بەلێنی خۆم ماوم، من لەناو چاوی خۆم جێگای دەکەمەوە.!!!

من بە خۆلّە سوورەکەتان خۆم ئاوەگردەکەم، خۆم بسمیل دەکەم، تۆبەو دێمە سەر دینتان، دێمە ولاتەکەتان، لەسەر دەستان دەڕۆم، دێم و دێم و ناگەرێمەوە ..!!

خێرا خۆی لەسەر پاسکیلە شڕەکەی فرێدا، لەسەر کورسیە درێژە ئاسنەکەی تەنیشت کابینەکە، لە تەنیشت سۆران جێگای خۆی کردەوە، هەناسەسوارو ماندوو دیاربوو، تا پشوی نەدا، تا ئارەقەی خێرایی هاژوتنەکەی سارد نەبۆوە، ئارەزووی پرسیاری نەبوو.

زوو لە سۆرانی نەپرسی ئەو منالّە پووتەی باوەشت کێیە ..!!

زوو لە ژنە رەشپۆشەکەی ناو کابینەکەی نەپرسی ..!!

نەیپرسی، لەمێژە نۆرەت گرتووە ..!!

بۆ براکانت .. بۆ کێ ..

نەیپرسی، تۆ کەم و بە دەگمەن کارت بە تلفۆن بووە، خێرە وا رێت هەلەکردووە، خێرە، تۆش ناچاربویت پەنا بێنێتە بەر ئەم ئاسنە ساردە، تا هەوالی گەرم و تازەت بۆ بێنێ. من چەند مانگە، چەندین جارە دەخیلی دەبم و وەك سەگ لێ دەپارێمەوە، وایرە ساردەکەی راموسان دەکەم، لەگەردەنی خۆمی دەئالێنم، تا ئەو مارەرەشەی دووری و سوتانم لە بەرۆکم بکاتەوە، هیچم وەرنەگرت ..!! هیچم نەبیست بێجگە لە قووتدانی ئەو کارتە جوانانە. راستە من تلفۆن لەگەلّ هەوا دەکەم. من پەیوەندی بە سێبەرو سەراب و خەون دەکەم ..!!

سەری داوەکەی لێ بزربووە، دەیزانی هەر ناپرسێ ئەو ژنە کێیەو بۆ لەگەڵ تۆیە ..!! کەی هاتووەو چۆن ..

ــــ دەبێ زۆری مابێ، ئای کە درێژ دادڕن ..!!

ــ بۆ پەلەتە، تلفۆنەکەی تۆ دیارە، هەر کۆدەکەی ئەرمینیات تەواوە، کەس ناهێتە سەرخەت، کەست دەست ناکەوێت .. بەخۆرایی خۆت ماندوو دەکەیت. لەناو دەستی خۆت بوو، باڵی کرابوو، خەوی لێکەوتبوو، دایکی رازی بوو، خۆی مەست و حەیران بوو، نەتزانی ..!! تازە بەو ژمارە وەهمیانە نادۆزرێتەوە، برۆ، سەری شێواوت بدەرە عەلی، کەللە سەرەکەت لە کەللە سازەکەی ئەو نزیك بکەوە، با بۆت بهەژێنێت، وا بروا منیش پێویستم بەو دەبێت، دوا کەس بووم، وام دەزانی هەرگیز ناچمە ژوورەکەی، نابمە دەرویش و خەلیفەی شەیدای ئەو ..!! وادیارە.

پاش گوومبوون، دوای مردن، دوای دابران، دوای شووکردن، دوای لەبەرچوون، دوای رۆیشتنەکان، خۆشەویستی و ویستن و حەزکردن بەهاتنەوەو ژیانەوە زۆرتر دەبێ.

ئالان، وێلە بەدوای لازاو هیچ هەواڵی نازانی، زمانی ئەرمنی نازانی و شارەزا نییە، پاسپۆرتی نییە سەفەری بۆ بکات، شار بەشار بۆ تیماری ژانی ئەرمنیەك بگەڕێ، ئەوەیان بۆ ناکرێ، ئەو ژانە لەگەڵ ژان و خەمەکانی دوێنێ کۆن دەبێت ..!!

عەلی، دایکی بە یوئێن و نامەکان و تلفۆنەکان و ئەو هەموو کوردە نەدۆزرایەوە، هەموو بۆی دەگەڕێن، دۆزینەوەی دایکی بەو کورە داماوەی ناو ئەو ژوورە تاریکە مەست بە ئاوازو سوتانە زەحمەتە .!!

دکتۆرە رووناك، برایەکی پێ لەسەرمین بەجێماوی، چۆن بە تلفۆن و تکاو فرمێسك و کوێرایی و بەبەلاگێریی و .. نادۆزرێتەوە ..!!

بە گریانی سازو سوتانی بەفری عەلی هیچ نەدۆزرایەوە، بەو ژنە کلۆلە چە دەدۆزرێتەوە ..!!؟؟

ئالان لە دەرەوەی کابینەکە تەنگاوی ئەوەبوو یەکێك، وەلامێك تلفۆنەکەی پرسیارەکەی هەڵگرن، ئەویش لەناوەوە دەیویست یەکیك، خزمێك، تلفۆنەکەی هەڵگرێ و چەند رازو

کەرمانە سوتاوو کەس وەلامی نەدایەوە، هێلەکان بە خێرایی هەوالەکەیان کەیاندو لە دەروازەو هەستەکان، لە پەیوەندییەکان دەچووە ژوورەوەو کەسیان وەلاّمیان بۆ ئەو ژنە تەنیایە نەدایەوە، کەس دەرمانێکی بۆ زام و برینی دکتۆرە نەنارد، کەس ئیسعافێکی نەنارد، دەستێ ئاوێکی بەو ئاگرە دانەکرد ..!! کەس حەبێکی هێورکەرەوەی لەناو دەستی نەنا ..!!

رووناك لە ژوورەوە بۆ مەبەستێك دەسوتێت و بەفری دەتاوێتەوە، لە دەرەوەش سۆران بۆ مەبەستێکی تری بەفری خۆی دەسوتێنێ .. چاوەروانە، دلّنیایە، لەبن دەستی دەربازی نابێت. ئەو جۆرە ژنانە شەیدای پیاوی دەست گەورەن، خۆ ئەویش دەستی هەندی دەمی خاکەناسێکە، ئەو جۆرە ژنانە حەز بە پیاوی ناوشان پان و سینگ پان دەکەن، ئەویش لەو جۆرانەیە، چاویشی، لەو پیاوانەیە ژنان بۆی سوتاون ..!! لە دەرەوە بەو خەیالانە چاوەروان بوو .!!

ئەوەندەی لەناو سوتانی کابینەکەدا زەنگیدا، هاواریکرد، داوایکرد، پارایەوە، چووە سەر ویسی پیرۆزییان، قەبری پیرۆزی دایکیانی هێنایە داوا، زۆر نوزایەوە، لەناو هەناوو ویژدانیدا زۆر گریا،

کەسیان نەیانووت،

کەسیان نەیدەزانی،

هیچیان ئاگادارنەبوون،

کەسیان نەیانزانیبوو، هەوالی براکەی ئەویان نەدەزانی، ئەوەی دەشیزانی نەیووت، ئەوەی ...... لەناو کابینەکەدا، هیچی چەنگنەکەوت، هیچی راستی نەبیست ..!! تلفۆنەکە، یەکەکانی ناو کارتەکەی بەخۆرایی خۆی ژمارد، خۆی خواردەوە، سورایەوە، هەر وتی، هیچی نەبیست، هەر داوای کرد، کەس وەلاّمی نەدایەوە ...... پێش ژماردنی ژمارەی تلفۆنەکان، پێش بریار بۆکێ زەنگ لێبدات، لە وەلاّمەکانا دەترسا ..!! دەترسا نەوەك یەکێکیان رك ورك، بەبێ ئاگایی، لەناکاوا سەرەخۆشی لێبکات، بەشەرم و بەدلۆڤانیەوە، بۆ نواندنی دلّسۆزی خۆی راست و راست بلّێ:

www.Kurdistannet.org

ئەوەندەمان لا ناخۆشبوو، بەقەد ئێوە، هەندی دایکت، بەقەد ژن و منالەکانی، هەندی تۆ خەمان بوو، لە هەموومان چوو، قەلاّی هەموومان بوو، سەرلقی هەموومان بوو .. ئەو، ئەو هەوالەی دەویست، لەو هەوالەش دەترسا. تا لەو بازنەیە دەربازدەبوو، تا دلّنیادەبوو، ئەوان ئەو سەرەخۆشیەی لیّ ناکەن، ئەوان هیچی لیّنازانن، کەسیان هاوشانی نەبوون کە ...... دەترسا، حەزی دەکرد، ئەوەی لاخۆش و مەبەست بوو، هەموو بلّێن، نەماندییوە، لەگەلّ ئێمەدا نەبووە، تلفۆنی نەکردووە، داوای پارەی نەکردووە ...... ئەوانەی دەویست، ئەدی بۆچی تلفۆنی دەکرد، مەبەستی چیبوو ..!!

هەر ئەو کاتەی هاتە ناو کەمپەکە، کە ژوورەکەی وەرگرت و جانتاکەی داناو رووی بەرووی سۆران هات، باسی تلفۆنکردنی نەکردبایە، لەناو قاوشەکانا، لە کۆلاّنە درێژەکانا، لەدەموچاوی هەموو کوردەکانی پرسیبایە، زوو سۆراخی براکەی لەناو کەمپەکە کردبایە زووتر هەوالی دەزانی .!!

ئەو دەریایە شین و پانە لە چەندین کانی و چاوی زەنگوڵی ئاوا رووی تێکراوە، زریان و شنەبا لە هەموو روویەکەیەوە هەموومانی پالّداوەو هاتوون. باریکە رێیەکان، مێوانی هەوارو دیوەخانەکان، نوێنەری هەموو حزب و دەستەو چەکدارەکان لێرە گەیشتنەوەیەك، سەرچاوەیە ..!! هەرلێرە سەرەداوێکی دەستدەکەویّ ..!! لێرە نەبیّ لەهیچ سەرچاوەیەکی تر هەوالێکی براکەی نازانیّ ...بیپرسیبایە:

کامتان دەستی پەرییوتان دییوە ..؟؟؟؟.

کامتان، لەو هەوارانەدا برای منتان دییوە ....؟؟؟.

کامتان، کام جوامێرو بیرتیژ لەبیریەتی .....؟؟؟؟.

کامتان ......؟؟

زوو وەلاّمی وەردەگرت ..!! نەیدەویست بەگەلّ ئەو چاوحیزە بکەوێت، کە لە پشتی دەرۆیشت تەماشای سمتی دەکرد. لە پێشەوەش چاوی لە سینەی دەبڕی ..!! خۆی لیّ خۆشدەکردو بەرنامەی دادەنا .! زوو دلێرە شێت دەیناسی، زوو دەیزانی کیژی کێیە، بەناوەکەی دەیزانی کیژی ئەو مامۆستایە چەند کورو کیژی زیرەکی هەیە، ئەوانە بێجگە

سپییەکەی، ئەوەی هەر بنزینی ناو یابانی تێدابوو کەوەریکرت، هەر لەلای خۆی مایەوەو چەند سالّبوو سپێرەکەی دانەگرت، نەیفرۆشتـ،  نەیگۆڕی، تانپۆنی نەکرد، نەیدایە دەست کەس، لە بووکانا، لە نەورۆزانا، لە ئاهەنگەکا قۆشمەی پێنەکرا، لە رفان رفانەکانا نەدزرا، یەك پارچەی نەگۆڕا، بۆیە نەکرایەوە، فیترو واریەرمان و سمکری و چەرچی  نەبینی، پێش وادەی خۆی سنویەکەی نوێدەکرایەوە، زووتر تائمینەکەی دەدرا. کرۆنەکەی، سنویەی کوردان و بەغدای هەبوو. لەلاچەپ و لەبن دیوارانا رانەدەگیرا، شەوان تا دەرنگانیێ لە بندارێك لە یانەکانا نەدەمایەوە، بەدەستی خۆی زوو زوو دەیشوشت. پۆلیش و عەیاری نەدرابوو، پاتریەکەی خۆی لەسەر مابوو، هۆرنەکەی دەناسرایەوە، ژمارەکەی ئەزبەربوو. بێگومان وەرنەگەرابوو، مەکینەی دانەگیرابوو، دەبل و ڤۆلت و ئەکسلو دەعامیەو بۆلبەرین و  .. هیچی نەگۆرابوو.

مامۆستا عارف، یان مامۆستایە سەرسپییەکەی خاوەن کرۆنە سپییەکە، باوکی ئەو کیژەی ئیمرۆ دکتۆرە. لەو کەمپەدا براکەی گومکردووە وێلە بەدوای، بۆ خۆی و بۆ باوکی و بۆ ژنە چاوە ئەستێرەکەی، بۆ منالّە خوێن شیرینەکەی لەدوای دەگەڕێت .!

دلێر زوو دەیناسێتەوە، لەگەڵ ئەو لە کولیەو بکالۆریا نەبووە، بەلاّم ئەو خەلّکی زۆری دەناسی، کورەکەش ناسرابوو، مالّەکە ناسرابوون، کرۆنە سپییەکەیان، کورو کیژە زیرەك و یەکەمەکانیان دەناسران..!! مالّەکە زۆرتر ناسران، کە باوکیان بریاریدا کرۆنە سپیەکە بۆ ئەو کورە زیرەکەیان، بۆ ئەو یەکەمەی هەموو قۆناخەکانی خوێندن بفرۆشێت، بەقاجاغ رەوانەی دەرەوەی بکات. کرۆنە سپیەکە بە جەوازێکی قەلّپ درا، کرۆنەکە فرۆشراو بووە هەوال، نەك دلێری هەلّپاس و دەمشڕ، هەموو شارییەکان زانیان، زوو ..!! دلێر بە رووناکی دەووت، هەر ئەوەندەی زەحمەت بوو تا خۆی بناسێنێت، تا مالّەکەیان بناسێت، بەس بوو بۆ ئەو، زوو هەلّیدەهێنا، زوو دەیزانی کەی و لەکام کاروان و لەگەڵ کێ براکەی مین لە ژێر پێ تەقیەوە ..!! زوو بەبێ ئەوەی دوودڵ بێ، یان بیانۆی بۆ بدۆزێتەوە ..!!

ـــ ناوی چی بوو ..؟؟!!

ـــ ناوی ..!!

www.kurdistannet.org

ـ (.........).!

ـ لەگەڵ تۆبوو ..؟؟!! چی بەسەرهات ..!! بۆ ..!!

ـ نەخێر بەڵام، من ساڵێك لەرێگادابووم، من ناوەكانم لەبەرە، ئەوانەی هاتن، گەیشتن ..!!

ـ ئەدی براكەی من ..!!

ـ ئەو نەگەیشت ..!!

ئەگەر زوو تووشی دلێربوایە زوو ئەوەی پێدەووت، زوو بەبێ درۆ، بەبێ پێچوپەناو سوراندنەوەو خۆدزینەوە، دەیووت:

بەیەكەوەبوین، یان لەگەڵ كاروانی رێبوارە رەش بوو، كاوە هەرقل پارەی خواردو بەپارەكەی ئەو شەوانە مێبازی دەكرد، بەبێ دوودڵی و بەبێ .. دەیووت:

براكەت ئەوەی ماڵتان لەسەرووی ماڵەكەی ئێمەبوو، ئەوەی یەكەمی مەكتەبەكەمان بوو، ئەوەی باوكی كرۆنە خاوێنەكەی بۆ فرۆشت ...... بەڵام ئەوەشی نیگبەتیبووە تووشی سۆران هات، ئەویش خۆی دەوێت، ئەوەی دەوێت وەك چۆن حەزدەكات، وەك چۆن ....

*****

چاوی لەبەرخۆی بوو كە پاڵی بەدەرگا گرانەكە وەناو بۆ رووی دەرەوەی كردەوە، قاچی هاتە دەرەوە، جەستە هاتە دەرەوە، بەڵام چاوی نەهات، هۆشی نەهات، پرسیارەكان بەبێ وەڵام هاتنە دەرەوە، زەنگەكان بەبێ وەڵام، ژمارەكان ..... هیچیان نەووت ..!! ئەو دەمانەی ئەو لەناو كابینەكەدابوو، ئالان تەنیا چاوی لەدەستیبوو، كەی سماعەكە دادەنێ، كەی تلفۆنەكانی تەواو دەبێت، دێتە دەرەوە، ئیمرۆش ژمارەیەكی تری ئەرمینیای وەرگرتووە، ئیمرۆش زەنگ بۆ هەواو نەناسێكی تر دەكات ..!! چاوی لە ژنەكەی ناو كابینەكەنەبوو، بە پێچەوانەی سۆران، بەوودری، بەتامەوە چاوی لەسمت و بەرۆكی داگرتبوو .. بەپەلەبوو، زوو بەرەو دەرگا ئاسنەكەچوو، زوو دەرگاكەی لەدەستی وەرگرت ..!!

ـ فەرموو .. دەرگاكەی دایە دەستی ..!!

www.kurdistanet.org

هەردووكیان، رووناكی  برا ونبوو و ئالانی یار سنووورداشكراو، هەستیان لەلای خۆیان نەبوو، چاویان ئاسۆی نزیك و دیمەنی بەرجەستەی نزیكیان نەدەبینی، بۆنیان نەدەكرد..!! بەو دیمەنە دووبارە مینەكە تەقیەوە ..!! پێیەكی نەرم، پەنجەی ووردو ناسك لەسەر مینەكە دانرایەوە.

مین هەرماوەو تەواو نابیّ ..!!

هەموو بستێكی ئەو خاك و مەزراو سێبەرو رێ و نشێوو.. و .. هەر مینە.!

مین دەماری ئاوە، سێبەرەو هاوشانیان دەڕوات، لە شوێنێك قاچی كورد هەبیّ مین هەیە !!.

هەر سنوورێك كورد بەكاری بێنێت مین هەیە..!!

مین خشۆكەو لەبن بەردی رەق و خۆڵی نەرم و ئاوی خەوتووو ڕەگی دارا بۆ ئەوان دەخشی ..!!

خشۆكە، مین خشۆك بووە، دادەبەزی و دووردەكەوێتەوە، نزیك دەبێتەوە، دەڕواو كەمین دادەنێتەوە ..!!

مین چاوشاركیّ لەگەڵ منالاّن دەكات ..!

مین سەماو شایی بەجەستە دەكات ..!!

لێرەش وا دووبارە مینەكە تەقیەوە. مرۆڤێك، بیرێك، بەرنامەیەك، هوشیارێك مینێكی لەژێر قاچیدا تەقیەوە ..! رووناك لە كابینەكە هاتە دەرەوەو چاوی بە بەژنی لارو ماندووی ئالان كەوت، تەقیەوە، زرمەی هات، پرۆشكی بەری ئاسمانی گرت. ئالان، كە رووناكی بینی بەخۆهاتەوە، راستبۆوە، چاوی بونەوە مین و تەقینەوە ..

ــ ئالان .. ( دەنگێك وتی.! ).

ــ رووناك .. ( دەنگێك وەلاّمیدایەوە..!! ).

ــ ئالان، تۆی، كوانی ئەو ..!!!

ــ ئەو ..!!

ــ ئەوم دەویّ ..!! براكەم .. لەگەڵ تۆبوو ..!!

www.Kurdistannet.org

بینی، من بینیم، بوە چەند پارچە، دەستی فڕی، قاچی فڕی، من بینیم جەستەیەکی کۆکئەندام بوە چەند پارچە، من بینیم لاشەیەك هەڵوەرا، ڕما، داوەشا، دانەدانە لەیەکترازا، من دەستیم بەئاسمانەوە بینی، چاویلکەکەی، قەلەمەکەی، دەفتەرە بچوکەکەی، وێنەی منالەکانیم بینی لە جەستەی جیابوونەوە. من بینیم هزرێك تەقی، دەڤەرەکەی، کەندو نهالەکان پڕ پیت و هێل و ئەندازەبوون، هەموویان پرشنگی رووناکی ئەومان بینی، شوانە دوورەکان زانیان ئەستێرەیەك رژا، زەنگی کەنیسەکان لەناکاو هەژان، هاواریان بۆ ئەو تاوانە رەشە لێ هەڵسا، من دەستم هێنایەوە، من قاچم هەڵگرتەوە، من چاوەکانم خستنەوە ناو چاویلکەکەی، من پێلاوەکانم نەرم نەرم لە پێیەکانی کردنەوە، من وێنە سوتاوەکەم کۆکردەوە ..!! من شاهیدی هەنجن هەنجنی براکەی تۆبووم، من بۆ پوورزاکەم سوتام، من ......! ).

ئەوە ئالانی شانشکاوە دەتوانێ بە پشتکاوێك بڵێ، بە دکتۆرە رووناك بڵێ ..! چۆن دەکارێت، چۆن غیرەت دەکات ..! چۆن زمانی بەرامبەر ئەو دەگەڕێت، چۆن ..!! ئەو لە کارەساتێکەوە بۆ یەکێکی تر ملی نا، مەسەلەیەکی ئاڵۆز دووچاری بوو.

هێشتا تەقینەوەکەی لە هزرو چاوو ویژدانی نەرەویبۆوە، هێشتا کاسبوو، تاسبوو، کە مینێکی تریان لەبن پێیان تەقاندەوە، کە دەستیان وەك دەستی پوورزاکەی لەجەستەی کردەوە، نیگاو دیتنیان لە چاوانی دەرهێنا، بەهەردووکیان دوو دەست بوون، دەستێکیان لەناو دەستی دەرهێنا، دڵیان برد، چاویان دەرهێنا، خۆیان بردو پشیلەکەیان بۆ جێهێشت، ئەویان بردو چەند داوە موویەکی قژی لەلاماوە، خۆشیەکانیان سوارکردو سنورداشیانکرد ..!! بردیان، زۆر دووریان برد .... تاڵیەکانیان بۆ ئەو هێشتەوە ..

( بەچاوی بە فرمێسك و بەشێواوی و بەتاسەوە ..!!؟؟ ).

ــ دکتۆرە ئەوە چی دەکەیت لێرە ..؟؟!!

ــ ئالان، پوورزایە شیرینەکەم، ئەوە لە ئاسمانان تۆ دەویست، لەناو ئەو کابینە باریك و تەسکدا تۆم دۆزییەوە .. ئەوە چی دەکەیت لێرە، چەند رۆژە وێلم بەدوای تۆ، بۆ ئەوسەرو

دەنگوباسی هەیە ...!

ــ ڕووناك .!!! هیچ بروا ناكەم ..!!

ــ بۆ بروا ناكەیت، نازانی من بۆ هەواڵی براكەم هاتووم .!

ــ ڕووناك ..

ــ براكەم، دەوێت ..!!؟

ــ براكەت، پوورزایە شیرینەكەم ..!!

( لەو دونیایە پان و بەرینەدا تەنیا ئاڵان دەیزانیێ، هەر ئەو شاهیدی بڕین و پەڕین و قرتاندنی قاچەكانیەتی، ئەو دەزانیێ مینەكە چەند بەهێزبوو، تووڕەیی چەند ساڵەی توركیان لەو بەستەزمانەكردەوە. چەند ساڵە بەدەستی تۆڵەی ئەوان چاندراوە تا چەكمەی سەربازێكی تورك ببڕێت. چەند لەمێژە فاق و داوو تەقینەوەی چاوەڕوانە، بەڵام چاوەڕوانی بۆ ئەو نەبوو، ئەو وا هات و بووە قووربانی ..... ئەو دەیزانی ئەو خاكە خەوتووە، ئەو شاخ و مێرگە دەوڵەمەندانە، ئەو شوانە عاشقانەی وەڵساتەكانیان، چۆن بۆ پاراستنیان ئەو خاكە نازدارو پیرۆزەیان بە مین چاندووە تا ئارام بخەون، تا ...... بۆ ئەوەنەبوو براكەی دكتۆرە ڕووناكی پێوە بێت، بۆ ئەو نەبوو جەرگێك بسوتێت، بۆ ئەوەنەبوو تا كوردێك لە بابانەوە، لە خۆشناوەتیەوە، شارەزوورییەك پێوەبێت، بۆ ئەوە نەچاندرابوو..!! ).

دەموچاوی گریاوو ماندووی ڕووناك بواری ئەوەی بە ئاڵان نەدا بیانۆ بدۆزێتەوە، درۆیەك بۆ مانی براكەی بدۆزێتەوە، بواری ئەوەی نەدا خۆی دووربخاتەوە، وای لەو كرد تازە مینەكە تەقیوەتەوە، تازە بنیادەمێكی سمێڵرەشی چوارشانەی بەزەوق و بەهیوای لە پێش چاوانی لیێ بووە:

دەستێكی بڕاوی دوور ..!!

جۆگەلەیەك خوێن ..!!

هەست و بزەو كارو هیوا بووە خوێنی ڕژاوی سەرپووش و ....!

گیانێك، ژیانێك، زوو مرد، زوو بەهیچ ڕانەگەیشت، بە وشەیەك، بە ڕازێك، بە ئاخێك، بە هیچ ڕانەگەیشت ..!!

ئەدا پرسیاری لێ بکات، زوو تێگەیشت هەموو مینەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهان و شەڕەکانی تری یونان و تورکەکان لەناوچەکە لەرووی براکەی ئەو تەقیوەتەوە، هەموو کۆنە مینەکان بۆ ئەو مابونەوە، تێگەیشت، لەو ئەوروپایە بەرینەدا یەك مین مابوو، ئەویش بەختی براکەی ئەوبوو، ئەو خاکە پاکە یەك مینی بەهێزی بۆ ئەو هەڵگرتبوو ..!! زانی ئەو زرمەیەی رۆژانە بە گوێچکەدا دەتەقێتەوە ئەو مینەبووە، کە شەش مانگ بەرلەئەورۆ لەبن پێی، لەناو هەناوی، لەبن دەستی، لەناو وورگ و پەراسووەکانی تەقینەوە ..!!

ئالانی لەئامێزکرد، بەیەکەوە گریان، زۆر گریان، تازە مینەکە تەقیوەتەوە، زۆر نییە دەستی براکەی پەڕییوە.

تازە هەموویان و جوتیارەکانی گوندەکە لە گۆرستانی خۆیان ناشتیان.

تازەیە !! هێشتا خوێنەکەی تەڕە، هێشتا نەبوتە دەمارێکی دیاری تاوان لەسەر ئەو ئەرزە ..!!

هێشتا لە رۆژنامەکانی تورکیاو یونان هەواڵەکە پەخش نەبووە ..!!

تازەیە، ئەو دەمەیە کە لەناو هەناوی رووناکا زرمەیەك هات، لەناو شارەکەیان لە چایخانەکانا، لەبارەگای حزبەکانا هەواڵەکە بڵاوکراوەتەوە ..!!

کامیان، یەکتری هێمن بکەنەوە، کامیان دڵی ئەوی تر بداتەوە، ئەوە خوشکەو لەجیاتی دایك و باوك و ژنەکەی و ..... دەگریا.

ئەوە ئالانەو لە پێش چاوی ئەوە، لەبەردەمی ئەو، زرمەیەك لەئەرزی نوستوو، لەناو مێرگ و گوڵ و خوناوا. تەقینەوەیەك گیانێك نازدارێکی هاورێیەکی پارچە پارچەکرد .. گیانێك، جەستەیەك پارچە پارچەبوو، بەڵام بۆ هەمووان، بۆ رەوە کۆترێکی بەرەڵای ناو سینگی گەنم، دەستەیەکی قەرزاری هەموو کەس، قەرزاری دایك و باوك، قەرزاری ژن و مناڵەکان ... چەژن، بیرەوەری، ئاشکرابوون، مینەکە خۆرێکی رووناك بوو لەو شەوە ئەنگوستەچاوا ... هەمووانی ئاشکراکرد!

بۆ پرسە وناشتن و گرتن بەئاگاهاتن ..

www.Kurdistanet.org

چەکدارو سەکوان و جوتیارو زەنکی کەنیسەکان و کۆڕهەلکەنێکی ئامادە، کۆڕێکی چاوەروان، هەڵسانە سەرپێ، هەموو کە گەیشتن تەرمەکە کۆکرابۆوە، خوێنەکە ڕژابوو، لەرینەوەو هەژانی زەوی خەوتووی چەند ساڵە راوەستابوو ..!! دەنگەکە گەیشتبووە هەناوی دایکی، ناوی منالێك بە هەتیوویی نوسرا، ناوی بێوەژنێکی تر هاتە ناو لیستەی درێژی رەشپۆشەکانی ولاتی بێوەژنەکان ..!!

لەوێش حەشاردرا، نێژرا، تەلقیندرا،، گۆرەشاردرا، ئامادەبووان یەکو مستەخۆلێکی سووری نەرمیان هەلگرتەوەو لەسەر قەبرەکەیان دانایەوە، مالئاواییان لێکرد، تەنیا ڕووناك لەوێ نەبوو، ئەویش دووربوو، ئەویش مردووو نێژراو دەژمێردرا، ئەویش سینگی بۆ کوتا، گۆڕی بۆ لێدا ..!!

گریانەکە شەپۆلێکی گەورەو بەتەوژم بوو، هەمووانی برد، بەشی هەموو دانیشتوانی کەمپەکەی کرد، فرمێسکی چاوەروانی شەرم و سڕبوو هاتنە خوارێ، خۆیان پێرانەگیرا، تەرمێکی نەبینراو، ڕووناکی گریاند، ئەویش ئالانی گریان، هەردووکیان کەمپەکەیان گریاند، ئەرمنیەکان، ئەلبانیەکان، کوردەکانی باکوور، عەرەبەکان، تورکەکان، سربیەکان، هیندییە تاقانەکە، فارسەکان .. بۆ خۆیان و براکەی ڕووناك و چاوی رەشی ئەو دەگریان، بە بیانۆی ئەوەوە گریانیان دامەزراند .. تەرمەکەو هەوالەکەو بینی ئالان و دانپێنانی خێری دایەوە، هەموو تێر گریان، زۆر گریان .!! ئیسراحەتیان کرد، بە حەسەرەتبوون، تێربگرێین، حەزیان دەکرد ..

****

هەر جارێك عەلی ڕووبەرووی سۆران بوایە، لەدوورەوە بۆنی کردبایە، نزیك دەکەوتەوە و شانی لە شانی دەداو نەرم و عاقلانە پێدەوت:

ــ ئەوە لەوان نییە ..!!؟؟.

ــ لەوانە ..!!

ــ پیاوی باش بە، ئەو جارە بەگوێ سازەکەم بکە ..!!

ــ لەوانە ...!!

www.Kurdistannet.org

ئەوەیان لە هیچ سنووریٚ ناکەریٚمەوە، ریٚکاکە بە خۆشکراوو ساز دەبینم، واش نەبیٚ من وای دەبینم ..!!

عەلی سەری بەسەری سازە زەردەکەی وەدەناو دەپارایەوە، دەستی بەسەردا دادەهیٚناو گەرمترو بەنازتر بۆی دەچەمایەوە ..

ــ ئەوەی لەسەر منە، تا رۆژو کاتی تەقینەوەی دووەم لە جەستەی رووناك ئامۆژگاری بکەم. ئەوەی لە دەستەلآتی من بیٚ، کەمتەرخەمی ناکەم، لەبەر رۆشنایی سازەکەم یەك موو لانادام .!! هەر ئامۆژگاری دەکەم، هەر لیٚدەپاریٚمەوە، هەرو هەر ...... دەزانم بەقسەم ناکات ..!! ئەوەی من دەیناسم بە قسەی دایکی نەکردووە، گالتەی بە دلۆڤانی و سۆزی دایکی هاتووە .. ئەو ساز بە ئامیٚری سەماو دەستکوشین و تاوانەوەی سوتان و حەز دەناسی ..

ــ وازی لیٚ مەهیٚنە ..!!

ــ منیش وازی لیٚ بیٚنم سازەکە واز ناهیٚنیٚ ..!!

ــ ئەو چی دەبیٚژیٚت ..!!؟؟

ــ ئەو یەك شتی دەویٚت ..!!

ــ هیچی تر نازانی ..؟؟

ــ لەهیچی تر ناگات ..!!؟؟

ــ نەخیٚر ..!!

شەوانی درەنگ ژوورەکەی بۆندەکرد، بەرۆژ سەدان جار گوزەری دەکرد، تەرمی براکەی بوو، مین بوو ..!! لەبەردەمی دەتەقیەوە، رادەوەستا، دەستەوەستان بوو .. بەفیٚل و بەدرۆ .. دەچووو دەگەڕایەوە، پرسیاری دەکرد، خۆی نەخۆش دەکرد، خۆی چوارشانەو بەهیٚز دەنواند، لەناو فانووسە سیحراوەکەی عەلادین بۆی دەهاتەدەرەوە ..!!

شەویٚکیان دەرزی رووناکی دەرگای ژوورەکەی دکتۆرە رووناك سۆرانی راکیٚشا، لە دەرزەکەوە، چاوی دزی، بۆنی، دەستی لەرزۆکی ئەوی بردە ژووریٚ، خۆی لە ژووریٚ نەبوو، زانی زوو دەگەریٚتەوە. کیژەکەی لەناو سەرینەکەی تەماشای ویٚنەی سەردیوارەکانی دەکرد،

www.Kurdistannet.org

بەسەری داهێناو لە دڵەوە وتی:

بەقوربانی دایکە تەڕەکەت دەبم، ئەو شەو هاتووم، تا نەچمە باخەڵی، تا ئەو کاروانەش نەبڕم، تا ئەویش تام نەکەم، ناگەڕێمەوە. من لە گوللەی دەستڕێژ نەگەراومەتەوە، من لەچاوی سووریان ترسم نەبوو، ئینجا لێرە لەکێ شەرم بکەم، من هەرگیز شەرمم نەکردووە، بۆ ئەوەیان قەت نەترسام، هاتووم و دەستەگوڵی خۆمی لێدەدەم، تا نەکەم ..!! ناگەڕێمەوە. فێرنەبووم دەست بەتاڵ بگەڕێمەوە، دەست بە شیروتیر هاتووم، من دەستبەشیرم، من هێرشکەرەم، چاوم لەو زیاتر هیچی تر بەدی ناکات، کێ هەیە، خۆمی پێ تێرکەم، ئەوەی سەعید دەیکات، ئەوانی پێشی ئەویش کردوویانە لەگەڵ ئەو پیرە قالتاخە بەمن ناکرێت، ئەو و پیرەکەرێك، ماکەرێك جیاوازی چییە، من هی ناسکم دەوێ، شلك، نەرم ..!! ئەوە بە زمانی خۆمان ژان و خۆشی دەیگرێت، ئەوە بە کوردی دەمکوشێت، ئەو بە کوردی رامدەکێشێت، ئەو دەزانی من چۆنم گەرەکە، ئەو تێدەگات من چیم لە یەخەو بەرۆکی ئەو دەوێت. بۆ ئەوە هاتووم، غەزایە ..!!

هەناسەی راگرت، چاوەکانی زەقکردنەوە، جوان تەماشای دارودیواری ژوورەکەی کرد، بەرنامەکەی جێبەجێ بکات، چۆنی دارشتووە وا بچێتە کەمینەوە، وا هێرش بکات، تازە دەربازبوونی نییە، کێ دەڵێ ئەویش لەشەکری پێخۆشتر نییە، کەس لە دڵی کەسدا نیە، بەلاّم نیشانەکان وادیارە، ئەو ژنە ناسکە شەوان تا بەرەبەیانیان لەدیار ئەو فلیمانە، بەدیار ئەو ئاوازە هەنگوینانە دەمینێتەوە، شەوچەرە لەو تلفزیۆنە دەگرت، ناخەوێت لە حەژمەتی چی وا خەو ناچیتە چاوانی، برا ..!! برای چی، ئەو تازە رۆیشت، کێ دەڵێ، ژنەکەشی شووی نەکردیتەوە، من ئەوشەوە براکەی لەبیردەبەمەوە، وای مەست و خەیال دەکەم، بەحەیاتی براکەی لەبیرنەمینێت، ئەوە بە من ناکرێت، برا ..!! هەر ئەو مردووە، مردن و ئاوخواردنەوە لەلای من وەك یەك بووە ..!! ئەوەندەم کوژراو بینیوە، وا دەزانم .. بۆ دەهاتن ..؟!! موهندسێکی گەورەوگران، نەخشەسازو پسپۆر لەچی کەمبوو، کێ راوی نابوو، خۆ وەك نەبوو، براکەم هاتەوەو لەناو کونی زیندان بەپارەو پارانەوەو دەست ماچکردن منی دەرهێنا، پەتەکەی لەملم کردەوە، لولەی دەمانچەم لەسەرسەربوو،

www.Kurdistannet.org

ئەویش نەدەهات، ئەو دەیزانی من تاوانبارم، من چومەتە سەرجێگای ژنەکە، من چەکەکم فرۆشتووە، من لە ناودەستیان هەڵاتووم، من دزیم کردووە، من ...... دەستێکی بە وێنەی بوکینی و هاوشانی مێردەکەی داهیناو وتی:

ئەوشەو من زاوام ..!! ئەوشەوە نۆرەی منە، من ئەو شەوە فلیمانێ لەگەڵ دەکەم، وەك فلیمەکانی لێدەکەم ..!!

زۆرتر خۆی سەرقاڵ نەکرد، جەستە گەورەو درێژەکەی لووس و باریك و بچووك کردەوە، سەری نەوی کردو جەستەی بەرەو ژێرەوەی قەرەوێلەکە نەوی کرد، خۆی خزاندە ژێرەوەی، جوان چووە ژێر قەرەوێلەکە، هەستی راگرت، هەناسەی کورت و بێدەنگ کرد، چاوەروانبوو، تا دکتۆرە رووناك گەرایەوەو دەرگاکەی گالدا، پارچە پارچە جلەکانی بۆ لەبەرکردەوە، لەبەردەم ئاوێنەکە هەستی لەخۆراگرت، دەستی بە روومەتی داهێنا، چاوەکانی بەنەرمی بەناو ژوورەکە خشاند، بۆ لای سەرینەکە نەچوو، یەکسەر ماندووبون و بێزارییەکەی نەهاویشتە سەر سەرینەکە، جەستەی داوەشاوو هیلاکی بەسەر سەرینەکە دانەدا، هەستی بەهەناسەو بۆنکرد، بۆنی هەناسەی هەڵمژی.

زانی دڵێك ماندووو چاوەروانیك لێدەدات، لێدانی دڵەکەی ژمارد، هەستی لە هەناسەکە راگرت.

زانی هەوای کەم بۆ دەچێت و هەست بە تەنگەنەفسی و بێزاری دەکات.

زانی بنیادەمەکە دوورنییە.

زانی نەخۆشێك دەرمان و دەستی نازی چارەسەری دەوێت.

زانی نەخۆشێك چاوەرێیە.

زانی دوو سی تر هەوای ئەو ژوورە هەڵدەمژن.

زانی دڵێکی تر ترپەی دێت.

بەڵام ..!! نەیزانی ئەو زامە نەخۆشە دەرمان و چارەسەری تری لە دکتۆرە دەوێت، هێدی هێدی جلەکانی لەبەرکردو خۆی پۆشی، ورەی دایە بەرخۆی، ئازایانە وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێت، بیری کردەوە، هەستی راگرت، گوێ بەدەرگای ژوورەکەی وەنا، زانی لەوێ هیچ

www.Kurdistannet.org

ڕەوانەی گۆشە دیارەكانی باخچەكەی دەرەوەی كرد، سەری بۆ بنمیچی ژوورەكەش بەرزكردەوە، تەماشای خوارەوەی كردەوە، هەناسەكە زۆرتر بڵاوبۆوە، كلیلی ناو دەرگاكەی سووراند، تا هەناسە بۆگەنەكە دەربكات، تا هەناسەی بیركردنەوەی خاوێن هەڵمژێت دەرزێكی خستە ناو دەرگاكە. سۆران گەرچی خۆی مراندبوو، هەناسەی ڕاگرتبوو، بەڵام ناسینی هەناسەی بێگانە بۆ دكتۆرە ڕووناك ئاسانبوو، زوو زانی لەو ژوورەدا هەناسەیەكی نامۆ دێ، زوو زانی دزە كراوە، زوو زانی نەخۆشێك لە ژوورەكەیدا ڕاكشاوە، مردووێك بۆ تەلقین و تۆبەكردن گەڕاوەتەوە. دڵنیابوو گیانلەبەرێك لەژێر قەرەوێلەكەیەتی، زانی حەرامخۆرێك بۆ خواردنی گۆشتی حەرامی ئەو هاتووەو خۆی لەژێرەوە خزاندووە، دەرزەكەی دەرگاكەی بەرینتركرد، هێدی و لەسەرخۆ چووە دەرەوە، نەرم نەرم، لە ژوورەكەی هەڵكەوتیدا، مەلا ئەنوەری بەئاگاهێنا، ئازادو حەمید، عەلی بە سازەوە خۆی ئامادەبوو، دلێرە شێت، سەعیدو هەموو هاتن، هەناسەكەیان دەرهێنا، هەناسەی ماندووو تەنگاوی سۆرانیان دەرهێناو ڕووبەڕووی ئەویان ڕاگرت، ئەویش بەنەرمی وتی:

دەرمانی هەموو نەخۆشیەكان دەزانم، بەڵام دەرمانی ئەو نەخۆشیانەم لادەست ناكەوێ ..!!

وەك مشكێكی تۆپیوو، دڕكی ناو شینایی، داوی سپی ناو قژی ڕەش دەریانهێنا، دووریان خشتەوە. ئاوەگرانە فرێیاندا ..!!

هەموویان لێوی خۆشەویستیان لە ڕوومەتی سازەكەی عەلی كردو ماچیانكردو وتیان:

تۆ زوو زانیت، تۆ ناخی نەخۆشەكان دەناسی، تۆ چارەنووسمان دەزانی، بەتۆوە ئێمە ڕێ دەكەین، تۆ ڕابەرو پێشەوامان بە، با هەر جوانی و هونەرو سوتانی دایك و سوتان بۆ دایك بكەینە پێوانەی ڕۆژگارەكانمان.

***

www.kurdistannet.org

## بەشی کۆتایی ..!

تا شەپۆلی توورەو خێراکان دووردەکەوتنەوەو هانایان بۆ هێزو تەوژمی رامالێنی تر دەبرد، دوور دەرۆیشتن .. منالەکان تا وزەو کارامەی خۆیان بەدایکوباوکیان بنوێنن، زوو قوومە تەرەکەیان گرمۆلە دەکرد، خێراتر لە شەپۆلەکە، خێراتر بە دەست و چۆك و شانیان زۆرتریان گرۆمۆلەدەکرد، هەموویان رێز رێز لەرووی شەپۆلەکان رادەوەستان، قەلا ئاسا، روو قایم و ورەبەرزو سنووردارو هەزارمێرد، رادەوەستان ... بەلام هەرەمە قوومەکان، مەمکە ناسکەکانی قووم، زوو و بەیەکەم تەوژمی شەپۆلەکانا نەدەمان ..!! رەش دەبوونەوە، رایدەمالێن، لەناو باوەشی نەرمی ئاوا دەتاوانەوە، رووبەرەکانی بۆ لووس دەکردن .. چۆلەکە منالە بێ بالەکان، زیرەیان بۆیان دەچووە ئاسمان، دووبارە بە خێرایی بۆ رەشبوونەوەیەکی تر قوومە نەرمو حەریجە نەرمەکەی ناو دەستیان دەکردەوە گردو مەمکی رووتی دایکیان، وەك سمتی ئەوانی پێشیان لووسیان دەکرد، دووبارەو سێبارە شەپۆلەکان هێرشی تورەیان دەهێنایەوە، هەموو لەگەل لمە نوستووەکانی کەنارە ماندووەکە تەخت و لووس دەکرد ..!!

هەلکەوت، دوور، لەپەنا قامیشەکانا، دوور لە ژنە رووتەکان، دوور لە تریقەی پێکەنینان، دوور لە سادەیی یاری منالەکان و کەیف و شانازی دایکوباوکیان، بۆخۆی دزە تەماشای دەکرد، تیری چاوانی رەوانەی گۆشەیەك دەکرد، کە ماندوودەبوو، یان گۆشەکە دەگۆڕا، ئەویش سیلەی چاوو نیگای دەگواستەوە، بۆ گۆشەیەکی تر، بەلام زۆرتر رووی هەر لە گردە قوومەکانی منالە وردەکان بوو .. ئەوانەی بەزەوقەوە، بە ئارەزوویەکی زۆرەوە خۆیان پێوەخەریك و ماندوو دەکرد، گردەکان رەشدەبوونەوە، دەتاوانەوە، شەپۆلەکان بە ئاسانی لە چاوقوچانێکا رەشی دەکردنەوە .. مەمکی دایکیان لەناو قوومی نەرما رەشدەبوونەوە، گردی منالەکان بە ئاسانی، خەونە جوانەکانیان، بە تەوژمی شەپۆلەکان هەلدەوەران ..

www.kurdistannet.org

هەنکاوێکی نوێ، کۆشەیەك ڕەش دەکاتەوە ..؟!!!!! ئەوان، هەموو بەیەکەوە، ئیشی بۆ دەکەن، بەبەرنامەو بێ بەرنامە، تۆ ڕەش دەکەنەوە.

شەپۆلەکانی ئەم ولاتانە، هەڵسوکەوتی هەمووان ڕەشت دەکەنەوە. باهەر یادگارو تالْی و سووری زۆری هەبێ ئەوان زۆرن، بەیەکەوە بەوە رادەگەن، هەمووی بۆ بێنەوە سەر ئێسقان، بیلێسنەوە، ڕووتی بکەنەوە ..!! هەموولاپەڕەکان هەڵدەدەنەوە، یەك یەك، دێردێر ڕەشی دەکەنەوە، تۆش لاوازو لار، بەتەنیا، لە ڕووی ئەم شەپۆلە دڕانەدا بێ دەستەلاتانە جێدەهێلن ..!! کۆلانەکان بە ئاسانی بە شەپۆلی بەهێز دەڕوات .. زوۆ بە ئاسانی ڕەشی دەکەنەوە .. ئەوەی تۆ بە زەحمەت و بە قوربانی و بەرد بەرد ڕێزتکردوون، بە یەك شەپۆل ڕەشدەبێتەوە .. وا زوو تاریك دادێت، منالە قوون ڕووتەکان ناچنەوە، دایکیان گەزەی تیشکی ئەم خۆرە ڕاستیان ناکاتەوە، ناچنەوە .. بۆ خەیالی هەلکەوت، دەمینێنەوە، بۆ ئەو هاتوون. هاتوون، تا ئەم عەسرە، ئەم ئێوارە درەنگە ئەو دین و شێت بکەن. بەئاسانێ بەچەندین ڕوو ئەو شێت و هاربکەن.

لەو پەنا قامیشانەدا، خۆی مەلاسداوە، ناچیتەوە، بۆ کێ بگەڕێتەوە، وا سینگی دەریا، ڕووی نەرم و زیوینی دەریا مەستیانکردووە، منالە قوون ڕووتەکان ژنە ڕووتەکان، گردە مەمکەکان، مەمکە گردە ڕووتەکان، چاکیان خافلاندووە، بگەڕێتەوە ناو کەمپەکە چی بکات، جیهانی ئێرەو ئەوێ دوو جیهانی دوورن، بە شوین و هێلی ئاسۆی و ستوونی زۆر نزیکن لەیەك، بەلام بە شتەکان، بە زمان، بە خەون و بنیادەم و دووان و .... هەموو شتەکان دوورن لەیەك ...

بگەڕێتەوە کێندەرێ، شەرم دەکات، کامیان، بێجگە لە مامۆستا دلْشاد ئەوانی تر هەر یەکێکیان بەدەست ژان و خەم و شەرمەزارییەك دەتلێنەوە. سەعید، شەیدا پیرەژنەکەیە، چاوی هەر لە ڕێگایە کەچە سیارەکەی تۆزبکات و خۆی و کوڕەکەی دەرکەوێت، بیبات، چەند شەوێك بیبات، دوایی دوورو بە نیوەمردوو فرێداتەوە دەەرەوەی سیمی کەمپەکە، بیبات تا بەفری دەسوتێنێت، تا وشکی دەکات، دوایی بەرەلای دەکاتەوە.

www.kurdistannet.org

پەرۆیەك فرێدراوە دەوەوە و..... هەروادەزانی نەبای دیبیوەو نەباران ..

ئەو شەپۆلە تۆشی هێنا، ئەم شەپۆلانە رۆژێ دادێ تۆش رەشدەکەنەوە ...!!

تۆش رەشدەبیتەوە ..!!

خۆت و بیرەوەرییەکان هەموویان نامینیێ ..!! کە گالتەیان پێ هات.! کە کەسێ نەبوو، گوێیان لێ راگرێت .! کەسێ پرسیاری نەکرد ..؟؟

تۆ ... تۆ ئەو جانتا قورسەی شانت دانێ، شاربەشار دەرۆیت ..!! بۆ بویتە دێوەرەی زەمانی باپیرانت، وادەزانی هەموو شتەکان نوستوون، دونیا مەییوە، ئاوەکان بەستویانە، وادەزانی خۆت و جانتاکەی شانت رێزی لێدەگیرێت ، مالْ بەمالْ خۆشحالن بە زەنگ لێدان و سەردان و دیتنی پێلاوە گەورەو ناشیرینەکانت.

شەوانی رابردوو، شەوچەرەی تالْ و درێژو ئەفسوناویی، هەموان، ناوی زۆری لەخۆگرتبوو، ژانی زۆر، درۆی زۆر، سەدان سعیدی کلۆڵی تێدایە، سەدانی وەك دکتۆرە روناکی داماوو ماندوو و سوتاوی تێدایە ..!! دکتۆرەی خاوەن ئەزموون و پایەو بەرزی کۆمەلایەتی و زانیاری، هەرزەکاری سوتاو، پارەخواروو، شێتی ژن، ماندووی پشتشکاویی زۆری تێدایە، ئەم کەمپە زیندانە، ئەم زەماوەندەی سوتانی بەفرا ..!! زۆر کەس خۆیان لەناو ئەم شەوو رۆژە جەنجالانە دەدۆزێتەوە ..!! زۆرن، شوێنەکان، رووبەرێکی درێژو گەورەیە، ساردو سەهۆلەبەندانە ئەم هەوارە ..!! ئەم شەوە، ئەو دانیشتنەو سەماکردنە لەگەلْ شەپۆلە خێراکانان ئەوەی بەبیر هێناوە ئەو چۆن شەپۆلە کتێبێکی هەبوو .. زۆری هەبوو ..!!

****

کتێبی هەبوو شەوانە پیالەی دەستی بوو، بالیفی ژێرسەرو چاویلکەی چاوو خەون و هزرو هاورێ و ژەم و خواردنی بوو ..!! کتێبی وەك کورە تاقانەکەی خۆشدەویست، بەقەد بسکی کیژەکانی، هەندی قردێلەکانی زیرەکی و رەوشت جوانی و خاوێنیان ..!!

کتێبەکانی زۆر بوون ..!! کتێب، لەگەلّی دەچوونە دائیرە، قیت و ئاقلانە لەسەر مێزەکەی دادەنیشتن، دەهاتنە سەر ئیش، بازاریان لەگەلْ دەکرد. دیوانە شیعری جوانی هەبوو زۆر

خەیالە کورت و درێژەکان و قوومی مەستیان سەمای دەکرد ..!!

چیرۆك و رۆمانی هەبوو، یەك مانگ پێکەوە دەخەوتن.

کتێبی زیزو شاراوەو بزری دەدۆزیەوە، نەرم نەرم، بەقسەی خۆش ئاشتی دەکردەوە. دەستی نازو نەرمی بەسەر لاپەرەکانیاندا دادەهێنا، دێرە رەنگینەکانی راموسان دەکرد، وەك چەپکە گوڵ، لەسەر مێزەکەی دادەنیشت، زوو زوو جلوبەرگی تازەو نازدارو ئارموشینی لەبەردەکردن.

کە لاپەرەیەکیان زامداردەبوو، برین، دەکەوتە هەناوی، بۆی دەگریا.

کە بزردەبوون، شورشی بەرپادەکرد.

لەترسی سەرماو شەختە سۆبەی و ئاگری گەرمبوونەوەی بۆ دادەگیرساندن، گەرم دایدەپۆشین.

نەوەك قرچەی گەرماو تیشکی هەتاو رەنگیان سپی بکاتەوە، رەنگ زەردیان بکات، بۆ هەموویان، بۆ هەموو رێزەکان پەردەی نەخشین و جوانی وەك تارا بۆ دەسازاندن، هەوای فێنکی سازگاری روو تێدەکردن.

کتێبی هەبوو، بەس تەماشای دەکرد ..!!

هەبوون، شەیدای بەرگەکەی بوو .!!

هەیبوو، وێنەکانی سەرسامی کردبوون ..!!

هەیبوو، نەخشەسازییەکەی ئەبلەقی کردبوو ..!!

کتێبی هەبوو، دڵی نەدەهات ناوی لەسەر بنووسێت، هەبوو بچووك و خنجیلانەبوو ..!!

کتێبی هەبوو، لە خوێندنەوەی بێزارنەدەبوو، تەواویش نەدەبوو.

کتێبی گەوەرشی هەبوو، بەدوو شەو تەواوی کردبوو ..!! بەتەماشبوو هەندێکیان بەرگ بکات .

یەك دوو کتێبی قەبەو لاچەپی هەبوو، رازی نهێنی و پارچە کاغەزو نامەو سوتانی داواو نازی حەزو دێری راستی و وەفای لێ دەشاردنەوە.

کتێبی هەبوو، بەیەك درهمی ئاسن کڕابوون ..!!

www.Kurdistanet.org

زۆربوون، ئەوانەی لەسەربەرگی پشتەوەیان نرخی عانەو فلوسیان لەسەربوو ..!!
کتێبی تێدابوو، دڵی نەهاتبوو بۆ خوێندنەوەش بیانداتە کیژی خاتوون و چاوکەژاڵ و کوڵم سێوەلاسوورە ..!!
کتێبی هەبوو، چەند گەڵای ناسك و جوان و پەلکە ریحان و خونچەی چەند ساڵانەیان لەناو لاپەرەکانی وشکرابوونەوە، بۆنیان هەرمابوو، ئەو دیاری و یادگارەکانی جوان و بەنازەوە هەڵگرتبوو ..!!
*****
ئەو ئێوارە درەنگە، ئەم ساتە مەندانە، دەریای شێت و شەپۆلی ماندوو ئەوانی بەبیرهێنایەوە. سوێند بەو شەپۆلانە دەخوات، بۆ ئەو هێزە بەتەوژمەوە دەچەمێتەوە، کرنۆشیان بۆ دەبات، سوێند لەسەر سوێند دەخوات، بەو کتێبانە دەڵێ ...
حەقتانە ..!! حــەقتانە ..!! بە پیرۆزەکان، سوێند دەخوات، بەجوانیەکان سوێند دەخوات ..
من تاوانبارم ..!!!
من تاوانبارم ..!!
من خیانەتم لەگەڵیان کردووە، گورچیلەیەکم فرۆشتبایە، ئەوان نا..!!
خوێنم رژابایە، ئەوەم نەکردبایە ..!!
چاوێکم لەسەردانبایە شەریفتربوو ..!!
حەقیانە ..!! ئێوە هەمووتان کۆن و نوێیەکان، گەورەو بچووکەکان، دیوانە شعرییەکان، کوردییەکان، عەرەبیەکان .. هەموویان یەکە یەکە حەقیان لەسەریان هەبوو ..!! رێزی ئەویان دەگرت، سوێندیان بەسەری دەخوارد .. ئەویان بە ئەمینداری بەوەفاو دەستپاك دەزانی .. سووربون لەسەرئەوەی کەوا کەلەکەی ئەویان تەئمینە، ئەولایان مسۆگەربوو ..
ئەو کتێب، نان و ئاوو ژن و شارو گوندو شەوچەرەی بوون،
ئەو کتێبی لاپیرۆزو بەرێز بوون،
ئەو کتێبی دڕاوو کۆنی لە هی نوێ تازەی خۆشتردەویست، نازی زۆرتر دەکێشان،

ئەو کتێبی هەموو بەیەك چاو تەماشادەکرد،

ئەو وای دەبینی.

ئەو کتێبی دۆست و دوژمنیشی هەبوو، کتێبی گوڵ و دڕکی هەبوو ..!

کتێبەکان زۆریان بۆنی نوسەرەکانیان لێوە دەهات .. ناوەکانیان بەس نەبوون، چاوو دەست و پەنجەکانی پێوە دیاربوو، هەناسەو سوتانیان بۆنی دووکەڵی چاوەڕوانی و ماندووبونیان پێوە بوون ..!!!

ئەوانەی چەند ساڵ بەدەستنووسی مابوونەوە،

چەندجار لەبەر دوودڵی پاکنووس کرابوونەوە،

ئەوانەی چاوەڕوانی هەلی چاپیان کردبوو،

ئەوانەی لە رۆژی راپەرین ژانی لەدایکبوون و بوونیان هاتێ،

ئەوانەی ناوەکانیان لەو رۆژەدا گۆڕا،

نازناوەکان ئاشکرابوون،

هێلەکانیان، خاڵیان لە جیاتی بۆ رێزکرابوو، بە پیتەکان بە وشەکان، بە ناوەکان پڕکرانەوە.

کتێب هەبوو، نوسەرەکەی هەر قەرزاربوو.

هەبوو نوسەرەکەی پەشیمان بوو، شەرمەزاربوو .....

بێجگە لە کتێب و نامیلکەی شۆرش و خەباتی نهێنی و شاراوەشی هەبوو،

دیوانە شیعری سوتان و فرمێسك و تاوانەوەو تۆلەی هەبوو.

کتێبی هەبوو دوژمنەکانی نوسیبوویان، نەیارەکانی چاپ و پەخشیانکردبوو .!

ئەوانەی هەرزانفرۆش و بەتاڵان دابەشکرد ..

کتێبی هەبوو رقی لە بنووسەکەی دەبۆوە، هەبوو بوختان و درۆو تەزویرو چەواشەبوو..

کتێبی تێدابوو ئەنفالکرابوون. هەبوو، تاڵانکرابوو. هەبوو، دزرابوو. هەبوو، گیرابوو.

هەبوو، جاشەکان، لەبارەگانی پێشمەرگەدا دەستیان بەسەردا گرتبوو.

زۆریان، بەشاراوەی و بەدزی هاتبوون. زۆربوون، ئەوانەی گرتن و سێدارەیان لەسەربوو ..

زۆربوون ئەوانەی بەحەسەرەتی دیتن و خوێندنەوەو کۆپیکردن و هەبوونی بوون .!!

www.Kurdistannet.org

کتێب، لەلای ئەو کرابوونە سابات و کەپرۆکەی هاوین .. هەبوو، فێنکی دەکردەوە، هەبوو، سۆبەی زستانی بوون، لەساردی زستان و دلۆپەی شەوە درێژەکان دەیپاراست ..!! دەبوونە داربەرووو سۆبەی داری ناو ژوورە ئارامەکەی، وەك دەنووکی کەو سووردەکردەوە و ..

کتێبی هەبوو، قاسەی دەستپاکی ئەمین بوو .. چەند گەلا دۆلاری لەناودا شاردابوونەوە ..!!

هەبوو، حەبی خەوو حەوانەوەی بوون .. شەوان فریشتەی خەوی دەباراندەو خەونی بەهەشتی و درێژی بۆ دەرەخساند ..

هەبوون ... سۆزی ئەڤین ونامەو پەیامی حەزو نوسینی لا دروستدەکرد ..

کتێبی تێدابوو، بەخوێندەوەی فرمێسکی گەرمی بە لێزمە بەسەر روومەتا دەباراند ..

هەبوون، پێکەنی و خۆشی دەبەخشی ..

کتێبی تێدابوو، دەیتوانی زیندانی خوێنەرەکەی بکات، دەرگای دەرچوون و کارو ژوان و خواردنی لەسەر گاڵبدات ..

کتێب، پالەوان و بووك و موتفەرك و ئەنگوستیلەو خەرمان و هیوای بوون، کرنۆشی بۆ دەبرد، تەماشای دەکرد وەك پشیلەی تووك نەرم، دەستی لە پشتی خاوێنی دەدا، لەدیاریان رادەوەستا، ئەبلەق و سەرسام دەبوو، بەوان شکۆدارو هەوابەرز دەبوو ..

کتێب دوێنی و ئیمرۆو منالّی و پیری و نەخۆشی و چوارشانەیی ئەوبوون ...!!

کتێب یادگارو تەمەن و رووداوو و مێژوو برادەرو خزم و نزیك ودووری ئەوبوون .. خوێن و دەمارو چاو و بینینی ئەوبوون ......

ئەدی رۆژنامەکان ..!!؟؟؟

ئەو هەموو لاپەرە گەورانە ..!! ئەو ملیونەها وشانە ..!! حەوت هەزار رۆژنامەی پاش راپەرین، رۆژنامەی کەسك، زەرد، شین، مۆر، رەش و سپی، رەنگین، بیّ رەنگ، کالّ و تۆخ و پەمبەو گەورەو بچووك و مامناوەندی و قەدکراوو لوولدراوو .. هەموویان، ئەوانەی دەرچوبوون .. هەموویان ..

www.kurdistannet.org

هەبوو چەند برادەرێك بەپارەی قەرزاری و كیرفانی خۆیان دەریانكردبوو ..!

ڕۆژنامەی تێدابوو دەستەخوشكی لە ئەوروپا دەردەچوو ..!!

هەزارو سێ سەد ژمارەی ڕۆژنامەی ( كوردستانی نوێ )، هەموویان وا بە ئاسانی كۆنەكرابوونەوە ..!!؟؟

بڵاوكراوەی ( كۆمار ) لە سویدی دوورەوە هاتبوو ..!!

(خاك) ی سادەو مشت قسەی خۆش و نوكتەو كاریكاتێرو فشقیات، ڕائیدێكی پۆلیس دەریكردبوو ..!!

( ولات) بە پیتی لاتینی، جوانترین خەلاتی باكووری كوردستان، لە ئەستنبۆلەوە بۆی هاتبوو ..!!

ئەدی ڕۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی )، بێجگە لە ژمارەی یەكەمی، تا ماوەیەكی دوورو درێژ، لە زۆربەی ژمارەكانیدا، ئەو بابەت و ڕیپۆرتاژو نوسینی تێدابوو ..!!

ئەدی ژمارەكانی ڕۆژنامەی ( هەولێر). هەولێرەكەی ئەوبوو، ئەو سەرنووسەرو سەرپەرشتیكارو ژمێریارو فرۆشیارو ئەرشێفی بوو ..!!

ڕۆژنامەی ( ئەمرۆ )، بە ئەرك و پێنووس و خەمی ڕۆژنامەونووسێكی گەنج و بوێر دەردەچوو ..!! نەدەترسا .! ئەوەی بنووسانی تر نەدەوێران بینوسن، ئەو بێترس، مەردانە، بەناوی ئاشكرای خۆی، بێ ناوو نازناوو، بەچەند ڕستەی سادەو ئاسان، بێپێشت و بێچەك و بێ پارەو بێ بارەگابوو ..!!

بەڵێ ڕۆژنامەكانی، ئەوانەی لە كتێبخانەكەی ئەودا هەبوون، ژمارەیان بێ ژمارەبوو، بەقەد ژمارەی ئەستێرەی شەوانی ساماڵ بوو .. ڕۆژنامەی هەبوو، حزبێك دەریدەكرد. هەبوو، هی ڕێكخراوێك بوو.

هەبوو، دەزگایەكی روشنبیری بەرپرسی بوو. هەبوو، خاوەن ئیمتیازەكەی لەدەرەوەبوو.

هەبوو، وەزارەتێكی رەسمی ئامادەو پەخشی دەكرد. ڕۆژنامەی یەكێتی پیشەیی و هونەریی و كرێكاری بەرپرسی بوون ..!!

هەبوو، ژن و مێردێك بەیەكەوە دەریاندەكرد.

هەبوو، ناونیشان و ناوی چاپخانەو ناوی کەسی لەسەرنەبوو ..!!

رۆژنامەی هەبوو، بەیەك کەس  لە تارانەوە دەرچووبوو چەند ژمارەی دەگمەنی هاتبوو.

زۆربوون، بەشەش سالْ کۆکرابوونەوە، بە دە دەقیقە فرۆشران ..!!  بارکران، رۆیشتن. کە رۆیشتن، کە دەرچوون و هەرزانفرۆش کران، دەیزانی کاریان پێیان دەبێتەوە، موحتاجیان دەبێتەوە .. ئەوەی سورِ دەزانی، چاکی دەزانی ..!!  بەلاّم ناچاربوو، ناچارکرابوو ..!!

خەمی هەمووانی نەبوو، ئەوەی دەزانی هەندێ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی گەیشتنە دەستی ئەمین، بەناز هەلّدەگیرێن،  چاویان لیّ دەبیت، دەخوێندرێنەوە و  ..!!  بەلاّم زۆریشیان لەسەر شۆستەی شارا، سپی دەبنەوە، رەنگیان دەرِوات، کەس یەك پیتیان لیّ ناخوێنیێتەوە، تۆزیان لەسەر دەنیشیێت..!!  بەرگیان دەقۆپیێتەوە، بەناچاری دەبنە کاغەزو زەرفی پاقلەفرۆشەکان، دەستفرۆشەکان، پەرپەرِدەکرێن، دەبنە گەلاّی زەردی گەلاّرێزانی وەرین و پایز، بە کزەبایەکی پێشباران دەفرن ..!!  دەرۆن و تووڕەو نامۆو بێواردەبن، سەدان و هەزارەها گازاندەو جنێویشی ئاراستەدەکەن.!

بەلاّم حەقیانە...!!  ئای ئەو رۆژە وەك ئەو ئێوارەیەی ئەم کەنارە ماندووە، وەك چاوی تیژو بە ترسی ئەم شەپۆلانە رۆژێکی رەش و نامۆو پرسەداربوو ..!!  ئەو رۆژەی بریاری فرۆشتن و هەراجکردن و ئەتککردن و دەرکردن و سوتاندن و پەرپەرِکردنی کتێبەکانی دا. کە پیکەبە شرِەکە، بەشێك لە کتێبەکانی گواستەوە، تەرمی تاقانەو نازدارو خۆشەویستی لەمالّەکەیان نەرم نەرم، بەشەرمەوە، بردە دەرەوە ..!!

رۆیشتن، بیّ گەرانەوە رۆیشتن، نەیانتوانی سووکە ئاورێکیش بۆ دواوە بدەنەوە. وا بارکرابوون، وا لەسەریەك کەلەکەکرابوون، نەیانتوانی خۆیان بۆ دوعاو دوامالّئاواییش ئاوربدەنەوە ..

رۆیشتن بۆ قەبرستان، بۆ ناو تاریکی و گوومبوون، بۆ ناو درِکەزەردەی پایزو تۆزوبا. رۆیشتن، تەرمی کتێبەکان هەموویانی سەرسامکرد، ئەبلەق، چاومشت فرمێسك، دوانیگایان ئاراستەکردن، سەریان کزو بێدەنگ ومەلوول و سەرشۆر سورانەوە ..!!!  وەك ئەو رۆژەی وەك رۆژانی سوتانی بەفر لەم کەمپەدا رەش بوون.

www.Kurdistannet.org

تا نزیك ئەو دەبوون، ئەو نەدەسملییەوە، زۆری ویست تا شارەزابوو، شەپۆل کەمێك رەو دەکات و بواری نامێنێت .!! یەکەم شەپۆلی شێت و هارو ماندوو ترساندی، دوور خۆی راگرت، تا شەقاوو دەستی ئەوانی ناسی دوورو بەپارێز خۆی رادەگرت. کە زانی و شارەزایان بوو، لەنزیك و لە دامێنی شەپۆلی تووره دانیشت، دەستی بۆ لاپەرەکان، بۆ ناونیشانەکان، بۆ شیعرەکان، دیوانەکان، رۆمانەکان دەبرد ..!! یەك یەك، شەپۆلەکە دووری دەخستنەوە، دوورتری دەخستنەوە، نقوومی دەکردن. گومبوون لە ناو شەپۆلی تاریك، هیچ سۆراخی نامینیٚ، وەك چارەنووسی دایکی عەلی بەسەردێت.

ئەو ئێوارە درەنگە، دەریا تەنیانەبوو، ئەوی هاوشانبوو. لەنزیك کتێبەکانی دانیشتبوو. کتێبەکان، لاپەرەکان، پیتەکانیش، یەك یەك دەکەوتنە ناو ئاوەکە. ماسی برسی، شەپۆلەکان توند دەیانفراندن. دووریان دەبردن، هێدی هێدی گووم دەبون، راست بزردەبوون ..!! دەمێکی کورتیش لەسەر ئاسۆی دەریا مەلەو لەنجەیان نەدەکرد. سەمایان نەدەکرد، بە لەنجەو لارەوە نەدەرۆیشتن، رووحیان نەدەدا، نەدەکەوتنە پەلەقاژە، یەکسەرو خێرا گووم دەبوون. دەکەوتنە ناو رەشایی، تارمایی، توورەیی شەپۆلەکان، نەك ئەوان کەرتە شاخ، پاپۆری چەند نهۆمی هەزارەها ژووریش نقووم و گووم دەکات ..!!

❊❊❊

کتێبەکانی خۆشدەویست، بەتایبەتی، ئەوانەی چیرۆکیان هەبوو، سەربردەیان دوورو بەژان و شیرین و تاڵ بوو ..!! چیرۆکەکان گێرانەوەو نوسینەوەی زۆریان دەوێت، زۆر دەگەێنیٚ ..!! بەتایبەتی ئەوانەی سەری دێرەکان، ژمارەی لاپەرەکانیان سپیبوون، ناویان، قەدیان کۆمببوو، چاوی پیتەکانیان کزو لاوازببوون. ئەوانەی بۆ پەیداکردنیان، دۆزینەوەیان، کڕینیان، ماندووببوو. بەتایبەتی ئەوانەی ئەوو خوێنەرانی زۆرماندوو شەیداکردبوو ..!!

سەرەتای بناغەی دانانی بالای کتێبخانەکەی بەچەند نامیلکەشیعرو گۆڤارێك، بەچەند رۆژنامەیەك دانرا ..!! دایکی هەر گلەیی دەکرد، هەر دەنگی دەهات، ئامۆژگاری دەکرد، دەیفەرموو:

www.kurdistannet.org

جامە کاسترێك، بە کراش و فانتاو مشن و لەفەیەك نادەیت، بۆ خۆت هیلاك دەکەیت، بە پیادەیی لە ( سەیداوە ) تا( رەشکین ) بەو سەرمایە، بەو هەموو کتێبەوە دەچیتە مەکتەب، بۆ پارەکەت بە دەفتەرە بیتاقەی پاس نادەیت، بۆ بەپیادەیی دەچتە ناوبازار، بۆ کتێبەکانی خۆت گەڵەك کەمن ؟؟!! کتێبی تر لەسەر یەك کەلەك دەکەیت، بەسە، کوڕی خۆم .. بەسە ..!!؟؟ بەسە خوێندنەوە .. ئەوانە چی دەنووسن، چاوی خۆت لەسەر دادەنێت ..!! وازبێنە بەسە کتێب مەکێشەوە ..

پاشان ژنەکەی .. گوڵدانێکی لەکتێب لاجوانترو باشترو بەسوودتربوو. ئەو پەردەیەکی حەریری جوان دووراو، بۆ پەنجەرەی دیوەخانەکیان، بۆ ژووری نوستن بۆ ..... لەهەموو کتێبەکان لاجوانتربوو. ئەو ڕێزە فەفخووری، کریستال، چەند گلاس و شووشەی لە هەموو ڕێزە کتێبەکان لا جوانتربوو .. سەماوەرێکی ئێرانی بالابەرزو زەردی، لە بەرگەکانی گۆڤاری کۆری زانیاری کوردی لاجوانتربوو ..!! ژنەکەی دوو مەنجەلی تیڤالی لە دیوانی گۆران و شێرکۆ بێکەس و تاریك و روون و میرو شەروئاشتی لا جوانترو پیرۆزتر بوو ..!!

بەڵام ئەو هەرکتێبی کێشابۆوە، هەر باڵای بەرزترو قەدی ئەستوورترو ناوشانی کتێبەکانی پانترو ئەستوورتر کردبوو، هەر کۆیکردبونەوە .. پارەیەکی زۆری بە کتێب دابوو، زۆری بۆ تەرخانکردبوو، شارەزای کتێبخانەکانی بەغداو مەلبەندی روشنبیری ولاتانی کۆنە سۆشیالیسی بەغداش بوو، لەناو خەرمانەی کتێبەکانی ( سوق السرای ) بەغدا کتێبی هێنابۆوە، لەهەموو سەفەرێکدا کتێبی هەر دەهێنا. کە دەچووە گوندەکانی سەرسنوور، کە دەچووە سەردانی خزم و برادەران، هەر کتێبی کۆکردبۆوە. تا بالایان ببووە قەڵا، تا ببووە رووبار، کانی، کۆن و نوێ، شوێنەوارو شارستانی، وێنەدارو رەش و سپی .. ئاوێتەببوون، چەند نهۆم و ڕێزببوون ..!! هەموویان ژمارەیان لەسەربوو، بەرگگرابوون، خاوێن و جوان راگیراوو هەڵگیراوبون ..!! پێرستیان بۆکرابوو. لە دیوەخانە بەرین و درێژەکەیدا، لە ژێرزەمینە فێنك و بە پەنجەرەکەیدا، جێگای کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان دانرابوون. قالدرمەیان هەبوو کتێبە بەرزەکان، جامخانەیان بۆ بەسترابوو کتێبە دەگمەن و نایابەکان. لەناو دڵ و چاوو هزرو حەزی هەموویان، ماڵ و پێشوازییان راگیرابوو .. هەموو بەیەکەوە

www.Kurdistannet.org

خۆشەویستی و کوڕو کیژو دایك و باب وداپیرەو باپیرە و .. و . .......

هەموویان، گەورەو گچکەو ناسك و زراڤەکان، شیعرئامێزەکان، ڕووداوی چیرۆکەکان، خوێنی لاپەرەکان، مێژووو سوتانی ئەڤینداری، بیرەوەرییەکان، حەقایەتەکانی بەئاگردان، ترشی و شیرینی منالّەکان، هەموویان حەقی خۆیانە لەم ئێوارەیەدا، رەنگە لەناو گێژاوەی ئەم دەریایەدا بتخنکێنن ..!! تۆلەی خۆیان بکەنەوە، راپێچی ناو گەرووی شەپۆلت بکەن، حەقیانە کەلبەی تیژیان لە جەستەی نەخۆش و ماندووت بگرن،

تۆلەی ئەم گردە کتێبانەت لیّ بکەنەوە، تۆلەی کەرۆێشکەی لاپەرەکانت لیّ بکەنەوە، تۆلەی خونچەی پیتە جوانە بۆندارەکانت لیّ بکەنەوە، بەهەزار سازی شێتی عەلیش نەدۆزرێیتەوە، ئەو هەرنەیتوانی دایکی بدۆزێتەوە ... تۆش ئەوەندە دەدۆزێتەوە .. چەند توانی دەستی پیسی سۆران لە خونچەو پاکی دکتۆرە ڕووناك دووربخاتەوە، تۆش ئەوەندە دووردەخاتەوە، چەندی کیژە ئەرمینیەکەی بۆ سوتانی کورە کوردەکەی ناو سوتانی بەفر دۆزییەوە و فریای کەوتن، بۆ تۆش، بۆ ئەو ، بۆ ..... دەکاتەوە ..؟!!!!

هەموویان دەتوانن، لاپەرەکان هەموو بەیەکەوە ببنە درێژترین سکالانامەو داوانامەو گلەیینامە و توورەنامە، هەموو بەیەکەوە، دادنووسی و پرسیارو لافیتەو تابلۆو بەیانی نارەزایی و سروودی شۆرش و توورەیی و بەرخودان بۆ تۆلەو دێری کۆبوونەوەو جڤات سازبکەن ..!! بیدەنە ئەو شەپۆلانەو ئەویش یەخەت بگرێت ....... ئەوانە حەقیانە، دەتوانن و شەپۆلەکەش دەتوانیّ، رایکێشێت، زیندانی ئەو گەورەو فروانە بەلاّم نەفسیڕە، قورگ دەگرێت، زێرووە، قولابی تیژە، تۆلەی ئەوان بە ئاسانی دەکاتەوە، زۆر ناخایێنێت، زوو تەواوی دەکات ..! ئەو دادگایە، ئەو گرتن و هاتن و بردنە ئاسانەو زوو داواکە تەواو دەبێت، ئاوقات و نوسین و تۆمارو شاهید و پێداچوونەوەی تێدا نییە، دەریاو شەپۆل، پاپۆری زەبلاّح بەیەك سات، سەرکردە و سوپای قارەمان بەیەك سات، بەچەند باسکە مەلەو بەچەند هاوارو پارانەوە و ... تەواو دەکات !!

حەقیانە ئەو لە رۆژێکی گەردەلوولی پایزدا بەرەلاّی کردن، ئەوانیش وا لەو رۆژەدا لەو رۆژەی بەفر دەسوتێت و کەمپ گرمۆلەی کردووە، کەمپ کردویەتی بە نیوە پیاو. لەو

ئەو شەپۆلە شێتانە، ئەوانیش زەبریان کوشندەیە، کەس دەرەقەتی ئارامبوونەوەیان ناهێت، کەس ناتوانێ، شەپۆل بخەوێنێ، لەسەر زینی ئەو ملیونەها ئەسپانەیان دابەزێنێ و یخیان بکات ..!!

لەسەرماو بە تاریکی دەربەدەرت کردن ..!! ئەوانیش لەو شەوەدا دەتدەنە دەست شەپۆل، لەناو تەڵی سازی عەلی دەردەچیت بۆ ناو شەپۆلی شاخی لوتکە تیژو بەرز ..!!!

لەناو گێژاوی دلێر شێت ..!!

شەیدا و بێناموسی سۆران ..!!

کولانی سەعید بۆ پیرەژنە قاڵتاخەکە .. !!!!

چاومۆنی مەلا ئەنورو نوێژە درۆیەکانی و ..!!!!!

سوتانی بەفری هەموویان، بۆ ناو ئامێزی شەپۆل دەبات، چۆن دەربازت دەبێ ..؟؟!!

تۆ چۆن دەرباز دەبێت ..!! زۆرت دەرحەق ئەوانەکردووە. رۆژنامەکان، ئەرشێفەکە دەوڵەمەندەکەت، بەیانەکان، وێنەکان ..!! زۆر تاوانباری !! ئەوەی لەدەستت هات کردت. ئەوەی لەخەیال و بیری کەسدا نەبوو کردت. ئەوەی کردت هۆش و هزرو عاقل و شێت پێ قبوول ناکرێت ...!!

تۆ کەسنەکردەی ..!! تۆ پفت لە خۆلەمێش و ئاگرو پەنگرکرد ..!! ئەوەی تۆ کردت پیاوێکی نەخوێندەواریش نایکات، لەمرۆڤی سەردەمی نیاندرتال و پیاوخۆرەکان، لە جەردەکان و پیاوانی هۆلاکۆ و ئەنفالچییەکانیش نەدەوەشایەوە ..؟؟!! تۆ خراپترکرد ..!! شێ و دلۆپەی زەردو مۆرانەو جورج و دیوارکونکەرەو مشك، ئەوەندەیان بە کتێب و دەستنووس و کەشکۆل نەکردووە. سوتان و بۆمباو تالان ئەوانەی نەکردووە ..!! تۆ هەمووت داوەشاندن !! هەڵتوەراندن ..!! داترزاندن .!! باوەش باوەش فرۆشتنت ..!!

کڕیارەکان لاپەرەکانیان دەکڕی .. ناوەکانیان نەدەویست .... ناوی نوسەرەکانیان لا گرنگ و مەبەست نەبوو، سۆراخی ساڵی چاپ و شوێنی چاپ و تیراژە و سەردەمی پەخشیان نەدەکرد .. بۆ بەرژەوەندی خۆت .. خێراو زوو کتێبی دەگمەنت فرۆشت .. نایابەکانتان

www.kurdistannet.org

کەردەن و چوارپەلت دەترازا ..!!

زوو و بیٚ شەرم و بیٚ لیٚکدانەوە وبیٚ هیچ حیسابیٚ، کتیٚبی دیاری و خەلاتت فرۆشت.

ناوەکانی دیاری و ئیمزاکانت رەش نەکردنەوە ..!! ئەو هەموو ناوانە چۆن بەئاسانی و بەیەك قەلەم، وا خیٚرا رەش دەبنەوە ..!! ئەگەر ئەو شەپۆلە ئیمرۆ بتوانیٚ هەمووت پیٚ رەش بکاتەوە !! ئەگەر ئیمرۆ لەگەلٚ سوتانی بەفرا بتوانی رەشیان بکەیتەوە ..!!

* * * *

کتیٚبی دیاری و زۆر دەگمەنت فرۆشت، رۆژنامەو گۆڤاری زۆرت فرۆشت، لەکۆلٚ خۆتکردەوە، وتارو ناوو ویٚنەی خۆتی لەسەربوو ..!! هەستت نەکرد، کە باوەش باوەش کتیٚب دەرۆیشتن ژوورەکە بنمیچەکەی نەوی تر دەبیٚت ..!!؟؟ تاریکتر دەبیٚت ..؟؟!! پەنجەرەکان قوریان لیٚدەدریٚت دەرگاکەی بزماررێژ دەبیٚت .. دیواری سپی بیٚ کتیٚب زەنگولٚ زەنگولٚ ئارەقەی شەرم وشوورەییان لیٚ دەباریٚت، رەش هەلٚدەگەریٚن ..؟؟ !! هەستت نەکرد رەونەقی خانووەکەت نەما ..! هەستت نەکرد جیرانەکانت بە بەزیوو نامەردو ترسنوك لەقەلەمت دەدەن، چیت پیٚ دەلٚین ..!!؟؟؟

دویٚنیٚ سەرت بەرزو چاوگەش و سمیٚل بالٚتەیارەو پشدیٚن ئەستوورو بالٚگەرم و ..

ئیمرۆش مشکی ناوکون و لەرزۆك و هەلاٚتووو دەستی ئەملاو ئەولا ماچ دەکەیت و ......؟؟!! تۆ بە کتیٚبەکانت جوان و پیاو بویت ..

ئەو کتیٚبەی نەویست، کە رۆژانیٚك زۆر بۆی شەیدابوو، هەمووی لیٚبوونە دوژمن ..! لەپیٚش چاوی رەشبوون .. هیچی بۆ منالٚەکانی نەهیٚشتەوە، هیچی بۆ یادگارو بیرەوەری نەهیٚشتەوە ..!! هیچی بۆ دارەکان، رەفەکان، جامخانەکان، بۆ میٚوانەکان .. هیچی بۆ هیچ نەهیٚشتەوە .. دیارەبوو دەیزانی خۆشی وەك ئەوان باردەکات، دیارە خۆشی .....

بەیەك دوو رۆژ یەك لادیوار کتیٚبی فرۆشت، کتیٚبەکانی بە چەپلەریٚزان دەرپەراند، تەنکەی بۆ ئەرشیٚفەکەی لیٚدا ..!! گۆڤارەکانی بەردبارانکرد .. کە بەناوکەوتن، کە بەپیٚلاٚو بەناوکەوتن، کە بیست کتیٚب بوونە پیٚنج دینار، تەنیا پیٚنج دیناری ئاسنیش نەك کاغەز

www.Kurdistannet.org

هەرزانفرۆشکرد ...!! دوایی پەنجا کتێب بووە پێنج دینار، سەد کتێب پێنج دینار ... چەند پەرتتر دەبوون، چەند زۆرتر دەبوون، چەند ووردتردەبوو نرخیان کەمتر ..!! حەوت رۆژنامەی کۆن و نوێی کوردی، رۆژنامەی مێژوو و ناوو راگەیاندن و بیرەوەری و بەیەك دینار هەڵسەنگێنرا ..!! خۆی بە شەرمەزرار دەبینی، کە کتێب هەڵگێروو وەرگێرا دەکرا، کە فرێ دەدرایەوە سەرئەرز، کە شیعرییان نەدەویست، کە تەماشای بەرگەکانیان دەکرد، دەیانبینی چیرۆکە، رۆمانە، نەیاندەویست .. ئەو رۆژە رۆژێکی رەش بوو، کە دووکەڵی رەش بەری ئاسمانی گرت ..!! کە ئەرشێف و بەلگەنامەو سەدان لاپەرەی گرنگ سوتان .. تاوانبارەو تاوانی کردووەو ئامادەی لێپرسینەوەو سزایە ..

کتێبەکان حەقتانە ملی لەموو باریکترە، ئامادەیە ..... چونکە شەری جیهانی بەرپاکردبوو .. بۆ ئەوان هۆلاکۆو تەرتەر بویت ..؟؟!! گەنجینەکانی بە ئاگری بێ ویژدان سوتاند، گەردەلوولی بە کاغەزەکانی خەنی و سەرسامکرد .. ئەو رۆژانە منالآنی حەوت گەرەکت بە کاغەزو ئەرشیفەکەت خەنیکرد. تۆ ئاسمانت شاگەشکەکرد، ژنانی کابان سێلّیان گەرمکرد، منالآن کۆلارەیان پێ دروستکرد ..!!

کتێب و کتێبخانەکەی بەو شارو گەرەك وماڵەی بەستابۆوە، کە داوو پەرژین دەپچرا، توورەیی ونارەزایی هەراسانی دەکردی. ئەو کتێبانە ئەو ملیۆنەها لاپەرە مشت پیتی نەخشین و راستگۆیانە، ئەوی زەنجیربەندکردبوو، بەو شارەی بەو مەلبەندەی بەستابۆوە. کتێب خەون و سۆزو منالّ و خێزان و گریان و عیشقی پاك بوون ..!! بەنەمانی ئەوان، وا سەرگەردان بویت، لەکەنار ئەو دەریایە شێتە خەوتووە ..!! لە نزیك دەمی هاری شەپۆلا دۆش داماوە ... زۆر وریا نەبی، لوولت دەدات، بەیەك چاوقوچانێکا ونت دەکات .. بەنەمانی کتێبەکان هەستی دەکرد قاچی لەشار، لە هەولێر بۆوە، ترازا ..!! چاوەکانی لە بەژنی منارەی سەرڕووخاو کەوتە خوارەوەو نیگای پچرا .. بە نەمانی ئەوان وەك بەژنی کۆنی قەلا رمایت، شکایت .. رووحت لە گوڵ و ژن و منالّ و یادەکان و گەورەکان و خوداکان، لەشارە زۆر خۆشەویستەکەت داکەلا ..!!

www.kurdistannet.org

شیرازەکان سەرت هەڵنگرت، کۆچت نەکرد، نەهاتیتە نزیك ئەو کەنارە عەدارە، لەساردی ئەو وڵاتەدا بەفرت سوتاند .. کەوتیتە ئەم کەمپە جەنجالە .. لە مەلبەندی رووناکی، لە ماڵی دکتۆر مارف خەزنەداری بەرێزا، لە رۆژانی رەوەکەدا، دکتۆر بەدایکی میدیای دەووت:

گەر کتێبەکانم بۆ باربکەن، بەچەند قەتارو بارا بۆم هەڵگرن، بۆم باربکەن..!! رەنگە بتوانم منیش لە رۆژانی رەشدا، لە بۆمبابارانا رەوبکەم، ئەگەر بتوانم ئەوانم لە تەنیشت بێ ..!! راستی فەرموو تۆش گەر تۆش لەو ئاپوورەیەدا، لەناو کەمپەدا ئەو بارانەت لەگەڵ بوایە، هەستت بە غەریبی و تەنیایی و سوتان نەدەکرد، شەوان تا بەرەبەری بەیانیان بەدیار سازە شکاوەکەی عەلی دانەدەنیشتی .. هەمووت خەنی دەکرد، بەهەموو زاراوەکان، بە کوردی و بەعەرەبی و فارسی و بە پیتی لاتینی، بە چەند کتێبە ئینگلیزیەکانیشەوە، هەمووت دەخافلاند، هەمووت سەرقاڵ و هێمن دەکرد...!! تۆ خەنی دەبووی پشتت پێیان دەدا، وەك ئیمرۆ بەرامبەریان شەرمەزارو تاوانبار نەدەبووی. نەدەکەوتیتە ناو لانکێکی بێ دەسترازە، خواردنت وا بێ خوێ، سوتاو، نەکوڵاو، نەبرژاو نەدەبوو .. کتێبەکانت هەتیمیان کردی، دەربەدەریان کردی ..

بیست ساڵ تەمەنێکە تۆ کتێبت کۆکردەوە، بەیەك کارەسات، بە بۆمەلەرزەیەکی سووك، لە پێش چاوانت رەشبوون، زەندەقت لە بوون و راوەستان و دووانیان چوو، هەمووت لێبوونە درك و ژان و جاسووس، زۆرت پەلەکرد، زۆرخێرا گەسکت لێیاندا، تۆزت لێیان هەڵساند .. رۆژ نەبوو دەستیان بەسەردانەهێنیت، تەماشای ناونیشان و قەدیان نەکەیت، شەوان لەناویان دەسورایتەوە، بۆ نوێیەکان جێگات دەکردەوە، بواری کۆنەکانت خۆشتر دەکرد، بەرگت دەکردن، مۆری ناوی خۆت لەناوەوەیان دەدا، ژمارەت بۆ دادەنان، کتێبە گەورەکان، شارە بەرینەکەت بوو، گۆڤارەکان، کۆڵانەکانی منالّی و جوانی و بیرەوەریت بوون ..!! لاپەرەکانیان هاوڵاتی و هاوشارو هاوکارت بوون، هەموویان بەیەکەوە رۆیشتن، بەیەکەوە لە شەقەی باڵیاندا، دوور دوور فڕین ..

راستیان دەووت، پیرەکان وایان دەووت:

بەکەلکی ناهێت، نە منالّ نە سامان، هیچ بەهانای ناهێت، هەر کتێبی دەستی ڕاستی دادی دەدەن، شەفاعەتی بۆ دەخوازن ..؟؟!! بۆیە وا تۆ لەو دۆزەخەدا، لەگەلّ ساردی بەفرا دەسوتێت. چونکە بێ کتێبی، بێ هاورێ و هاوکاری .. وا هێدی هێدی خوێندنەوەت لەبیردەچێتەوە.

وا هێدی هێدی بەم ئێوارە درەنگە تەنیایە ڕووو بەژن و دەستی شەپۆلت بۆ دێ ..؟؟!! چونکە ڕۆژێ بەرامبەر ئەوان لەرووی ئەو هەموو لاپەرانەدا تاوانت کردووە. تۆ خاوەن سەدان کتێب و گۆڤارو فەرهەنگ بویت، بەچەند زمان ئەوانت دەخوێندەوە، وا لێرەش یەك نامیلکەی فێربوونی زمانت لە باوەشەدایە. وا دووبارە پیت و ناوو کردار لەیەکتری جیاناکەیتەوە. تۆ خاوەن یەك شاری گەورەو دێرین و شارەوانی پلە نایاب و هەزارەها نەخشەی ناوەندی و بنەرەتی و کەرتی بویت. یەك ملیۆن هاولاتی ناسیارو برادەرو خزمت بوون.

کە کتێبەکانت نەما لەجیاتی ئەوان، وا لەو کەنارەدا وەك قەپاغە شەیتانۆکەیەك فرێدراویت، وشك بویتەوە .. ستونەدارێکی شکاوو بڕاوی، ئەوەندە هێزت لەبەردابووە، هەنگاوێك لە ئاوەکە دوورکەویتەوە، ئەویش دێ، نزیك دەبێتەوە، ڕاپێچتدەکاتەوە، لەناو شەپۆلە هارەکانا گێژو سەرسام و نیوەمردووت دەکات، دووبارەو سێبارە بۆ دوور، بۆ کەناری دەریاکە دوورت دەخاتەوە..!!

نە "عەلی" دایکی دۆزیەوە.

نە "ئالان" گەیشتەوە لازای ئەرمنی.

نە "سعید"یش لە پیرەژنە قالتاخەکە تێرو بێزاربوو.

ڕۆژانەش سەدجار بەسەرخۆشی و بەهۆشەوە دلێرە شێت هاواردەکات:

پێش ئەوەی رەفزم بکەن ..!! پێش ئەوان، پێش ئەوەی پۆستە چەند لاپەرەیەکی رەفزم بە ئیمزاوە بدەنەوە دەست، من رەفزیان دەکەم، من باوکم رەفزکرد، من دایکم لەسەرچاوان داناو باوکم رەفزکرد، ئینجا ئەوان بە نامەیەك رەفزم بکەن، من زووتر پێش ئەوان رەفزیان دەکەم ..!! ئەوان بە من ڕازی نەبن، من سەدجار بەوان ڕازی نیم ..!!

یادکاریان، تەنیا وەرکرتنی ژمارەی تلفۆنێك بوو. هەفتەی یەکێك، مانگێ دووانی تر، دوورکەوتنەوەو گووم بوون. جانتاو کۆنە پایسکل و پاشماوەی خواردەمەنی و جێگاو بالینگانیان بۆ یەکتری بەجێدەهێشت. دەرۆیشتن. بەگەرمی یەکتریان لەباوەش دەگرت، درۆیشتن. هەر کەسە بەدوا چارەنووسی خۆیدا دەرۆیشت..!!

***

لەو کەمپەدا بانهۆڤ و تونێلبان و پاسی نەرم و گەرمیان بینی.

لەو شوێنەدا، لەگەڵ سوتانی بەفرا، خۆیان بۆ هەموو شتە تامەزۆریەکان سوتاند. زۆر بۆ یادگارو بیرەوەرییەکانی تاڵ و شیرینا گریان.

لەو کەمپەدا زمانی بێگانەو چاوی بێگانەیان بینی، بینیان چاوی کیژە کۆسۆفیەکان وەك ژنەکانیان رەش و گەرمە ..!!

لەو کەمپەوە دەستیان بۆ کەلوپەلی سوپرمارکێتەکان بردو دزی فێربوون، وتیان: ماڵی نوێژنەکەرانەو خواردنیان حەلالە ..!!

لەو کەمپەوە زمان فێربوون، کیژیان جوانتر، کوڕیان قۆزتر، دەنگیان خۆشتربوو ..!!

حەیران فێربوون ..!!

لەگەڵ لاوکەکانا سوتان ..!!

سیاچەمانەی هەورەمانیان ناسی ..!!

دونیا گەڕان، جەوازی بە شکۆیان لەباخەڵ نا، سەربەستانە گەڕان، ترسیان نەما ..!! بوونە مرۆڤ و کەس و بنیادەمی راستەقینە، بوونە کەسی پلە یەك و نیو ..!!!!! لەپێشیانە ببنە مرۆڤی و کەسی پلە یەك ..!! پلە نایاب ..!!

چوونەوە،

نەچوونەوە.

پارەیان ناردەوە.

دەستیان درێژکرد.

شێتبوون.

www.kurdistanet.org

کیژی عازەب و نازدارو وریای خۆیان کوشت. ژنیان سەربڕی.

بەزمانی بێگانە کاری بەرزیان کرد،

چوونە ناو پەرلەمانەکانا.

چوونە ناو سالۆنەکانا.

دەنووسن.

دەخوێنن.

دەنێرن.

دەبەنەوە ..!!

لەو کەمپەوە، چەندین رۆمان نوسرا،

چەندین تابلۆ کێشرا،

زۆر میللەتانی جیهان ناسرا..!!

چاویان کرایەوە،

گوێیان کرایەوە،

رزگاریان بوو.

ناوی خۆیان کردیە کوردی، ناوەکانیان گۆڕی، ناوی کوردی جوانیان هەڵبژارد.

کەمپ یەکەم سەفارەتی کوردبووە،

یەکەم ڤیستڤال و بانك و بازرگانی و بیزنیس بووە ..!!

پێش ئەو کەمپە شارەزای کام ولات بوون، هەر ئێران و تورکیاو حجیان ناسیبوو، رێگای مەککە، خیوەتگاکانی زێوە و ئەهواز،

ئەسیری لە ئێران، داگیرکردنی خرمشهرو عبادان و ئاوی کاروان کێندەرێ تریان دیبوو،

بێجگە لە عەرەب و عەگال و خورماو حوشترەکەی،

لۆریەکانی گازو نەوتی تورکی و شەروالە شۆرەکانی چیپیان دیبوو. میسرییەکان، خۆیان و بروانامە مزەوەرەکانیان.

سسترە کوبایە برسی و قوون ئەستوورەکان، کێ تریان دیبوو.

www.Kurdistannet.org

میللەتی زۆر، زمانی زۆر لەو دونیایەدا هەیە،

کورە ئاغاو دەوڵەمەندانی شار دەچوونە دەرەوەو نەدەهاتنەوە ..!!

ئەوانەی دەچوونە روسیاو دەهاتنەوە درۆیان دەگێرایەوە، بەهەشتی مۆسکۆو جوانی بەفری سیبریایان دەگێرایەوە.

کێمان دیبوو ..؟؟!!

چیمان بیستبوو ...؟؟!!

ناوی پایتەختەکانمان لەبەرکردبوو و بەس،

شۆرشە سوورەکانمان دەناسی و بەس .!!

ناوی ژنە ئەکتەرەکانی هیندی و میسری و سەماکانمان بینیبوو.

لەو کەمپانەوە چوینەوە ناو جیهان،

چووینەوە کوردستانی گەورەو گچکەو ناوەراست و باکوورو باشوور و ........ زمانی کوردی و زاراوەی زازاو کوردی ئەنادۆلمان بیست،

زانیمان لە پەرلەمانەکانا چەند ژن پەرلەمانتارن،

دەریا چەند بەرین و مەندە،

بەفرو سەرما دەستەمۆکراوەو کاریگەری خراپی نیە.

سەدان جۆرە ماسی و گوڵ و ئاژەل هەیە.

ئاین، بوتە کەلتوورو شانازی پێوەدەکەن. بەژنی کەنیسە بۆ جوانی و بیناسازیی و پیرۆزییەو بەس ..!!؟؟

لەوێ فێربووین سەرۆك، مووچەو مانگانەی دیارە، دەستەلاتی بەسەر پارەو ..... سوپاو ... خاك و ..... بریارو ... نییە، هاوشان لەگەڵ میللەتا، بەیەکەوە بریاردەدەن. لەوێ زۆر زۆر شت فێربوین و فێر دەبین ..!!

کۆتایی